نهێنی و ڕاستییەکانی
ماسۆنیەت
لە پرسیار و وەڵامدا

نووسینی: منصور عبدالحکیم
وەرگێڕانی: ئەمین بەرزنجی

نهێنی و ڕاستییەکانی ماسۆنییەت

لە پرسیار و وەڵامدا

نووسینی

مەنصور عبدالحکیم

وەرگێڕانی

ئەمین بەرزنجی

پێناسی کتێب

ناوی کتێب: نهێنی و ڕاستییەکانی ماسۆنییەت لە پرسیار و وەڵامدا.

نووسینی: مەنصور عەبدولحەکیم.

وەرگێڕانی: ئەمین بەرزنجی.

پێداچوونەوەی: محەمەد محێدین.

نەخشەسازیی بەرگ: هیوا ڕەفعەت.

چاپخانە: چاپخانەی پەیوەند

تیراژ: ٢٠٠٠

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٥٩٦)ی ساڵی (٢٠١٤)ی پێ دراوە.

پێشکەشە بە:

- کوردانی سەر خاکەکەم.
- تۆی عاشقی ئایین و نیشتیمان و نەتەوە.
- ئەوانەی ئەیانەوێت لە ماسۆنییەت تێبگەن.

بسم الله الرحمن الرحيم

خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿ و يَمْكُرُونَ وَ يَمْكُرُ اللّهُ وَ اللّهُ خَيْرُ الْمَكرِينَ ﴾ [الانفال: ٣٠]

﴿ قُل هَلْ نُنَبِّئُكُم بِالأَخْسَرِينَ أَعْمالاً ● الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَوٰةِ
الدُّنْيَا وَ هُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا ﴾

[الكهف: ١٠٣ – ١٠٤]

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکیی نووسەر

ان الحمدلله وحده نحمده و نستعينه و نستهديه و نستغفره و نعوذ بالله من شرور أنفسنا و من سيئات أعمالنا، أنه من يهديه ألله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادية له. وأشهد أن لا إله إلا ألله وأن محمداً عبده ورسوله وصفية من خلقه وحبيبة حبرمن بلغ عن ربه، نشهد قد بلغ ألامانة ونصح ألامة وكشف ألله به ألغمة وتركنا على المحجة البيضاء لايزيغ عنها الا هالك، صلوات ربي وسلامه عليه وعلى اله وصحبيه وسلم تسليماً كثيراً، ثم أما بعد..

ماسۆنی ترسناکییەکە بۆسەر هەموو ئادەمیزاد و دەستی بە بلاوکردنەوەی ئەنجومەنەکانی کرد لە سەرانسەری جیهان بە چەندەها ناو و جۆرەها شێوە کە رووکەشییەکەی دڵنەرمی و بەخشندەییە و ڕاستییەکەیشی ئێش و ئازارە، هەرچەندە چەند کتێبێك دەرچووە دەربارەی ماسۆنی و ترسناکییەکانی، بەلام ماسۆنییەکان خۆیان تاریکیی ڕاگەیاندنیان زاڵکرد بەسەریدا کە وایان کردووە ترسناکییەکانی ماسۆنی کەس نەیزانێت جگە لە هەندێك نەبێت لە سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران.

هەروەها ئاهەنگی ماسۆنییەکان لەڕۆژی ٢٠١١/١١/١١ لە قەدپاڵی هەرەمی گەورە لە شاری جیزە لە میسر کە ورووژا، زۆربەی ئەوانەی کە هیچ شتێکیان نەئەزانی دەربارەی ماسۆنی ئەیان پرسی ماسۆنی چییە؟ چیان دەوێت؟ هەرچەند زنجیرە پەرتوکێکی «حکومەتی نهێنی جیهانی» مان دەرکرد کە هەمووی باس لە ماسۆنی و ترسناکیی بۆسەر جیهان دەکات، بەلام «دار الكتاب العربي» و خاوەنەکەی مامۆستا ولید ناصیف ویستی پەرتوکێکی سادەی گشتی لەسەر ترسناکییەکانی ماسۆنی دەربکات و منیش هەمان ویستم هەبوو کە لەسەر شێوەی پرسیار و وەلام بێت و هەموو ئەو باسانەی کە پەیوەستە بە ماسۆنییەتەوە بەپێناسەکانی و ئەنجومەنەکانی و ڕێکخستنەکانی و مێژووەکانی بگرێتەخۆ.

له ڕاستیدا ماسۆنییەکان هەیانە جولەکەن و شوێنکەوتەی گشت ئایینەکانی تێدایە و گشتیان خۆیان فرۆشت بە شەیتانی گەورە ئیبلیس و شەیتانی مرۆڤ مەسیحی دەجال و دامەزرێنەری ماسۆنی کە ئیشی بۆ دەکات و فەرمانڕەوایی جیهان دەکات. لەو چوارچێوەیەدا هەوڵ ئەدەین ئاسانیبکەینەوە بۆئەوەی زانیارییەکان بگاتە هەموو تەمەنەکان و کەسەکان. خوا سەرکەوتوومان بکات و ڕێنماییکارمان بێت لە ڕێگای خراپ، هەوڵمدا زانیارییەکان لە ڕێگای پرسیار و وەڵامدا بێت کە هەرچی پەیوەندی بە ماسۆنییەوە هەبێت و گرنگ بێت لای خوێنەر بخەینەڕوو.

داواکارین لە خودا کە یارمەتیدەرمان بێت لە دەرکردنی ئەم کتێبە و بیکاتە چاکە لە تەرازووی ڕۆژی دواییماندا و هەر خۆیشی دەسەڵاتدار و بە توانایە.

وصل اللهم و سلم و بارك على سيدنا محمد و اله وصحبه اجمعين.

ـ مەنصور عبدالحکیم ـ

١

ماسۆنی دروستکراوی جوولەکەی دەجالییە

- پێناسە و مێژووی ماسۆنیی جیهانی.
- کۆمەڵەی نورانی بنچینەی ماسۆنیی نوێیە.
- کێ دامەزرێنەری کۆمەڵەی نورانییەکانە.
- بەشەکان و پلەکانی ماسۆنی.
- گرنگترین بیروبۆچوونەکانی ماسۆنی.
- هیرۆدس ئەکریبا و ماسۆنی.
- کۆنترین لەبەرگیراوە (نسخە) کە تەمەنی هەزارەها ساڵە باس لە پێکهێنانی یەکەم شانەوی ئەنجومەنی ماسۆنی دەکات بە ناوی «هێزی نهێنی».

پێناسە و مێژووی ماسۆنییەت

پ١: هاوڕێیەکەم پێی گوتم کە ئەیەوێت دەربارەی فیکرەی ماسۆنییەت بزانێت، دیارە کە هەر یەکێک ئەیەوێت بزانێت دەربارەی ماسۆنییەت یەکەم پرسیاری ئەوەیە کە ماسۆنییەت چییە؟

وەڵام: بەسادەیی پێتان دەڵێم کە ماسۆنییەت ڕێکخراوێکی جیهانییە ئەم ناوەش لە زاراوەی ئینگلیزی (Free Maconer) هاتووە واتە تەلاری ئازاد، وشەی ماسۆن واتە تەلار یان سەندیکا، مەبەست لەمەش ئەوا کۆمەڵێک بیناساز هەڵدەستان بە دروستکردنی کۆشک و کەنیسە لە سەدەکانی کۆن لە ئەوروپا، ئەم کۆمەڵە کۆنە ناسرا بە ماسۆنیی کرداری، بەڵام ڕوویەڕووی لەناوچوون بوونەوە.

کاتێک کە کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیران هاتنە ناو ئەم کۆمەڵە لە سەدەی هەژدەیەمی زایینیدا ئەوانە بنچینەی ماسۆنیی ئێستان، ئەمەش واتا و مەبەستی وشەی ماسۆنە.

بەڵام پاشماوەی کۆمەڵەی ماسۆنیی کرداری ڕێباز و ئامەنگەکانی و هێماکەی هەر زاڵبوون بەسەر ماسۆنیی ڕامیاری و کردارییە جولەکەییەکە، و پەیکەری خەیاڵیی سوولەیمان بووە هێما و ئامانجی ماسۆنیی گەورە.

ڕێکخراوە ماسۆنییەکان لە ئەوروپا و ئەمەریکا و جیهان بە جۆرەها ناوی برایەتی ناسراوە وەك برایەتی خاچی پەمەیی و برایەتی کەللەسەر و ئێسقان و ڕۆتاری، و زۆرێك لە ناوەکانی تر..

شاهین مکاریوس دەگێڕێتەوە کە ئامادەبوون بۆ گۆڕینی ماسۆنیی کرداری بۆ ماسۆنیی هێمایی لە ساڵی ١٧١٧ لە (سان جان دیە) کە ئەم ئەنجومەنانە ناوی هێمایی

هاندەرانەیان هەیە وەك: قاز و تاج و دارسێو و کاسە و تری، ئەم چوار ئەنجومەنە ئەنجومەنی (قەدیس مار) سەرۆکایەتی دەکات کە ئێستا پێی دەوترێت ئەنجومەنی شوێنەوارە دێرینەکان.

بە کورتی و پوختی ناوی ماسۆنی لە کۆنەوە بەوە ناسراوە کە کۆمەڵەیەك یان سەندیکایەکی کرێکارانە بۆ هەر کەسێ کە پیشەی دروستکردنی کۆشك و کەنیسە بێت، هەر ئەمەش بوو کە لەدواتر پێی دەوترا ماسۆنیی کرداری، وە ئەم کۆمەڵەیە تەمان دوای ئەوەی کە کۆمەڵەی (نورانیین) دەستیان بە سەریداگرت لە سەدەی هەژدەهەمدا و لەوە بەدواوە بە ماسۆنیی هێمایی ناسرا.

هەروەها ئەم ماسۆنییە هێماییە بووە ڕێکخراوێکی جولەکەیی جیهانی و شارنەوەی ئامانجە راستەقینەکانی کە وێرانکاری و تیرۆرستی ڕێکخراو بە پتەوی، ئامانجە سەرەکیەکەی دەسبەسەراگرتنی هەموو جیهانە بەهۆی حکومەتێکی جولەکەی نهێنی کە مەسیحی دەجال سەرۆکایەتی دەکات خوا حەز کات دواتر باسی لێوە دەکەین.

****

پ۲: هاورێکەم پێی گوتم زۆر باشە بەڵام تۆ باسی نورانیینت کرد، لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە سەبارەت بە(نورانیین) کە بنچینەی ماسۆنی ئێستان؟

لە وەڵامدا گوتم: ماسۆنی جیهانی پیلانێکی جوولەکەیی زایۆنیزمیە رێکخراوە بۆ سەرجیهان و ئایینەکان بەمەبەستی بنیاتنانی رژێمێکی جیهانیی یەکگرتوو لەژێر فەرمانڕەوایی زایۆنیزمی جولەکە، و ناوبانگی دەرکرد بەشێوەیەکی رێك لە ساڵی ٤٣ ی زاینی، هەروەها بە «هێزی نهێنی» ناسراوە و ئامانجی بە گژداچوونی شوێنکەوتووانی حەزرەتی (مەسیح)ە بە لەناوبردنیان و نەهێشتنی بڵاوبوونەوەی ئایینەکەیان، ناوی ئەم رێکخستنەیش نرا (رۆڵەکانی بێوەژن).

لەدواییدا پیلانگێڕە جوولەکەکان دەرکەوتن لە ئەورووپا و دەستیانگرت بەسەر ئەورووپا بەهۆی کۆمەڵێك لە ئاڵوگۆڕکارەکانی دراو لە جوولەکەکان، پاشان هەر ئەوانیش خاوەن بانکەکان بوون و داوایانکرد لە دکتۆر ئادەم وایز هاویتی مەسیحیی ئەڵمانی ساڵی ۱۷۷۰ دوای ئەوەی لە ئایینی مەسیحی دەرچوو، کە دەستورێکیان بۆ دابنێت، ئەو کۆمەڵەیە ناونرا (نورانیین) ئاماژە بە شەیتان کە ڕووناکی هەڵگرتووە بەبۆچوونی ئەوان، ئامانجی سەرەکی ئەم کۆمەڵەیە ئەوەیە کە دەستبگرن بەسەر ئەورووپا و جیهان بەگشتی، و ئەنجوومەنی نورانی دامەزراند، گرنگترین ئامانجە ئاشکراکانیان کە (ئادەم وایز هاویت) دایناب‌وو ئەوەش کفرکردن بوو بە خودای تاك و تەنها و پێغەمبەرانی و پەرتووکە ئاسمانییەکان و هەموو غەیبەکان، و کارکردن بۆ لەناوبردنی گشت ئایینەکان و پیلانێك بۆ ڕووخانی گشت حکومەتەکان، بۆ ئامادەکاریی بانگەشەکردن بۆ حکومەتێکی یەکگرتووی جیهانی، فەرمانڕەوایی جیهان بکات بەسەرکردایەتی مەسیحی دەجال و پیاوەکانی لە جوولەکەی زایۆنیزم.

لە دوای ئاشکرابوونی پیلانەکانی نورانیین ساڵی (۱۷۷٦)ی زایینی لە بافاریای ئەڵمانیا فەرمان دەرچوو بۆ دواکەوتنیان کە بچنە ناو ڕێکخراوی ماسۆنی کرداری کەوا سەندیکای

کرێکارانی بیناساز و پیشەوەرانە وەك لەپێشدا باسمان لێکرد.

بەڵام پیلانەکانی نورانیەکان کاتێ دەرکەوت دوای ئەوەی دەستیانگرت بەسەر زۆربەی وڵاتەکانی ئەوروپا و زاڵبوون بەسەر سەرۆکایەتی دەسەڵات تیایدا، و کۆمەڵەی پیلانگێران ناوی ماسۆنی جیهانیان بەدستهێنا، و کەرەسەی ئەندازە و کەرەسەی تەلار بووە هێمایان و بەپیرۆزیان ڕاگرت و بەوەش دەناسرێن.

****

پ٣: ئایا کۆمەڵەی (نورانیین) تا ئێستایش هەن؟

وەڵام: بەڵێ تا ئێستاش هەن و پێشەوای گشت ڕێکخراو و ئەنجوومەنە ماسۆنییە جۆراوجۆرەکانن و هەر خۆیشیان بەڕێوەی دەبەن.

ئەم ڕێکخراوەیش بەترسناکترین ڕێکخراوی ماسۆنیی پیلان دارێژ لەسەر جیهان ئەژمێردرێت چونکە تەنها بەردەوام نابێت بەڕازیکردن و دروشمی درۆ وەك ماسۆنی بەڵکو کارەکانی ئەنجام ئەدات لەژێر دروشمی عیلمانییەت، و بەرزکردنەوەی دروشمی عیلمانی چارەسەرە.

و نورانییەکان ئەوانەن داوای عیلمانییەت دەکەن ئێستا جگە لە جولەکە دژی ئایینەکانی ترن بەگشتی و ئاینی ئیسلام بەتایبەتی.

نورانییەکان لە ئەوروپا و ئەمەریکا بەشەیتان پەرست ئەژمێردرێن گوایە کە خوایەکەیان هەڵگری ڕووناکییە، بەڵام لە وڵاتە عەرەبییەکان وا خۆیان نیشان نادەن کە دژی ئایینەکان بن.

پ٤: کێ دامەزرێنەری نورانییەکانە؟

وەڵام: لەپشت دەرکەوتنی ئەم ڕێکخراوە ترسناکە جوولەکە (ئاڵوگۆڕکارەکانی دراو)ن لە ئەوروپا لە سەدەی هەژدەیەمدا کە دەوری بانکیان دەبینی (صەیارفەکان)، و داوایان لە (ئادەم وایز هاوپت) (١٧٤٨- ١٨٣٠) کرد کە ڕێکخراوی نورانیین دابمەزرێنێت.

ئادەم وایز هاوپت هەستا بەدامەزراندنی ئەنجوومەنی نورانی لە (بافاریا) ئەڵمانیای ئێستا ساڵی ١٧٧٦ زایینی، ئەنجوومەنەکان بڵاوبوونەوە لە ئەوروپا و ئەندامی سەرکردەکانی ئەو وڵاتانەی لە خۆگرت و توانیان بپاچوونەوە بکەن بە پلەوپایە بەرزەکانی حکومەت.

لەدوای پیلانەکە کە ئادەم وایز هاوپت دایڕشتبوو لەلایەن حکومەتی بافاریا ئاشکرا کرا و دەسەڵاتداران هەستان بە داخستنی هەموو ئەنجوومەنەکانی نورانیین ساڵی ١٧٨٤ زایینی، و ئادەم وایز هاوپتی لە کەنیسە دەرکرد بەڵام چالاکییەکانی نورانیەکان بەردەوام بوو لە فەرەنسا لەسەر دەستی میرابوا وە دانتون.

****

پ٥: بیستمان کە دروشمی نورانیەکان ئەو دروشمەیە کە لەسەر یەک دۆلاری ئەمەریکی نەخشێنراوە، ئایا ڕاستە؟

وەڵام: بەڵێ دروشمی نورانیەکان هەرەمی ماسۆنیە کە لەسەرەوەی هەرەمەکە چاوێک تیشک دەداتەوە بەجیهان و لای خوارەوەی ئاوی دەریایە، ئەم دروشمە لەسەر یەک دۆلاری ئەمەریکی هەیە و مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەکەی لەسەرە.

پ٦: ئە وەهێمایانە چین کە لەسەر دروشمەکانی نورانی ماسۆنی و لەسەر یەک دۆلاری ئەمەریکیش هەن؟

وەڵام: دروشمەکانی ماسۆنی لەلای چەپی یەک دۆلاری ئەمەریکی هەیە و وشە و ژمارەی ماسۆنیشی لەسەرە، دروشمەکە لەناو بازنەیەکدایە لەخوار بازنەکەیش وشەی (TheGreatSeal) نووسراوە بەواتای مۆری گەورە، هەروەها هەرەمێکیش لەسەر شێوەی هەرەمی میسری لەناو بازنەکەدا هەیە و لەسەرەوەی هەرەمەکە چاوێك هەیە تیشك ئەداتەوە بەگشت لایەکدا ئەمەش ئاماژە بە چاوەکەی دەجال دەدات کە سیخوری ئەکات بەسەر جیهاندا و چاودێری هەموو شتێك دەکات، و لەژێر هەرەمەکە نووسراوە ڕژێمی جیهانیی نوێ (NovusOrdoseclarum).

لەژێر هەرەمەکەدا مێژووی یەکگرتنی نورانی و ماسۆنی جیهانی نوێیە لە یەك ڕێکخراودا نوسراوە یەکی ئاياری ساڵی ١٧٧٦ بەلاتینی (MPCCLXXV) ژوربەکالی.

هەروەها لەسەرەوەی هەرەمەکە دوو وشە نوسراوە (Coeptis Annuit) بەواتای ڕێبازەکەمان تەواوکرد ئەمەش ئاماژە بە یەکگرتنەوەی نورانیین و ماسۆنی دەدەن بۆ بەدەستهێنانی یەك حکومەتی جیهانی کە فەرمانڕەوایی هەموو جیهان بکات بەنوێنەرایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

هەرەم لەسەر دروشمەکانی ماسۆنی هێمایە بۆ قەڵای پارێزەر و بۆ جیهانی نهێنی وشاراوەکانی کە دەورەی ماسۆنی دەدەن، و هەروەها پەیوەندی دەجالە کە مەسیحی جوولەکەی چاوەڕوانکراوە بە شارستانییەتی میسری و فیرعەونییەکان و هەرەمەکانەوە.

بات روبر تسون – سەرۆکی ئوسولی برۆتستانتی لە ئەمەریکا – ئەڵێ ئەم دروشمەی سەر دۆلاری ئەمەریکی هیچ پەیوەندی بەئازادکردنی ئەمەریکاوە نییە چونکە ئەم درووشمە (ئادەم وایز هاویت) خاوەنیەتی وە دامەزرێنەری ڕێکخراوی شەیتانی نورانییە.

هەروەها ئەڵێ ئەو کەسەی دیزاینی بۆ دۆلاری ئەمەریکی دانا (تشارلز تومبسون) بوو کە ئەندامی کۆنگریس بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا ماسۆنی بوو، هەروەها (بیار هیبس)ی نووسەر لە کتێبەکەیدا ئەڵێ دۆلاری ئەمەریکی دراوێکی زایۆنیزمیە، و پاشای زایۆنیزم خۆی مۆری لە دراوەکەی داوە کە فەرمانڕەوایی هەموو جیهانی پێدەکات و مژدە دەدات بە ڕژێمە جیهانییە نوێیەکەی.

****

پ۷: ئەبیستین کە ماسۆنی چەند بەش و پلەی هەیە، چین ئەوانە؟

وەڵام: بەڵێ ماسۆنی سێ بەشی هەیە: ماسۆنی گشتی کە زۆربڵاوە و ناسراوە لەناو خەڵك، ئەم بەشە لە ٣٣ پلەی هێمایی پێك هاتووە و دروشمەکەیشی (سەربەستی و یەکسانی و برایەتییە) کە جوولەکە و کەسانیتر لەخۆدەگرێت.

لەناو ئەم بەشەی ماسۆنی ٣٣ پلە هەیە بۆ بەرزبوونەوەی ئەندام بەگوێرەی چالاکی و توانا و تێگەیشتنی بۆ ماسۆنییەت، بەشێوەیەك کە ماسۆنی ئەبێتە بڕوا و ئایین و دڵسۆزی. هەڵبژاردنی ئەندام لەم ماسۆنییەدا دوای بینینی ئاهەنگێکی دیاریکراوی شاراوەی بتپەرستی لە ئەنجوومەنی ماسۆنی و هەیکەلی ماسۆنی دەبێت، کە لەدوای ئەمەدا دەبێتە ماسۆنییەك لە پلەی یەکی ناشارەزا، هەروەها بەرزدەبێتەوە بۆ پلەی دۆستی پیشە یان هاوڕێ هەروەها بەنّنای گەورە یان مامۆستا و بەم شێوەیە.

هەروەها ماسۆنی پاشایەتی کە زۆربەی ئەندامەکانی جوولەکەن و پێیان دەوترێت هاوڕێیان، و ڕێگە نادرێت جگە لە جوولەکە بچێتە ناویان تەنها ئەوانە نەبێت کە گەیشتوونەتە پلە بەرزەکانی ماسۆنیی هێمایی.

بەشی سێیەم ماسۆنیی گەردوونییە، ئەم بەشە هەرە بەرزترینیانە و هەموو ئەندامەکانی لە جوولەکەیە، پێیان ئەوترێ داناکان و سەرۆکەکەیشیان پێی ئەوترێ دانای

گەورە کە سەرچاوەی فەرمانەکانە بۆ هەموو ئەنجومەنەکانی ماسۆنی کە هیچ کەس ئەندامەکان و سەنتەری چالاکییەکانی نازانێت.

ماسۆنییەت بەگشتی لای ساویلکەکان وایە کە کۆمەڵەیەکی ویژەیی ئەخلاقییە، خزمەتگوزارە بۆ کاری خێرخوازی، بەڵام لە ڕاستیدا دامەزراوەیەکی جوولەکەی زایۆنیزمییە، پلەکانی، فێرکاریەکانی و دروشمەکانی نهێنین کە بیرۆکەکانی لەناوبەرن بۆ هەموو کۆمەڵگەیەك و گشت ئایینەکان.

****

پ٨: ڕێگاکانی ماسۆنی لەسەر ئاستی جیهان چین؟

وەڵام: پێنج ڕێگا هەن بۆ ماسۆنییەت لەسەر ئاستی جیهانی کە چەند هۆکارێك هاوکاری بوون بۆ پێکهێنانی، لەوانە هۆکاری مێژوویی، کە یەکەم ئەنجومەنی ماسۆنی بەجوولەکەبووی هێمایی دامەزرا لە ئینگلتەرا، هەروەها پێنج ڕێگا ماسۆنییەکە ئەمانەن:

١. ڕێگای یۆرك: پێك دێت لە سێ پلە یەکەم دەسپێکەر، دووەم هاوڕێ و سێیەم مامۆستا، وە بەپلە بەرزەکان ناناسرێت و هەروەها پلەیەکی بەرزیان بۆ زیادکرد ئەوەیش ماسۆنیی بەڵێننامەی پاشایەتییە.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پلەکانی ماسۆنی لە ڕێگای یورك بووە دوانزە پلە کە چوار دەسەڵاتداری ماسۆنی سەرکردایەتی دەکەن.

٢ ـ ڕێگای ئیسکتلەندی کۆن :ئەم ڕێگایە لەفەرەنسا سەری هەڵدا کەزانیاریکانی وناوی پلەکانی بەفکرەی ئازاد تۆکمە کرا کە لەسەدەی هەژدەدا فەرەنسا سەرۆکایەتی دەکرد وە٣٣ پلەی هەیە بۆهەر پلەیەك فێرکارییەکی تایبەتی خۆی هەیە وەدابەش ئەبێ بە

سەر چوار بەشەوە کە ئەمانەن: ماسۆنی هێمایی شین وەماسۆنی سوور((سوڕچاك)) وەماسۆنی فەلسەفی ((رەش)) وەماسۆنی بەڕێوەبردن ((سپی)) .

٣ ــ ڕێگای فەڕەنسی نوێ: ئەم ڕێگایەش لەفەرەنسا سەری هەڵدا وەبەبەردەوامی بەرەوپێش دەچوو تاساڵی ١٨١٦ی زاینی ئەمەش لەڕێگای ئیسکتلەندی دەچێت . تەنها جیاوازی ئەوەیە کە زیاتر هاوچەرخیترە.

٤ ـ ڕێگای ئیسکتلەندی: ڕێگایەکی ماسۆنی مەسیحیە.

٥ ـ ڕێگای سویدی: لەسوید و نەرویج و دانیمارك بلاوە وە بنچینەکەی ((سوید بنرنج))ە وەلەچواربەش پێك دێت کە دوانزە بەش لە خۆدەگرێت کەتێکەڵەی ماسۆنی ئینگلیزی و ماسۆنی فەرەنسی یە.

****

پ٩: بۆچی پیلانگێرەکانی نورانیەکان تەنها کۆمەڵەی بیناسازەکانیان هەڵبژارد لەناو هەموو پیشەوەرەکانی تر؟

وەلام : زۆربە سادەیی ئەلێین: هەڵبژاردنی جولەکە ئالوگۆڕکارەکانی دزاو لە نورانیەکان بۆکۆمەڵەی بیناسازەکان لە ئەوروپا دوابەدوای ئاشکراکردنی نیەت و پیلانەکانیان بوو هەروەك باسمانکرد، لەبەرئەوەی ئیشوکاری ئەم کۆمەڵەیە بیناسازی بە بۆیەجولەکە ویستی چونیان بۆناو ئاینەکان لەژێرناوی بینای ئازاد دوربێ لەپەرۆشیان بۆئاینێکی دیاریکراو لەگەڵ بانگەشەی دروشمی فریودان کە ئەویش برایەتی یەکسانی وئازادیە، وەچەند ئامەنگێکیان زیاتکرد بۆی لە تەورات و ئاینەپتپەرستەکان لەگەڵ پارێزیکردنیان لە کەرەسەی کۆمەڵەی بیناسازەکان کە هێمایە بۆیان .

****

پ١٠: بەرزترین کەسایەتیەکان کێن کە هەوڵیاندا بۆدامەزراندنی فکرەی ماسۆنی لەکۆندا؟

وەڵام : هیرودوس ئەکریبا پاشایەك لەپاشاکانی ڕۆم ئەم فیکرەیەی دامەزراند بە هاوکاری دوو ڕاوێژکارە جولەکەکەی:

- حیرام ئابیود:جێگری سەرۆك. وە موئاب لامی: ڕازگری یەکەم، وە ئەوکۆمەڵە ناونرا خاوەن بیرۆکەی ((هێزی شاراوە)) کەخاوەن فیکرەی پیلانگێری بوون وەئامانجیان بەپەندکردنی نەساریەکانبوو وە لەناوبردن وڕاونان و قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی ئاینەکەیان.

لەکاتی دامەزراندنی ناونرابوو ((هێزی شاراوە)) وەلەچەندسەدەیەکەوە ناونراوەماسۆنیەت بۆئەوەی لەسەندیکای بیناسازانی ئازاد درووشمیان پێبدرێت تاکو لەوڕێگەیەوە ئیشی تیابکەن، وە ئەو ناوەیان پێوەلکێنرا کە ڕاستییەکەی نیە کەلەپێشدا باسمانکرد، وە ئەمە قۆناغی یەکەم بوو.

قۆناغی دووەمی ماسۆنی لەساڵی ١٧٧٠ زاینی دەستپێدەکات لەڕێگای ئادەم وایزهاوبتی مەسیحی ئەڵمانی کە لەئاینی مەسیحی دەرچوو وە بوبە لوتکەی ماسۆنی وەپیلانی نوێی بۆماسۆنی دانابەمەبەستی دەسبەسەراگرتنی بەسەرجیهان وەپرۆژەکەی لەساڵی ١٧٧٦زا تەواوبوو،وە لەم ماوەیەدا یەکەم ئەنجومەنی دانا بەناوی (ئەنجومەنی نورانی) هاوتا بۆشەیتان کەوا ئەیپە رستن .

وەتوانیان هەزارپیاو هەڵخەڵتێنن لەگەورەسیاسەت مەداران وڕۆشنبیران وەئەنجومەنێکی سەرەکی دامەزراند پێیان بەناوی ئنجومەنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، وەئەوسیاسەت مەدارانەی ملکەچکرد بۆ خزمەتکردنی ماسۆنی، وەدروشمی برقەداریان بڵاو ئەکردەوە بۆ شاردنەوەی ڕاستیەکانیان کە زۆرێك لە موسوڵمانیان لە خشتەبرد.

گرگترین کەسایەتیە سەرکردەکانی ماسۆنی:

- ((میرابو)) یەکێکە لەبەناوبانگترین سەرکردەی شۆڕشی فەرەنسا.

- مازینی ئیتالی کە کارەکانی گەڕاندەوە بۆ بنچینەکانی خۆی لەدوای مردنی وایز هاوپت

-

- ژەنەڕالی ئەمەریکی (ئەلبرت مایك) دوای تەواوکردنی سەربازی ڕق و کینەی ڕژاندە سەر گەلان لەڕێی ماسۆنیەوە وەپیلانی لەناوبردنی کردە بواری جێبەجێکردنەوە .

- (ولیوم بلوم) ی فەرەنسی کەڕاسپێردراوبوو بەبلاوکردنەوەی حەلاڵکردنی سێکسی وە کتێبێکی بلاوکردەوە بەناوی (هیچ شتێك لەهاوسەرگیریکردن خراپەکاریتر نیە).

- (کودێرلۆس) ی جولەکە خاوەنی کتابی ((پەیوەندیە ترسناکەکان)) .

- (ولاف ئەریدج) لەکۆنگرەیەکی ماسۆنی ڕایگەیاند لە ساڵی ١٨٦٥زا لەشاری ئەلبنش لەناوکۆمەڵێك قوتابی ئەڵمانی وئیسپانی و ڕوسی و ئینگلیزی و فەرەنسی ووتی: ((پێویستە مرۆڤ سەربکەوێت بەسەر خودا، وەجەنگی بۆڕاگەیەنێت وەبچێتە ناوئاسمانەکان وەپارچە پارچەیان بکات وەك کاغەز)) . — پەنا ئەگرم بەخودای بالا دەست — .

- ((ماتسینی جوزیبی)) ١٨٠٥ — ١٨٧٢زا .

وە هەروەها لە کەسایەتیەکانیان: جان جاك ڕۆسۆ و ڤۆلتێر (لە فەرەنسا) وە جرجی زێدان (لە میسر) وە کارل مارکس و ئنجلز (لە ڕوسیا) کە ئەم دوانەیان ماسۆنی پلە٢١ بوون وەسەر بە ئەنجومەنی ئینگلیزی بوون، وەلەو کەسانە بوون کە ماسۆنی نهێنیان بەڕێوە ئەبرد وەبەئەگبیری ئەم دوانە بەیانی بەناوبانگی شیوعی دەرچوو .

پ١١: گرنگترین بیروباوەری ماسۆنی چییە ؟

وەڵام: لە گرنگترین ئامنج وبیروباوەڕیان :

ـ باوەڕ نەکردن بە خواو پێغەمبەرەکانی وکتابەکانی وە بەهەموو غەیبەکان، کە ئەمانە هەموی بە قسەی پڕوپوچ وخرافیات دادەنێن.

ـ کارئەکەن بۆ لەتبونوهەڵگێڕانەوەی ئاینەکان.

ـ کارکردن بۆ ڕوخانی حکومەتی شەرعی وەلەناوبردنی وەلەناوبردنی ڕێکخراوی دەسەلاتی نیشتمانی لەوولاتە جۆراوجۆرەکان وەدەسگرتن بەسەریاندا .

ـ بەدروست دانانی جنسی وەبەکارهێنانی ژن وەك هۆیەکی دەس بەسەراگرتن .

ـ کارکردن بۆدابەشکردنی گەلان جگە لەجولەکە کە یەکتربەخراپ بزانن وە ململانێکردنی ناو یەکتری بەبەردەوامی .

ـ پڕ چەککردنی لاینەکان وبەرپاکردنی کارەسات لەناویان بۆبەگژاچونی یەکتری.

ـ بلاوکردنەوەی ژەهری دوبەرەکی لەناو وولاتێکدا و ژیاندنەوەی گیانی تیرەگەرایەتی وکەمەنەتەوایەتی ورەگەزپەرستی.

ـ ڕوخاندنی بنەمای ڕەوشت و ئاین و بیروبۆچون وبلاوکردنەوەی ئاژاوە وە حەلالکردنی تیرۆرکردن وبێبڕوایی.

ـ بەکارهێنانی بەرتیل بە سامان وجنس لەگەڵ هەموو کەس بەتایبەتی خاوەن پلەوپایەهەستیرەکان بۆ پەیوەندیکردن پێیانەوە بۆخزمەتکردنی ماسۆنی.

ـ هەرکەسێ بکەوێتە داوەکانیانەوە چواردەری ئەدەن لەهەموولایەکەوە، بۆئەوەی بەچاکی کۆنترۆلی بکەن وە چۆنیانبوێ بەوشێوەیە ئاراستەی بکەن وەهەموو

فەرمانەکانیان جێبەجێ بکات وەك بچوکێکیان.

ـ ئەو کەسەی ئەیەوێت بچێتە ناویانەوە مەرجی بۆدائەنێن کەئەبێ دووربێت لە هەموو پەیوەندیەکی ئاینی و رەوشت ونیشتیمانی وەهەموو دڵسۆزییەکی تەنها بۆ ماسۆنی بێت.

ـ ئەگەر ئەو کەسە لارییەك یان سەرپێچیکردنێکی کرد پەندێکی واگەورەی بۆ هەڵبەستن کە ئامانجەکەی کوشتن بێت.

ـ سوود لەهەرکەسێ وەربگرن و پێویستیان پێنەما کارێك ئەکەن بۆلەناوبردنی بەهەرهۆیەك بێت.

ـ کارکردن بۆ دەسبەسەراگرتن بەسەر هەموو سەرۆك وولاتەکان بۆزامنکردنی جێبەجێکردنی ئامانجە وێرانکارە کانیان.

ـ کۆنترۆڵکردنی کەسەباڵادەستەکان لەهەموو بوارەکاندا بۆئەوەی کارەکانیان بەچاکی بڕوات.

ـ کۆنترۆڵکردنی ئامێرەکانی پڕوپاگەندەو ڕۆژنامەو چاپ وڕاگەیاندنەکانوەبەکارهێنانی وەك چەکێکی چالاکی لەناوبەری کوشندە.

ـ بڵاوکردنەوەی هەواڵی جوراوجۆرو بێبنەماو ئاشوبەی درۆ ، هەتاوادەرکەوێت کەڕاستە بۆئەوەی هۆشی جەماوەلر بکۆڕن و ڕاستیەکان لەناویان بسرنەوە.

ـ نوغرۆکردنی گەنجانی کوڕان و کچان لەخراپەکاری وە ئامادەکردنی هۆکارەکان بۆیان وەکاری سیکسی لەگەڵ (مەحرەمدا) بە گونجاو دانا وەنابوتکردنی پەیوەندی هاوسەرگیری وەلەناوبردنی پێکەوەبەستنی خێزان.

ـ بانگێشتکردن بۆ ڕاگرتنی منداڵبونی ئارەزومەندانە و دیاریکردنی ڕەگەز لەلایەن موسڵمانانەوە.

ـــ کـۆنترۆڵکردنی ڕێکخـراوه نێونتەوەییـەکان بەسـەرۆکایەتی یـەکێك لەماسـۆنییەکان وەکرێکخـراوی وولاّتەیـەکرتووەکان لەپـەروەردەو زانست و رۆشـنبیری و ڕێکخراوەکـانی چاودێری نێونەتەوەیی،وەڕێکخراوی قوتابیانو لاوان لە جیهاندا.

****

پ١٢: ئەندامی نویّ چۆن لە ئەنجومەنی ماسۆنی وەردەگیرێت ؟

وەلاّم: ئەنـدامی نـویّ لەکەشـێکی سـامناك و ترسـناك و نـامۆ وەردەگیرێـت ،بەچـاو بەستراوی ئەبردرێت بۆلای سـەرۆك ، دوای ئـەوەی سـوێندی خـوارد کـەنهێنیان بپارێزێـت چاوی ئەکەنەوەو سەرسام ئەبێت بە بینینـی شمشـێر لەسـەر گـەردنی ڕاگیراوە وەکتـابی پەیمانی کۆنیش لەبەردەستی دانـدراوە وەلەژوورێکدایـە کـەمێك تاریکـە کەللەسـەری مـرۆڤ وکەرەستەکانی ئەندازەیی کەلەدار دروستکراوە لەوژوورەدایە، ئەمانە هەموی بۆترساندنی ئەندامی نوێیە .

وەهەرکێیـەك پەیوەنـدیان پێـوە بکـات مـەرجیان ئەوەیـە کەئـەبێت وازبهێنێـت لـە هەرپەیوەندیـەکی ئـاینی ونیشـتیمانی و تـایفی ،وە ئەمـەش کەهـەنیّ مێـژوونوس ئـەڵێن: ((ئـامێری ڕاو بەدەسـتی جولەکەیـە وەململانێـی پێئەکـەن سـەرۆك کۆمەڵـەکان وەلـەم ڕێگایەوە ڕۆڵەو گەلانی نەزانی پێهەڵئەخەڵەتێنن)) .

ڕاستیەکانی ماسۆنی دەرناکەوێت بۆ شوێن کەوتوانی تەنها بە بەرزبەنـەوەی پلـەکانی نەبێت وەپلەکانیش ٣٣پلەیە.

هـەموو ماسـۆنیەك لەجیهانـدا پرگـالێکی بچـوك وگۆشـەیەك هەڵـدەگرن لەبەرئـەوەی دروشمی ماسۆنیە لەوکاتەوەی کە سلیمان سەلامی خوای لێبێت بینای هیکەلی پیرۆزی لـە قودس پێبنیاتناوە .

ماسۆنیەکان ووشەی((ئەندازیاری گەورەی گەردوون)) زۆر ئەڵێنەوە کە مەنێکەس واتێدەگەن مەبەستیان خودای تاك وتەنهایە،بەلام لەڕاستیدا مەبەستیان ((حیراما)) یە کە گوایە ئەندازیاری مەیکەلە وەئەوەش گەردونە بەبۆچونی ئەوان.

****

پ١٢: هیردوس ئەکریبا کێیە؟ وەپەیوەندی بەماسۆنیەوەچییە ؟

وەلام: دامەزرێنەری کۆمەڵەی هێزە شاراوەکانە کەوا یەکێکە لەناوەکانی ماسۆنی یان قۆناغی یەکەم لەماسۆنیەت دوای ساڵی ٤٣ی‌زا کاتێك کەرێکخراوێکی نهێنی شەیتانی دامەزراند بۆبەرەنگاربونەوەی نەسرانیەکان لەسەر دەستی پاشای ڕۆمانی هیرودوس ئەکریبا (کەلەساڵی٤٤زا کۆچی دوایی کرد) بەیارمەتی هەردوو ڕاوێژکارە جولەکەفەرەنسیەکەی (حیران و لامی) وەحەوتیتریش لەشوێنەوارناسەکانی فەرەنسی .

وەدابەشبوونی مەیکەلی ئەوکاتەبەمشێوەیەبوو :

١ـ پاشای ڕۆمانی هیرودوس ئەکریبا:(سەرۆك).

٢ـ ڕاوێژکارەجولەکەکەی حیران ئابیود: (جێگری سەرۆك)،کەخاوەنی بیرۆکەی هێزی شاراوەو پێشنیاری ناوی ((هێزی نهێنی)) بوو(The Mysteyious Force) وەئەمەش ناوی کۆی ماسۆنی بووکەوا گۆردرا لەدوایدا کەجۆرێکە لە هەڵخەڵە تاندن و ساختەکردن

٣ ـ ڕاوێژکارێکی تری جولەکە موئاب لامی:(ڕازگری یەکەم) کە کەسی سێیەمە لەو سیانەی کەپێشنیاری دروستبوونی (جموجولیان) کردبوو.

٤ ـ موئاب لیفی .

٥ ـ ئادۆ نیرام کوڕی ئەبدا: لێپرسراوی باج بوو، کە ئیسرائیلیەکان ڕەجمیانکرد بەبەرد لە ئیسرائیل کە پاشا (ریهو بوام) کردیەبان عارە بانەیەك وەبەخێرایی گەیاندیە وولاتی یەهودا.

٧ ـ یەعقوب ئابدون.

٨ ـ ئانتیباس.

٩ ـ سولمون ئابیدون.

١٠ ـ ئاشاد ئابیا.

****

پ١٤ : کۆنترین بەڵگە چیە کەلەسەر ماسۆنی بدوێت ؟

و : هیرودس جولەکە نەبوو بەڵکو پت پەرستبوو بۆ بەرژەوەندی وایبەباشزانی نەسرانیەکان لەناوببات کەوای دانابوو ترسناکە لەسەرپاشای ڕۆمانی پت پەرست.

ئەم بۆچونەی کۆتایش بەپێی ئەو زانیاریانەی سەدەی چواردەیەمی زاینی پێمان گەیشتووە، کەبەڵگەنامەیەکی دەگمەن دەرکەوت مێژوی دروستبونی ماسۆنی دیاریدەکات.

ـ وەلە بەناوبانگترین باسی ئەم بەڵگە نامەیە ((ولیەم غای کار)) لەکتابە زۆر بەناوبانگەکەی (أحجار علی رقعه‌الشگرنج) (بەردەکان لەسەر تەختەی شەترەنج).

ـ هەروەك باسکرا((مایکل هاوارد)) لەکتابەکەی (پارێزگاری نهێنیەکان لە کاتی ساڵکانی ٥٠٠٠ ی ڕابردوو) .

هەردوو نووسەر باسیان لەوەکردووە کە ئەم بەڵگەنامەیە ووتاری نهێنیی لەکۆبونەوەکانی ماسۆنی لەسەرەتاوە تاکو سەدەی بیستەم ، وەئەمەش تاکی سەرچاوەیە کە باس لەسەرەتای ماسۆنی دەکات.

هەردوو نوسەرەکە پشتیان بەستووە بەدەقی بەڵگەنامەیەك کە پێکهاتووە لە دەستنوسێك کە بەعیبری نووسراوە، یەکێك لە نەوەکانی میراتگرانی دامەزرێنەری ماسۆنی بۆیماوەتەوە ، کەوردەکاری کۆبونەوەکانی دامەزرێنەرە سەرەکیەکانی ماسۆنیەکانە لەساڵی ٤٣زا ، بەلاَم بەنرخێکی زۆرگران فرۆشتویەتی بەیەکێ لەسەرکردەکانی بەڕازیل وە لەدوایێ ماوەیەك بلأوکرایەوەو قسەو باسی لەسەر کراوەو مشیکاری بۆکراوە ...وەدڵنیابوون لەوەی کە بەڵگەنامەیەکە تەمەنی هەزارەها ساڵە.

غای کار پشتی بەستووە بە وەرگێڕدراوی ئینگلیزی لەدەستنووسە سەرەکیەکەی کەبەزمانی عیبری نووسرابوو لەسەر مێژووی ماسۆنی کە هەموو دامەزرێنەرەکانی لە جوولەکەبوو. وەئەم بەڵگەنامەیە گواسترایەوە لەتۆدامەزرێنەرەکە تەنها بۆئەوانەی کەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەبووە بەدامەزرێنەرەکانەوە.

ـ چیرۆکەکە ئەڵێت: یەکێك لەکۆپیە ئەسڵیەکە لەبەڵگەنامەکە گواسترایەوە لەمۆئاب لیفی‌عیەکێکەلەدامەزرێنەران بۆجۆزێف لیفی لەسەدەی حەڤدەیەمدا، بەلاَم لێی دزرا لەلایەن (دیساجلیرن) دامەزرێنەری ماسۆنی نوێ.

ـ دوای ئەوەی (لیفی) تیرۆرکرا لەلایەن دیساجلیرن. کوری جۆزێف ئابراهام لیفی مرد لەدوای دووساڵ لەهاوسەرگیریەتی لەگەڵ ئیستر. ئیستر سەرلەنوێ شویکردەوە بە(ئابراهام ئابیود) کە ئەچێتەوە سەر وەچەی حیرام ئابیود(دامەزرێنەری ڕاستەقینەی کۆمەڵەی ماسۆنی کۆن) بەپلەی یەکەم. ئابراهام ئابیود کۆپیەکی تری هەبوو لەدەستنوسە سەرەکیەکە. کچەتاقانەکەیان،هەروەها ئیستەر، کەشویکرد بە سمئویل لوڕانس

ـ کوڕەکەیان جوناس لۆرانس کوڕێکی هەبوناوی سموئیل بوو لەژنی یەکەمی ،بەلام لەدوایدا ژنێکی هێنا بەناوی جانیت کە پروستانتی مەسیحی بوو. ئەم دەستووسە تەنهایە گەیشتە دەست جوناس کەحەزی خۆی دەربڕی بۆبلاوکردنەوەی. بەلام جوناس تیرۆرکرا لەبەرئەوەی بوو بەمەسیحی وەبەدەستهێنانی بە ناپاسایی لەمێژوودا لەبەرئەوەی نزیك نەبوو یان ڕاستەوخۆ ناچێتەوە سەر ڕەچەڵەکی لیفی .

ـ وەسیتەکەی جۆناس بەجێنەهێنرا هەتا کاتی کورەزاگەورەکەی لورانس لەدلیك بووی سالی ۱۸٦۸زا کەپروستانتی بوو، وەهەستا بەوەرگێڕانی بەڵگە نامەکە لەزمانی عیبرییەوە بۆزمانی ئینگلیزی ،وەبلاوکردنەوەی لە پەرتوکێك بەناوی (ڕەوڵندنەوەی تاریکی، بنچینەی ماسۆنیەتە) وەئەم ڕستەیەش لەکۆتایی پەرتوکەکەدلیە: (بەڕێز لورانس ـ ئەوەی کۆتا بۆ خاوەن مێژوو دەستوسی عیبری)

وەئەمەش دەقی بەشێکی گرنگە لە بەڵگە نامەکە:

لەساڵی ٤٣زا پاشا هیرود ئاگریبا ئەندامانی دادگای قودسی بانگکرد

- پاشا هیرود ئاگریبا.
- بە پێشنیاز کردنی حیرام ئابیود.
- بەڕەزامەندی موئاب لیڤی.
- ئادونیرام.
- جوهانان.
- یەعقوب ئابدون.
- ئانتیباس.

. سولومون ئابیزێن.

. ئاشاد ئابیا.

وتی :

برایانی ئازیز ئێوه نەپیاوی پاشان و نەیاریدەدەری ، بەڵکو ئێوه کۆڵەگەن بۆپاشارگەلی جولەکە، تائێستا شوێنکەوتوی دڵسۆزن، بەلاّم لەئێستاوە ئەبنە برا .

ـ باهەموومان تێبگەین وەهەروەها باهەموومان لەبیرمان نەچێ ئەم کۆبونەوه زێڕینە بۆئەم کۆمەڵە نوێیە لەسەربرایەتی دروستبووە .

ـ براکانم، چینی ئەرستۆکراسی (چینی دەوڵەمەند) وەهەروەها چینی گشتی شۆڕشیگیانی و ڕامیاری هەبستی بەوەکردووە کە هۆی دەرکەوتنی (یەسوع) ە لەناو خەڵکیدا ، بەتایبەتی لەناو ئێمەی جولەکە.

ـ هێزێکی گەورەمان تیابەدیکرد، کە بەخشییان بەو کۆمەڵەیە کەناویانلێنا قوتابی. کۆمەڵەیەکیان پێکهێنا بەناوی ئاین هەروەها بەهۆی ئەوانەوە ناونرا. ئەم ئاینە سەپێنراوە لەدوای هەنگاوێکەوەیە لەناوجەرگەی دامەزراندنی ئاینە کەمان وەلەناوبردنی .

ـ بەهرەی پێغەمبەرایەتی وتوانای موعجیزەی خستە پاڵ خۆی. بانگەشەی مەسیحی چاوەروانکراوی بۆخۆیکرد کەپێغەمبەرەکانمان باسی هاتنیان ئەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها پیاوێکی ئاساییە وەکوخەڵکانی تر، دورن لە هەرنیشانەیەك لە ڕوحی خودایی، وەگەڕاندنەوە بۆ ئەوپەڕی دووری ڕاگرتنی بیروباوەڕی جولەکایەتیمان کەئێمە سوورین لەسەر نەکشانەوەمان تەنانەت لەسەر خاڵێکیش.

ـ هەرگیز دان نانێین بەکەسێکی وەك مەسیح........، ئەزانین کە مەسیحی چاوەروانکراو ڕون نەبووەتەوە لەناومان، وەهیچ نیشانەیەك نابینین کە هاتنی بسەلمێنێت. کەواتە

هەڵمانکرد کەڕێگەماندا بەگەلەکەمان کەدوای کەون وە هەڵخەڵەتێن، ئیدانەی خۆمان ئەکەین بەتاوانێکی کارەساتبار.

ـ ((... لەخاچماندا، مرد وەناشتمان، وەپاسەوانمان بۆدانا بۆئەوەی پاسەوانی گۆڕەکەی بکەن. بەڵام بانگەشەیان کرد کە بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان وە جارێکیکە زیندوئەکرێتەوە سەرلەنوێ، !...دیارنەما بەڕێگایەکی نادیار، سەرەڕای بەئاگابونێکی زۆر وبەپەرۆشەوە وسەرەڕای داخستنێکی چاکو نهێنیەکی تەواو.

ـ نەمانی لەناوگۆڕ، ئەی هاوڕێیان، گورزێکی کوشندەبولە رکابەرەکەی وە هاندانێکی بەهێز بوو بۆهاندانی قوتابیەکانی و شوێنکەوتوانی، وەبەبەردەوامی لە بڵاوکردنەوەی فێرکاریەکانی وەبیسەلمێنێ لە دڵنیایی خواپەرستیەکەی...

ـ هەرچۆنێك بێت، ئێمە دان بەهیچ ئاینێکی تر نانێین جگە لەئاینەکەی خۆمان، ئاینی جولەکە کە لەباووباپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە. ئەرك پێمان دەڵێ کەبیپارێزین تادواسات.

ـ[ئەم خورپەیە چاوەڕوان نەدەکرا هەرگیز. ئەم هێزە نادیارە کەس نەبوو خەونی پێوە ببینێ، هێرشیان کرد وە بەردەوام ئەبین لەهێرشکردن، سەرەرای هەموو شتێك، سەرسوڕهێنەرە !زۆری ژمارەیان . لەگەڵما سەرنج بدەن چۆن کوڕ لەباوك جیادەبێتەوە، برالەبرای، کچ لەدایکی، هەمویان خۆیان بەختکرد بۆ پەیوەندیکردن بەم کۆمەڵیە. نهێنیەکی گەورە چواردەوری ئەم فەرمانەی داوە. چەندە لەپیاوەکان، چەندە لە ژنان، چەندە لە خێزان بەتەواوەتی وازیان لەئاینی جولەکە هێنا تاوەکو دوای ئەوفێڵبازانە بکەون، ئەوانەی سەر بە یەسوع بوون. چەندجار هەڕەشەیان لێکرا لەلایەن قەشەکان و دەسەڵاتەوە، بەڵام بێ سوودبوو]. ((تبديد الضلام: اصل الماسونية ـ لورانس لورانس ، صفحة ٥ـ ١٧)) .

لەسەرەتادا ناوی ماسۆنی کۆن ((هێزی شاراوە)) بوو، وە:

• حیرام ئابیود، ڕاوێژکاری پاشا کە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ماسۆنی کۆن بوو وەئەویش پێشنیاری ناوی کۆمەڵەی نهێنی کرد بەگوێرەی ئەم بەڵگەنامەیە، وە ئەمەش هۆیەکەی بوو:

• ((... وادیارە لێرە دەستێك هەبێت، هێزێك، نهێنییەك، شاراوەیەك، کەواسزامان دەدات بەبێ ئەوەی توانای بەرگریمان هەبێت. وادیارە ئێمە هەموو هێزێکمان لەدەس داوە بۆبەرگریکردن لەئاینەکەمان وەخودی بونیشمان .

• بەڕێزتان، لەسەر ئەوبەڵگەیەی کە هیچ هۆیەکی چالاك نیە بۆپێشخستنی بیروباوەڕمان، وەهیچ هیوایەکی چەسپاو نیە بۆ هێرشکردنە سەر ئەو هێزە، کە بەدڵنیاییەوە شاراوەیە، وەلەو کاتەدا هیچ سوێندێکیتر نەبوو جگەلەدروستکردنی هێزێکی شاراوە، هاوشێوە بەوەی (بەرەنگاربونەوەی لوغز بەلوغز) وەگەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەرکی سەپێنراومانە، جگە لەوەی ئەگەر هاتوو بیرۆکەیەکی چاکترت هەبێ، بۆدامەزراندنی کۆمەڵەیەك کە کاریگەریەکی گەورەتری هەبێت کەهێزی جولەکەکۆپکاتەوە بەو هێزە نهێنیە. واچاکترە کەکەس هیچ شتێك نەزانێ دەربارەی ئەم کۆمەڵەیە، بیروباوەڕو کردارەکانی. تەنها ئەوانەی کە بەڕێزتان هەڵیئەبژێرن کەدامەزرێنەرن، تەنها ئەوانە ئەزانن نهێنی دامەزراوەکە.

سوێندی ترسناك بۆ ئەندامان:

پێویستبوو لەسەر نۆ دامەزرێنەرەکە سوێند بخۆن سوێندێکی بەسام ئەمەش سوێندەکە بوو:

(من، فلانی کوری فلانم) سوێند ئەخۆم بەخودا، بەکتابی پیرۆز وە بەشەرەفم، بووم بەئەندام لەنۆ دامەزرێنەرەکەی کۆمەڵەی، هێزی نهێنی، پابەند ئەبم بەوەی کە ناپاکی

بەوەی دەرنەچم لەرا ئەندامەکان لەهیچ شتێك کەزیانیان پێبگەیەنێت، وەهیچ ناپاکیەك بەوەی دەرنەچم لەڕارەکانی کۆمەڵە، پابەندئەبم کەبەپێی بنەماکانی بڕۆم، وە بەچاکی [illegible] ڕێپێشکەوتووەکانمان، بۆ دامەزرێنەرەکە. بەگوێڕایەڵی وبەوردی، بەچێژو ڕەزامەندییەوە. پابەند ئەبم بەوەی کە کاربکەم بۆزیادکردنی ئەندامانی. پابەند ئەبم بەوەی بەردەوام گەڕانی هەرکەسێك ببم کەدوای ڕێنماییەکانی یەسوعی دەجال بکەوێت وەبۆ ڕاوەدونانی شوێنکەوتوانی هەتاکو مردن. پابەند ئەبم بەوەی کەهیچ نهێنییەك نەدرکێنم لەو نهێنیانەی لە نێوانمان پارێزراوە. ئێمە تۆکەسێن: نەلەنێوان ئەوانەی دێنە ناومان وەنە لە نێوان ئەو ئەندامانەی لە ناوماندان.

ئەگەر ئەم سوێندەم بەدرۆ خوارد وەناپاکیم کرد لەئاشکراکردنی هەر نهێنییەك یان هەرگەڕەفێك لە دەفەکانی یاسا پارێزراوەکان کە پارێزراوە لەنێوانمان وە نێوان هێگروەکانمان: ئەوا لەلایەن لیژنە هەشت کەسیەکە هەموو مافێکیان هەیە کە بمکوژن بەهەر شێوەیەکی گونجاو.

واتای ئامێر و هێماکانی ماسۆنی:

ئەگرەبای پاشا باسی ئامێرو هێماکانی کرد کە ماسۆنیەکان بەکاریان هێناوە:

ئەزانن ئێستا پێویستە لەسەر ئێمە کە هەموان واتێبگەیەنین کە کۆمەڵەکەمان زۆر کۆنە...ئەم فێڵە دڵنیادەکەینەوە بە بەکارهێنانی ئامێرەکانی بیناسازی کە(هیرام) بەکاریهێناوە ئەندازیاریبیناسازی لە بینای (هیکەلی سلێمان)، وەك گۆشە، قیبلەنوما، قازمەتەرازوو: چەکوش...هتد، هەموو ئەو شتانەی کە لەدار دروستکراوە کە(هیرام ئەبیف) هەیبوو: هەموو کۆبونەوەیەك بەلێدانی سێجار لەسەریەك بەم چەکوشە دەستپێدەکات لەبەرئەمەش تاکوتا هەریادی دەکەینەوە لەسەدەکانی داهاتودا، ئێمە

لەهاچماندا، وەبەم چەکوشە برمارمان لەدەست و قاچەکانی داکوتی، وەکو لەسەر
ئەستێرەی سێ نیشك ئامازە بەسێ بزمارەکە دەدات.

وەلەناو کومەڵەکەمان پلەبەندی ئەنجام ئەدەین ، هەروەکو پێشوتر باسمان کرد
کە(٣٣) پلەیە، کە ئامازە یە بۆ تەمەنی دەجال (مەبەستی مەسیحە سەلامی خوای
لێبێت). وە هەر پلەیەك ناوێکی لێدەنێین وە هێمای هاوشێوەی تر دروست دەکەین ئەم
شتانە هەموی بیرۆکەی خۆمو بیرۆکەی براکانم موئاب و هیرام بوو. واتای ئەم هێمایانە
نابێت هەرگیز بزانرێت، ئەبێ تەنها لەناو هەرزۆمان بمێنێتەوە. وەسەبارەت بەبرایانی
دیکەو ئەندامانی سەر بە کومەڵەکەمان ڕوانینیان بۆ ئەم پێداویستی و کەرەستانە بەپێی
بۆبڕوابونیان کەکومەڵەکەمان لەسەردەمی (سلێمان) یان پێشتر دامەزراوە. بۆهەربرایەکی
ترمەیە پێشنیازی هێمایەکی نوێ بکات.

بیر لەچی ئەکەنەوەو تێبینی چی ئەکەن برایان سەبارەت بەوەی پێشکەشتانم کرد؟

شەش پیاوەکە ڕازیبون بەبێ ڕەخنە گرتن، وەهەموو شتێك تۆمارکرا. (لە دەستووری
سەرەکی: شەش پیاوو سێ پێشنیازکار: پاشا، موئاب، هیرام).

هەروەها پاشا وتی: دەبا دڵخۆش بین! دەبا سێجار ئەم چەکوشە سەرکەوتنەوە
بوەشێنین، بەهێمای مردن بۆ دەجالی دوژمنمان،هێمای دامەزراندنی ئامانجە بەڕێزەکەمان
کە بە بزماری برایەتی و یەکگرتن چاکسازی دەکەین! دەبا هەموومان بەخۆشییەوە
هاواربکەین: بۆپێشەوە بۆ سەرکەوتن!

لەکاتی دانیشتنی یەکەم، نۆ دامەزرێنەکە هێمایەکی نوێیان درووستکرد بۆپاراستنی
جل و بەرگ لەقوڕ. ئەمەو لەگەڵ گشت ئامێرەکانی ماسۆنی هەمووی ئامانجە بۆ
شاردنەوەی مەبەستی ڕاستەقینەیەو دڵنیابوونەوەیەکی (ساختەیە) کەئەم کۆمەڵیە
ئەگەڕێتەوە بۆسەدەکانی کۆن.

پاشای سەرۆك ووتی: من لەگەڵ دەسەڵاتەکەمدام وەك سەرۆك ئەوان وەکپاشا، پلەی (٣٣)م بەخشی بە هەر یەکێك لەئێوە، بەرزترین پلە لەکۆمەڵەکەمان لەوکاتەوەی میرلسی برلمان بنیاوك ئەبێت لە منداڵیەوە، وەمەبەستم کەس هەکە لە دایك بێوەژنەکەی، دلواکارم کۆمەڵەکەمان بەناوی بێوەژن ناوبەرین، وەداواکارم رەزامەندیی لە ئێستا بەدواوە ناوی دامەزرێنەران ئەبێتە ڕۆڵەکانی بێوەژن وەهەر ئەندامێکی کۆمەڵەکەش بە کوڕی بێوەژن ناوئەبرێ تا کۆتایی ڕۆژگار.

ئەم بەڵگە نامەیە لە دەنگی ماسۆنیەت و لەئەوەی ئەو دامەزرێنەرانەوە دەرچووە، بەڵام لێرەدا کێ گومانی هەبێ لەراستی یەکەی، وە ئەتوانێ چەند پەنەیەکی ماسۆنیەکی بخوێنینەوە لە پوختەی بەڵگەنامەکە.



هێمای ماسۆنی لەسەر یەك دۆلاری ئەمەریکەی

تەرخانکردنی ئەندامی نوێ لەماسۆنی و کۆمەڵەی هێزی شاراوە

هیرۆدۆسی دووەم ئەگریپا دامەزرێنەری

هێزی نهێنی

٢

ماسۆنی جیهانی و زایۆنیزمی جیهانی

- ماسۆنی جیهانی چی یە؟

- ئامانجەکانی زایۆنیزمی جیهانی چی یە؟

- پەیوەندی زایۆنیزم بە ماسۆنیەوە چی یە؟

- جیاوازی نێوان زایۆنیزمی جیهانی نوێ و رێکخراوەکانی ماسۆنی.

زایۆنیزمی جیهانی و پیوەندی بە ماسۆنیەوە:

پ١٥: هاورێکەم پێی ووتم: هەرچەندە ماسۆنی ئێستا بە جولەکە کراوە و ئامادەی جولەکەیی بەسترلو بە زایۆنیزمەوە. ئەمانەویێ شارەزای زایۆنیزمی جیهانی بین ؟

پێم گوت: زایۆنیزمی جیهانی ڕێکخراوێکی جولەکەی جێبەجێکەرە کاری سەرەکی جێبەجێکردنی پیلانە کانی جولەکەی دەججالە بۆ گێڕانەوەی وولاتی بەنی ئیسرائیل کەلەسەر دەستی پاشای بابلی ((نەبو خوز نەسر)) لە ناوچوو لەپێش زاینی وەبنیاد نانەوەی هەیکەل سولێمان کە دووجار وێرانکرا؛ یەکەمیان لەسەر دەستی پاشای بابل نەبو خوز نەسر پێش زاینی وە جارێکیتر سالی ٧٠ی زاینی لەسەر دەستی ڕۆمانی((تیتس)) وە ئامانجی جیهانی بۆئەوان دەس بەسەرا گرتنی جیهانە و خۆئامادەکردنە بۆ فەرمانڕەوایی مەسیحی دەجالی چاوەڕوانکراو.

وەناو نرا بە سەهیۆنی بەناوی چیای سەهیۆن کەئەکەوێتە باشووری ((بیت المقدس)) کەجولەکەکان بەپیرۆز رایئەگرن.

زایونیزمی نوێ دەسپێکردن وسەرهەڵدانی لەسالی ١٨٠٦زا دەسی پێکرد کاتێك کە ئەنجومەنی باڵای جوولەکە کۆبونەوە بەبانگێزی ناپلیۆن بۆقۆرخکردنی حەزەکانی جوولەکە وەبەدەسهێنانیان بۆ هاوکاریکردنی، وەپێگەیاندنی ((هێرتزل)) ی جوولەکە کەدلوای یەکەم کۆنگرەی جولەکەی زایۆنیزمی نوێی کرد لە شاری ((بال)) ی سویسری سالی ١٨٩٨زا کەبریاردرا لەسەر پیلانەکەی جوولەکەی زایۆنزمی بۆدەسبەسەراگرتنی جیهان کەتاکو ئێستاش لە جێبەجێکردندایە.

****

پ١٦: ئامانجەكانی زایۆنیزمی چین؟

وەلام: زایۆنیزم دوو باڵی هەیە رامیاری و ئاینی، وەبۆ هەریەكێكیان ئامانجی خۆی هەیە، ئامانجی ئاینی بۆجولاندن و گەرمبونی ئاینی لەنێوان جوولەكە و جیهان وە گەڕانەوەیان بۆ خاكی دیاری كراو بەداگیركردنی خاكی فەلەستین، وەهەروەها بۆ جولاندنی گیانی جوولەكە بۆ شەركردن بۆ جێبەجێكردنی ئەم ئامانجە.

وەئامانجی رامیاری بۆئەوەیە كەفەلەستین بكاتە وولاتێكی جولەكە وەدانپیانانی نێودەولتی بە وولاتی جولەكە لە سەر خاكی فەلەستین، زایۆنیزمیەكان زۆرلە ئامانجەكانیان بە دەست هێنا كە یەكەمیان دامەزراندنی وولاتی جوولەكەیە لە فەلستین بەناوی ئیسرائیل ساڵی ١٩٤٨ز.

****

پ١٧: ئایا پەیوەندی زایۆنیزمی بە ماسۆنیەوە چییە؟

وەلام: زایۆنیزمی جیهانی لە سكی ماسۆنی جیهانی دەرچوو وەئەمەش جولەكەیە بەرەگەز بەشێوەو هەلسوكەوت و ئامانجی، وە ئامانجی سیاسی قۆناغی و جیهانی هەیە، وەزایۆنیزم ئامێرێكی جێبەجێكەری فەرمی یە بۆئامانجەكانی جوولەكە.

((مۆسینیۆ جوان)) ئەڵێ جولەكەو ماسۆنی یەك شتن وە ئەمەش ترسناكێكی گەورەیە وەمەسەلەیەكی مان ونەمانە بەگوێرەی تێروانینیان بۆ هەموو گەلانی سەر زەوی.

وە((نیستا ویستر)) ئەڵێ بەریتانیەكان ئێستا فەرمان رەوایی ئینگلتەرا ناكەن، لەبەر ئەوەی لەژێر كۆنترۆڵی دیكتاتۆریەتی شاراوەی جولەكەیە.

وە((یەهوزابوش)) ی جوولەكە ئەڵێ: ئێمەی جوولەكە مەبەستی سەرەكیمان ئەوەیە دەست بەسەر هەموو جیهان بگرین ئەو مەبەستەی كەتائێستا زۆربەی كەس پێیان

ئەزانیرە، ئەو ڕۆژە دێت بەخێراییەکی نزیك وە نزیکتر لەوەی کە ووڵاتانی جیهان بچنە لێدەکەنەوەکە بە مەسیح ناوئەبرێت، وەئەمەش بۆیان ڕوون ئەبێتەوە کاتێ کە مژدەی ئەم دەسبەسەراگرتنە دەستی بە سەر هەڵدان کرد.

وە((یوسف الحاج)) لە کتێبەکەی ((هیکل سلیمان الوکنی القومی للیهود)) ئەڵێ زایۆنیزم بزوتنەوەیەکی جولەکەیە کە داواکارن بەنوێکردنەوەی دروستکردنی ووڵاتێکی جولەکە وە بنکەکەی فەڵەستین بێت وە بنیاتنانەوەی هەیکەلی سلێمان کە ئەوەش هێمای ڕەگەزایەتیانە.

****

پ١٨: کەواتە جیاوازی نێوان زایۆنیزم و ماسۆنی چییە؟

وەڵام: زایۆنیزمو ماسۆنی یەك خێزانن.. وە ئامانجیشیان یەکە.. بەڵام زایۆنیزمی جولەکە لە شێوەدا پوختەیە وەلەناوەڕۆکیشدا خزمەتی ئامانجەکانی جولەکە ئەکات بەڕێگایەکی ڕاستەوخۆ .. وەبانگێشە دەکات بۆ بنیاتنانی نیشتیمان بۆخۆیان لەسەر خاکی فەڵەستین وەگەڕاندنەوەی فەرمانڕەوایی بەنی ئیسرائیل لەژێر ڕابەرایەتی مەسیحی دەجال .. وە بنیاتنانەوەی هەیکەل لە مزگەوتی ئەقسا..

بەڵام ماسۆنی جولەکەیەکی شاراوەیە، درووشمی مرۆڤایەتی گشتی پیشان دەدات.. وە ئەمەش بزوتنەوەیەکی عیلمانی بێباوەڕی نهێنیە؟ خزمەتی جولەکە ئەکات بەڕێگای ناڕاستەو خۆ، وەجولەکەو کەسانی تر لەپلەکانی لەخۆ دەگرێت..

وەهەریەك لەماسۆنی وزایۆنیزم خزمەتی بەرژەوندیەکانی جولەکە دەکەن وەخۆئامادە کردن بۆ مەسیحی دەجال و فەرمانڕەوایی جیهان و بەجیهانی بوون.

دەرکەوتنی زایۆنیزمی نوێ لەسەدەی حەڤدەی زاینی دەستی پێکرد، وە لەسەدەی

نۆزدەدا بەئاشکرا دەرکەوت بۆهەموو جیهان کە بزوتنەوەیەکی ڕامیاریە بانگەشە دەکات بۆ گرتبونەوەی جولەکە لەنیشتمانێکی تایبەت بەخۆیان، وە((هیرتزل)) بووەسەرکردەی ئەم بزوتنەوەیە و وەبەسرۆکایەتی ئەویش کۆنگرەی ((بال)) بەسترا لەسویسرا ساڵی١٨٩٧زا..بەلام بیرۆکەی زایۆنیزمی مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی کۆن سەرهەڵدانیشی لەگەڵ سەرهەڵدانی جولەکەیە، وەهەروەهابیروبۆچونی ماسۆنی پیلانگێری بەچەند قۆناغێك تێپەری، وەچەند ناوێکی لێنراوە وەك هێزی نهێنی و ماسۆنیزم.

وەلەدامەزراوەکانی بیرۆکەی زایۆنی نوێ کە هاوبەشە لگەڵ بیرۆکەی ماسۆنی لەجێبەجێکردندا:

١ـ جولەکە گەلی هەڵبژاردەی خوایە، وەگیانی ((بەنی ئیسرائیل)) بەشێکە لەخوا.

٢ـ ئەڵەستین ئامانجی سەرەکی نییە بۆجولەکە، بەڵکو ئامانجی هەموجیهانە، بەلام ئیسرائیل لەبنەڕەتدا بیرۆکەی خاچپەرستەکانە جولەکە سوودی لێبینی وەئێستاش زایۆنی هەڵیئەسوڕێنێ.

٣ـ جولەکە لە هەموو بەشێکی جیهان نوێنەرایەتی یەك گەل دەکەن.

****

پ١٩: ئایا ئە توانی بەکورتی باسی ((تیودۆر هیرتزل)) دامەزرێنەری زایۆنیزمی نوێ بکەیت؟

وەلام: تیودۆر هیرتزل بەباوکی گیانی و دامەزرێنەری یەکەمی زایۆنیزمی جیهانی دادەنرێت، کەبزوتنوەیەکی ڕامیاری داگیرکارە کە لەناو جولەکە بلاویکردەوە بەوەسفی نەتەوایەتی و نیشتیمان پەروەری وەناوی چارەسەرکردنی کێشەی جولەکەی لێنابوو،

وەبەرهەڵستی تێکەڵبوونی جولەکەی دەکرد لەووڵاتەکانی خۆیان، وەهانیانی ئەدا بۆ کۆچکردن بۆ فەڵەستین لەبەر ئەوەی کە مافی مێژوویی و ئایینیان تیایدا هەیە وەتەماحکارییەکانی زایۆنیزم یەکیگرت لەلایەن هێرتزڵەوە بەئامانجەکانی داگیرکاری لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی جولەکە لە فەڵەستین.

سەرکردەی زایۆنیزم هەستا بەڕێکخستنی بزوتنەوەیەکی شەبتانی لەبانگە شەبەکیا کە داڕشتراوێکی جولەکەیی بوو لەجۆرەهامەیەستەکان دیاریکرا لەسەر جولەکە کە دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان پێک بهێنن. وەجولەکەیی ئەم دەوڵەتە پێویستە پشت بەهیچ لایەنێکی ئاینی یان دڵسۆزی بۆجولەکە و پێزگرتنیان نەبەستێت، بەڵکو ئەبێت پشت ببەستێت بە شێوەی نەتەوایەتی جولەکەیی.

هێرتزڵ یەکەم کەس بوو لەدانانی بیرۆکەی دامەزرانی قەوارەی جولەکە لەفەڵەستین. ئەم دامەزراندنە لەلایەن هێرتزڵەوە خاڵێکی گۆڕانکاری بوو لە ئامانجەکانی بزوتنەوەی زایۆنیزم، تەنها بەناردنی ڕۆشنبیرییەکی ساکار بۆدروستبوونی کیانێکی نەتەوایەتی کەبووە هۆی پاراستنی هەندێک لە زاڵبوونی ڕامیاری بۆجولەکە دەستە بەردەکات لە کاروباری ژیانیان. وەئەگەر بێتوو بزووتنەوەی زایۆنیزم وەت و بچو باوەڕێکی ڕامیاری دەستی پێکردبێت ئەوا لە ڕێی هێرتزڵەوە پێشکەوت بۆ((دامەزراوەیەکی کیانی ڕامیاری، دواتر بەرز دەبێتەوە بۆ دەوڵەتێک لە خاکێکدا کە زۆربەی دانیشتوانی جولەکە نەبن)).

وە ئەم بیرۆکەیە ڕووبەڕووی گرنبوونەوەیەکی بەهێز بووەوە لەلایەن کۆمەڵانی لەجولەکە دوای دەرکەوتنی هێزی گەورەی ڕامیاری بۆ جولەکەی نوێنەرانی تیۆدۆر هێرتزڵ.

تیۆدۆر ئامانجەکانی بزوتنەوەی زایۆنی دیاریکرد لەوکاتەدا بەوەی ((بەدیهێنانی پەیوەندی جولەکە لە سەرانسەری جیهان،وەئەمەریکوییەک کەمەی، بە سۆزی نەتەوایەتی وە دڵنیابوون لەوەی کە فەڵەستین ببێتە مێژووی و وڵاتێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە لە هەرکوێیەک بن)).

وەلە ساڵی ١٨٩٥زا هێرتزل،دامەزرێنەری ڕاستە قینەی زایۆنیزمی نوێ، نووسیویەتی وە لەژێر فەرمانڕەوایی خۆی کۆنگرەیەی زایۆنی یەکەم بەسترا ساڵی ١٨٩٧زا نووسیویەتی لەکتێبە بەناویانگەکەی ((دەوڵەتی جوولەکە)).

****

پ٢٠: ئایا پەیوەندی هەیە لەنێوان زایۆنیزمی جیهانی و پرۆتۆکۆلەکانی دادوەرانی زایۆنزم؟

وەڵام : بێگومان پەیوەندی هەیە لەنێوانیاندا، پرۆتۆکۆلەکان نەخشەی پیلانەکانی جولەکەی دیاریکرد لەسەر جیهان و گەلەکەی، وەرێکخراوەکانی زایۆنی و ماسۆنی هەڵئەستن بە ئەنجامدانی ئەو پیلانانە وەبۆنمونە باسی ئەو ڕوداوانە دەکەین لەململانێی تایەفەگەری لەجیهان وە ڕۆڵی زایۆنیزم تیایدا، وەچیش لە بروتۆکۆلەکانی زایۆنیزم نوسراوە.

زایۆنیزمی جیهانی بیروباوەڕی دەمارگیری و توندڕەوی ئاینی بلاوکردەوە لە چەمکەکانی ئاینی و بیروباوەڕەکاندا لەمدواییانەدا، وەلە سەرانسەری جیهاندا وەبە تایبەتی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کیشوەری ئاسیاو ئەفریقیا، وە ویستی کەبیروباوەڕی دەمارگیری و توندڕەوی ئاینی زیندوو بکاتەوە بۆزاڵبونی بەسەر ڕامیاری ژیان لەجیهاندا بەگشتی وەلە ڕۆژ هەڵات بەتایبەتی وەبە تایبەتی تر لەفەڵەستین، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەڵێ((مەبەست هۆکار دێنێتەوە))؟

وە پلانەکانیان ڕووندەبێتەوە کەتۆمارکراوە لە((پرۆتۆکۆڵەکانی دادوەرانی زایۆنیزم))

وە ئەوانەش پرۆتۆکۆڵی داوانکارین لە ڕەوای گەلانی جیهان و مرۆڤایەتی، پڕە لە ڕق بکەوتی هاراوە و ڕۆ گشت جوولەکەکان، بەو ڕێچوونەی کە هەموو گەلان لە ئاژەڵن وەخوردا دروستی کردوون بە ڕوخساری مرۆڤ بۆ خزمەتکردنی جولەکە وەبانگەشەی ئەوە بۆخۆیان دەکەن بە ((گەلی هەڵبژێردراوی خوا))، وە جولەکە مافی ئەوەی هەیە کە هەموو گەلان بکوژێت، لەبەر ئەوەی ئاژەڵن وەهەموو شتو مەك و سامانەکانیان تالان بکەن لەبەر ئەوەی دەڵێ مافی جولەکەیە، بەڵام گەلی جولەکە لە نتفەی ئادەم و حەووان، ئەمانە لە زانیاری گەمەڵە یاسای جولەکە هاتووە کەلەلایان کتابێکی پیرۆزە، وەئەمەش زانستەکانی (التلمود)ی جولەکەیە، ئەم کتابەش لەمەرە خوارەوەی جەهەننەمەوە در چووە بەلای ئەوانەوە،

وە هەندێ لەو پرۆتۆکۆڵانەی کە هاتووە ئەو پیلانانە ڕوون ئەکاتەوە، کە چەند نموونەیەکی لێباسدەکەین!

- لەپرۆتۆکۆڵ یەکەم هاتووە:((چاکترین ئەنجام بتەوێ بەدەستی بێنی بۆ دەست بەسەراگرتنی گەلان توندوتیژی و تۆقاندنە، وەهەڵگیرساندنی ئاگری دەماربزوێنی ئاینی و توندڕەوی بۆ پێناو کردنی دەس بەسەراگرتنمان بەسەر ئەم گەلە ئاژەڵانە کە بەهەموو شتێك باوەڕدەکەن لەڕێی ئاینەوە))..

- هەروەها لەپرۆتۆکۆڵ نۆیەم هاتووە:((لە ئێمەوە تەوژمی ترس و تۆقاندن دەرچوو کە چواردەورەی خەڵکانی داوە، وە لە جۆرەها خەڵکی لەخزمەتماندان سەربە جۆرەها مەزهەبی فکرین، وەلە جۆرەها زانست لەوانەش: داواکارانی تەختی پاشایەتی، خواستی سەروەت وسامان، سەرۆکەکان بە تایبەتی و بەگشتی، سۆشیالیستەکان، کۆمۆنیستەکان، وە هەڵگرانی خەونەخۆشەکان لە هەموو پارتێك، وەبڕیارماندا ئەوانە هەمووی بۆ ڕووناکی کارەکانمان بێت بۆخزمەتکردنمان وە لەپێناوماندابێت))..

- وەهەروەها هاتووە:((لە ئێمەوە جموجوولی نهێنی و وێرانکەروو هێلانە نهێنیەکان

دەرچووە، وەڵاونی پیسی و هێزلە کانی ڕابواردن، وە تێ ئاندنە ئاینیەکان بۆسڕینەوەی هەموو ئاینەکان لەسەر ڕووی زەوی وە ئاینی جوولەکە ئەمێنێتەوە و ئەبێتە ئاینی هەموو جیهان وەهیچ ئاینێکی تر نامێنێت، وەئەمانە هەمووی ئامادەیە پێکەوە بتەقێنەوە لەپایتەخت و شارەکان و گەردەلوول هەموو دامودەزگاو تۆمارەکان لەناو ئەبات))..

ـ هەروەها لەپرۆتۆکۆلی دەیەم هاتووە: ((.. ئێمە کەمیکرۆبی نەخۆشی لەناوچوون بلاونەکەینەوە بە ئەنقەست لەجیهاندا   بۆئەوەی هەموو گەلان لەناوبەرین))..

ـ لەپرۆتۆکۆلی پانزەدا هاتووە:((نابێت بۆدوو وڵات یان دوو گەل یان دوو پارت یان دوو کۆمەڵ یان دوو مەزهەب یان دوو تایەفە یان دوو هێز..هەرچەند بێهێزبن ڕێکەوتن ئامە بکەن پێکەوە ئەگەر لەو ڕێکەوتنە سودی بۆئێمە تیانەبێت یان بەرژەوەندیەك خزمەتی بەرژەوەندیەکانمان بکات))..

تیۆدۆر هێرتزل دامەزرێنەری زایۆنیزمی نوێ وە هەر ئەمیش زایۆنــیزمی نوێکردەوە و هاوکار و پێشنیەری بوو وە نازناوی پاشای دووورکراوەی لێنرا

٣

ده‌یکه‌ی ڕێکخستن و پله‌کانی ماسۆنی

- هه‌یکه‌لی ڕێکخستنی ماسۆنی چی یه‌؟

- گرنگترین پله‌کانی ماسۆنی چی یه‌؟

- ووشه نهێنیه‌کانی ماسۆنی چی یه‌؟

- سوێندی پیرۆزی ماسۆنی چی یه‌؟

پ ۲۱: هاوڕێکەم ووتی: هەرچەندە ماسۆنی ڕێکخراوێکە زۆربەتووندی ڕێکخراوە لە شێوەی ڕێکخستنی باندەکانی مافیا دەچن، ئەپرسم لێت: هەیکەلی ڕێکخستنی ماسۆنی چی یە؟

وەلام : زۆر لە بارەگاو دەستەی بەڕێوەبەرو ڕێکخستن هەن بۆ ڕێکخراوی ماسۆنی لە چەندەها وولاتانی جیهان وەبەشێوەیەکی وورد نازاندرێت تاچەند پەیوەندیان هەیە ئەم لقانە لەگەل یەکتریدا وەئەگەر بێت و بارەگایەکی سەرەکی هەبێت بۆگشت ماسۆنیەکان لەجیهان. لێرەدا ئەگەرێك هەیە کەزۆربەی لقەکان لە ژێر سەرپەرستی بارەگای گەورەدان کەلەسالی ۱۷۱۷ازا دامەزرا لە بەریتانیا، وەسەرۆکی ئەم بارەگایە پێی ئەوترێت زانای گەورە وەئەم بارەگایەش بەزۆری لە فەرمانرەوایی شارستانیەت دەچێت وە بارەگای تریش هەیە کەناوی بارەگای گەورەی لەخۆی ناوە، وەئەبێت ئەندامانی بارەگایەکی تری گەورە ئامادەی کۆبونەوەکانی بارەگایەکی گەورەی دیکەی دیاریکراو ببن، بە مەرجێك هەردوو بارەگاکە دانبەیکتری بنێن، وەئەگەر ئەوشەرتانە نەبێت لەنێوانیاندا ئەولاناتوانن پابنێنە بارەگای گەورەی ترەوە،

بارەگای گەورە لە لەندەن و ئێرلەنداو ئیسکتلەندا هەیە، وەلە وولاتە یەکگرتووەکان بارەگای گەورە لە هەموو ولایەتێك هەیە، وەزۆر بارەگا هەیە لەهەر وولاتێکی ئەورووپی، ڕێکخراو هەیە تەنها ئەندامە زاناکان وەردەگرێت وەك ڕێکخراوی Scottish Rite کەبارەگای سەرەکی هەیە پێینالێن بارەگای سەرەکی، بەکورتی چەند نیشانەیەك هەیە کە مەرکەزی بوون لەنێوان ئەو بارەگایانە نییە، بەلام هەندێك بۆچونی وایە کە یەکگرتن وپەیوەندییەکی قوول هەیە لە نێوان ئەو لقانە.

بنکەی گەورە لە بەریتانیا کە لە سالی ۱۷۱۷ازا دامەزراوە بە کۆنترین بنکە دادەنرێت وەدوای ئەویش بنکەی گەورە لە فەرەنسا دێت کە سالی ۱۷۲۸ازا دامەزرا. وە گشت ئەو لقە گەورانە پێکهات لە یەکگرتنی لقە بچوکەکان لەگشت وولاتەکانی ئەمەریکای لاتینی و

بەلجیکا. بارەگای گەورە لە فەرەنسا وەك دەستیەکی بەڕێوەبردنی بالاّ دادەنرێت بەلاّم باقی لقەکان لەجیهان بە بارەگای گەورە لە بەریتانیا وەك سەرچاوەیەکی بەرز دادەنرێن. لە وولاتە یەکگرتووەکان لەهەر وولایەتێك دەسیانکرد بە دانپیانان بە یەکتری وەبارەگا گەورەکان لە وولاتە یەکگرتووەکان لەدۆخی یەکگرتندان لەگەلّ بارەگای گەورە لەبەریتانیا٠

وە ئەنجومەنی جیهانی هەیە کە هیچ ئەنجومەنێکی نوێ ناکرێتەوە بەبێ سەرپەرشتی و ڕەزامەندی ئەنجومەنی گەورە نەبێت.

ماسۆنی مافی هەیە کە پلەی ماستەری بەدەست هێنا سەردانی هەر ئەنجومەنێك بکات، وە ماسۆنیەکان ڕەخنە لە بەکارهێنانی ووشەی ئەنجومەن ئەگرن وەناوی ((پەرستگای فەلسەفەو هونەر)) بەشیاو ئەزانن. بۆپشتیوانی لە بیروڕای ماسۆنیەکان، وەئەوبارەگایانە یان شوێنەکانی کۆبونەوە بنیات نراوە لەلایەن ماسۆنیە سەرەتاکانەوە لەنزیك کارەکانیانەوە لە پرۆژە بیناکانیان وەپالّ پشت بە هەمان بیرو باوەڕ وەشوێنکەوتوانی ڕزگاری خوازان زیادکرا بۆ ماسۆن یان بیناسازەکان لەبەرئەوەی بیناساز بوون یان ئەندازیاربوون لەکاتی پشوودا یان ئازادی لە کارکردن، وەکۆنەبوونەوە لەو شوێنانە بۆپشوودان و ڕاوێژکردن. بارەگای گەورەو ئەنجومەن بلاّوبووەتەوەلە چەند وولاتێکی جیهان. وەلەگرنگترین ئەنجومەنی شاراوە لە شێوەی یانەی کۆمەلاّیەتی یان لیونز کە شێری کردووەتە درووشمی خۆی وە بنکەی سەرەکی لە شاری (ئۆك برۆك) ە لەوولایەتی ئیلنەوی ئەمەریکی، وە ئەوەی شایانی باسە ووشەی لیونز واتە(پاسەوانانی هەیکەل) ئاماژە بۆئامانجی ماسۆنی گەورە وەئەوەش بینای هەیکلی سولێمانە. کە ملفن جۆنز دروستی کرد سالّی ١٩١٥ وەیەکەم جار یانەی لیۆنز دەرکەوت لەئایاری ١٩١٧ لە ئوتێلر لاسال لە شیکاغۆ. وەئەم ناوەش پێك هاتووە لە پیتە سەرەتاکانی ووشەکانی ئەم ڕستە ئینگلیزیە: liberty intelligence our nations safety.

وە هیچ کەس ناتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی لە لیونز بەڵکو خۆیان کەسەکە هەڵبژێرن و دیاری ئەکەن و پێی ئەڵێن.

یانەکەی تر یانەی (ڕۆتاری) یە لقی هەیە لە زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکان. وە ڕۆتاری وشەیەکی ئینگلیزییە بەواتای سوڕانەوە یان دوابەدوای یەك، لەبەر ئەوەی کۆبونەوەکان هەرجارەی لەماڵی یان نوسینگەی ئەندامێك دەبەسترێت بەنۆرە، وەئەمەش یەکێکە لەکۆمەڵەکانی ماسۆنی جیهانی پارێزەری ئەمەریکی پۆل هارس دایمەزراند لەشیکاغۆی ئەمەریکا ساڵی ١٩٠٥زا وەبڵاوبوەوە لەوڵاتانی جیهان لەوانەش میسرو وڵاتانی عەرەبی.

****

پ٢٢: وشە نهێنیەکانی ماسۆنی چی یە؟

وەڵام : ماسۆنی وشەی نهێنی هەیە بۆ یەکترناسین لە نێوان ئەندامەکان بەکاری ئەهێنن لەوانەش ((بنیامین)) کە ئەوەش ناوی حەوتەمی یەعقوبە، وە وشەی ((فالج)) ناوی کوڕی عابرە کە عیبرانیەکان سەر بە ئەون..

وە وشەی ((ئوبیل)) ناوی پاشایەکە کەبە مەدینەدا تێپەڕیوە ((لە تەوراتدا هاتووە)) وە هێمای ڕزگاربونی بەنی ئیسرائیلی لەسەر ناوچەوانی خەڵکی داناوە.

وە((زرو بابل)) سەرۆکی گەلی ئیسرائیلی وبەڕێوەبەری کاروبارەکانی لەکاتی دەرچونی لە بابل و گەڕانەوەی بۆ ئۆرشەلیم بۆ نوێ کردنەوەی مەملەکەتی جولەکە.

وەلێرەدا وشەی ((بوعز)) کە وشەیەکی نهێنیە لەنێوان ئەندامانی پلەی یەك لەماسۆنیدا. وە بوعز ناوی مێردی ڕاعوتە خاوەن گەشتەکە بەناوی خۆیەوەناوی ناوە لە تەوراتدا وەئەویش ((باوکی عوبێدو باوکی یەسی و باوکی داود))ە، کە جولەکە باوەری

وایە لە ڕەچەڵەکی مەسیحی چاوەڕوانکراو لەدایك نە بێت. وەهەروەها ووشەی ((جاکین)) کە ووشەیەکی نهێنییە لەنێوان ئەندامانی پلەی دوو. وەجاکین ناوی کۆتا پاشای ((یەهودایە)) کەپاشا ((بەخت نەسر)) بەدیل گرتی.

****

پ٢٣ : سوێندی پیرۆزی ماسۆنیزم چی یە؟

وەڵام : لەدەقی فێرکاری ماسۆنی ((گەورەترین ئەرك بۆ ماسۆنی ئەورووپی ئەوەیە بە ڕاگرتنی سەربەرزی ڕەگەزی جولەکەو پەرستنینیان، لەبەر ئەوەی پارێزگاری ئەکات لەئاستی ڕاگەیاندن بۆ ژیری و دانایی)).

وەماسۆن سوێندی پیرۆزی هەیە ئەڵێ: سوێند ئەخۆم بەئەندازیاری جیهانی گەورە((مەبەستیان حیرامە ئەندازیاری هەیکەلی سلێمان)) کەخیانەت نەکەم لەپەیمانی کۆمەڵە وە لە نهێنیەکانی نەبە قسە وەنەبە ئامارژە، وەهیچ شتێك نەنووسم لەبارەیەوە وەهیچ بلاونەکەمەوە نەبە چاپکردن یان هەڵکۆڵین یان وێنە. وەڕازیم بەوەی لێوەکانم بەشیشی سورەوەکراو داخبکرێت وەهەردوو دەستم بېڕدرێتەوە وەلەملم بدرێت، وەلاشەکەم هەڵواسرێت لە ئەنجومەنی ماسۆنی بۆئەوەی داواکارێکی تر بمبینێت، وەلاشەکەم بسوتێنرێت وەخۆڵەمێشەکەی بدرێت بەدەم بایا بۆئەوەی هیچ شوێنەوارێك نەمێنێت لەتاوانەکەم.

هەروەها سوێندی ڕاستەوخۆش هەیە: ئەوەش ئەوسوێندەیە کە مرۆڤ ئەگەیەنێت بۆپلەی ماسۆنی پوختەکراوبێت لە هەموو ئەوانەی لە دەوریدان لە خزموکەس و ژن ومناڵ و کۆمەڵ، وەدەسبەسەر ئەکرێت لە هەموو جۆرەکانی دڵسۆزی یان پەیوەندی کردن جگە لە دڵسۆزی و باوەڕی تەواوی بێگەرد بۆ زانیاریەکانی ماسۆنی.

هاوڕێکەم ووتی: سوپاست ئەکەم زۆر شتت بۆمان ڕونکردەوە، هەروەها داوات لێئەکەم

کەبەردەوامبیت لە ڕوونکردنەوەدا وەتەواوکردنی باسەکە بە وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی تر:

****

پ٢٤: پلەکانی ماسۆنی وگرینگیەکانی چی یە لەجیهان؟

وەڵام : بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە کە بزانین پلەکانی ماسۆنیزم جیاوازە بەپێی ڕێگای ماسۆنی لەجیهان، چونکەڕێگاکانی ماسۆنی پێنج ڕێگایە وەکو باسمانکرد ئەوانەش ڕێگای یورك کە شارێکە لەئینگلتەرا، کەپێك دێت لەسێ پلەی سەرەکی هەروەها پلەیەکی تری بەرز کەپلەیەکی زیادەیە، وە ڕێگای ئیسکتلەندی سەردەمی کۆن و پەسەندکراو کە لەفەرەنسا سەری هەڵدا کە سی وسێ پلەی هەیە کەئەو ماسۆنیە ئەکاتە چوارپارچەوە ئەوانەش: ماسۆنی هێمایی بەناوبانگ((شین)) وەماسۆنی سوارچاکی((سوور))، وەماسۆنی فەلسەفی((رەش)) وەماسۆنی بەڕیوەبردنی((سپی)). وەڕێگای فەرەنسی نوێ، لەفەرەنسا سەری هەڵدا کەلە ڕێگای ئێسکێتلەندی دەچێت لەڕوی فێرکاری وپەروەردەوە وە ئەمەش ماسۆنی نوێی هاوچەرخە.

وەڕێگای ئێسکتلەندی هەموارکراو وەئەمەش ماسۆنی مەسیحی یە. وەڕێگای سویدی کەبڵاوبووەتەوە لە سویدو نەرویج و دانیمارك لە چوار بەش و دوانزە پلە پێکهاتووە.

وەبەناوبانگترین لەبەشەکان ماسۆنی((شین)) ٣٣پلەیە وە (ماسۆنی فەرەنسی ئەیکۆسی) ئەم بەشە لە وولاتەکانی عەرەبی بڵاوبووەتەوە.

وەبەپێی ڕێگای ماسۆنی ئەیکوسی ٣٣پلە ئەنجومەنەکانیان پلەی ١ ــــ ٤ ی تەرخانکردووە بۆ ڕۆڵەکانی ئەو وولاتانە کە داگیرکراوە لەلایەن وولاتە داگیرکەرەکان لە وولاتانی عەرەبی وولاتە هەژارەکان لە جیهانی سێیەم، وەئەوەش ئەو پلانەن کەزۆری لێنازانرێت لەئامانج وپلانەکانی ماسۆنی ڕاستەقینە، جگە لە برایەتی و یەکسانی و

سەربەستی نەبێت، بەڵام پلەكانی ٥ ــ ٣٣ تایبەت كراوە بۆ ڕۆڵەكانی وولاتە گەورەكان كە ئەنجومەنی شەیتانی ماسۆنی تیایە، وەئەبێت پلەیەك لەم پلانە ببەخشرێت بە ئەندامی ئەنجومەنێك لەوولاتەكانی جیهانی سێیەم لە كاتێكدا كەدەربڕی دڵسۆزە بۆ زایۆنیزم و ماسۆنی جولەكە، واتە ببێتە بەكرێگیراوی جولەكەو ناپاك بێت بۆ وولاتەكەی خۆی.

وە پلە كانی ئەم ئەنجومەنانە لە ١ ــ ١٢پلە دایە:

١ ــ دەسپێكەر یان ڕاهێنراو.

٢ ــ هاوڕێ یان كرێكار یان یاریدەدەر.

٣ ــ مامۆستا فێركار.

٤ ــ مامۆستای نهێنی.

٥ ــ مامۆستای تەواو.

٦ ــ مامۆستای ڕازگری ڕاستگۆ (دەست پاكی باوەڕ پێكراو).

٧ ــ مامۆستای دادوەر و دادگاكان (سەرپەرشتیار).

٨ ــ مامۆستای چاودێری بیناساز (دادوەر).

٩ ــ مامۆستای هەڵبژێردراو (هەڵبژاردەی باوەڕ).

١٠ ــ مامۆستای هەڵبژاردەی سەركەوتوو لەپانزەدا.

١١ ــ مامۆستای سوارچاكی هەڵبژاردەی گەورە (گەورەی دوانزە هۆزەكە).

١٢ ــ مامۆستای ئەندازیاری گەورە (ئەندازیار).

١٣ ــ پردی پاشایی .

١٤ ــ هەڵبژاردەی گەورە لەپلەی ١٥ ــ ١٨ (هەڵبژێردراوی پێشوی گەورە).

١٥ ــ سوارچاكی ڕۆژ هەڵات هاوەڵی شمشێر (سوارچاكی شمشێر).

١٦ ــ پاشایماڵی پیرۆز.

١٧ ــ سوارچاكی خۆرهەڵات و خۆرئاوا.

١٨ ـ سوارچاکی خاچی پەمەیی یان سوارچاکی دانا.

بەمشێوەیە ناوو نازناو بەردەوام دەبێت تاکو پلەی ٣٢ وەناوی پلەکان ئەگۆڕێن لەنێوان کۆمەلەکانی ماسۆنی لەجیهاندا بە گوێرەی هەر وولاتێك.

وەپلەکانی ١ ـ١٨ پلەی ڕووکەشین مەبەستیان بۆئەوەیە پلە بدرێت بەماسۆنی هەنگاو هەنگاو هەتا ماسۆنی ناچاربێت بە گوێڕایەڵی کردنیان بۆئەوەی بەرز بکرێتەوە.

پلەبەرزەکانی ماسۆنی لە جۆرەها زانست و هونەر و فەلسەفە و هەندێك لە دابونەرێتی ئەسپ سواری کۆن کۆدەبێتەوە وەئەمەش یارمەتی دەرە بۆ گەیشتنی ماسۆنی بۆپلە بەرزەکان.

وە ماسۆنی لە پلەکانی ١ ـ ٣ هیچ شتێك نازانن لە ئامانجە ڕاستەقینەکانی ماسۆنی، چونکە هیچ نهێنیەکی ڕاستەقینەیان پێ ناناسێنن هەتا دڵنیا نەبن لە دڵسۆزیان بۆ ئەو ماسۆنیانەی بوونە بەجولەکە.

وەناوەکانی پلەکان لە ١٩ ـ ٣٣ ئەمانەن:

١٩ ـ دادوەری گەورە.

٢٠ ـ بەتریکی گەورە.

٢١ ـ مامۆستای گەورە بۆکلیلی بینا.

٢٢ ـ سوارچاکی تەوری پاشایەتی.

٢٣ ـ پاشای گەورەی هاوپەیمان.

٢٤ ـ سەرکردەی دوو هەڵۆ ڕەشەکە.

٢٥ ـ سەرکردەی نهێنی پاشایەتی.

٢٦ ـ شازادەی بەزەیی.

٢٧ ـ سەرکردەی پەرستگای باڵا.

٢٨ ـ سوارچاکی خۆر.

٢٩ ـ سوار چاکی ئیکۆسی.

٣٠ ـ سواچاکی هەڵبژاردەی گەورە.

٣١ ـ سەرکردەی سەرپەرشتیاری لێکۆڵەری گەورە.

٣٢ ـ شازادەی بەناوبانگ بۆنهێنی پاشایەتی.

٣٣ ـ سەرپەرشتیاری گشتی گەورەی باڵا.

****

پ٢٥ : پێمی ووت : سوپاست ئەکەم بۆ وەڵامدانەوەت هەرچەند نەختێك درێژ بوو، بەڵام هەستمکرد کە کورتتکردەوەو بەگوێرەی توانا، وەبۆ تەواو کردنی ئەوەی باستکرد ئەپرسم:

هێمای ماسۆنی چی یە؟

ماسۆنی جۆرەها هێمای هەیە بەناوبانگترینیان پرگالەکەو راستەی ئەندازەییەکەیە.

وەئەم هێمایەش دوو واتای هەیە:

واتایەکی ساکار کە مەبستی پیشەی بەننایە.

وەواتای شاراوەی مەبەست لە پەیوەندی درووستکاروو دروستکراوەوەیە، کە هێمایە بۆ دووگۆشەی بەرامبەر: یەکەمیان ئاماژەیە بەئاراستەی لە خوارەوە بۆ سەرەوە وەهێمایە بۆ پەیوەندی زەوی بە ئاسمانەوە، وەدووەمیان لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئاماژەیە بۆ پەیوەندی ئاسمان بە زەویەوە .وەئەستێرەی داوود هەمان مەبەستی هەیە کە هێمایە بۆ یەککگرتنی پەریەکانی (ئاسمان) لەگەڵ پیاوەکانی ووڵات (زەوی) ئەوەبوو کەداود

بـەدیهێنا لـەکاتی فـەرمانڕەوایی کاتێـك سەرچاوەی فـەرمانی دامەزرانـد کەپشـتی پـێ ئەبەستێت بەپاڵپشتی کاهینەکانی جولەکە.

لەنێوان گۆشەی وەستاو پرگالدا پیتی G ئەبینین، ماسۆنیەکان ڕای جیاوازیان هەیە بەشێکیان بە یەکەم پیتی خودای گەورە (God)ی دائەنێن ، وەبەشێکی تریان بروایان وایە کەیەکـەم پیتـی ووشـەی ئەندازەیـە(Geometry)، وەهەنـدێکی تریـان شـیکاری قوڵتری بۆ ئەکەن وەئەڵێن پیتـی G سەرچاوەکەی ووشـەی (Gematria)، کەئەمـەش ٣٢ یاسایە کە شوێنەوار ناسانی جولەکە دایناوە بۆ ڕاڤەکردنی پەرتوکی پیرۆز سـاڵی ٢٠٠ پێش زاینی.

وە لە ڕوی ڕێکخستنەوە چەندەها دەستەی بەڕێوەبەری بڵاوبووەتەوە لـەجیهان، وە ئەم دەسـتانە لەوانەیـە پەیوەنـدیان لەگـەڵ یـەکتر هـەبێت یـان نـەبێت، وەدڵنیـا نـەبونی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو نهێنیەی کە چواردەوری هەیکەلی ڕێکخستنی ناوخۆی ماسۆنی داوە بەڵام لەساڵەکانی کۆتـادا بزوتنەوەکـە دەسـتی کـرد بـە شـێوازێك بـەوە وەسفەکرێ کەمتر نهێنی بێت. وەماسۆنیەکان وای دانانێن کە نهێنی یان شـاراوە بێـت دەربـارەی ڕێ ورەسمی بزوتنەوەکـە و چـۆنیەتی جیـاوازی ئەندامـەکانی تـر لـە ڕێکخسـتندا، لەڕاستیدا بۆچونێکە بۆ پابەندبوون بە پەیمان ودڵسۆزی بۆ بزوتنەوەکە کە دامەزرێنەرە سەرەتاکان دەستیان پێکرد وە ئەوکانی دوای خۆی هەر بەوشێوازەیان برد.

ماسـۆنیەکان زۆر ووشـەی ((ئەنـدازیاری گـەورەی جیهـان)) دوبـارە ئەکەنـەوە کەمەبەستیان خوایـە، بـەڵام بـە شـێکیان ئەیگێرنـەوە بـۆ((حیرام ئـەبیف)) ئەندازیاری هەیکەلی سلیمان، وەبەشێکیتریان پیتی G بەهەسارەی زەهرە ئـەنوێنن، وەبـەلای ئـەوان هەسـارەی زەهـرە نوێنەرایـەتی ئەنـدامی نێرینـەی پیـاو ئـەکات، وەهـەروەها یەکێکـە لەناوەکانی شەیتان وە لەلای ماسۆنیەکان خوای ((بافومیت)) ئەگەیەنێت (ئەو خوایـەی کەسوارچاکی هەیکەل تاوانبار کرا بەپەرستنی بەنهێنی لەلایەن فیلیب ی چوارەم پاشای

فەرمسا، وەئەویش لاشەی شەیتانە(لوسیفەر) پەری ڕووناکی دەرکراو لە بەهەشت).

****

پ٣٦: دەستووری ماسۆنی چی یەو کێ نووسیویەتی؟

وەلام: لەساڵی ١٧٢٣ جیمس ئەندرسۆن(١٦٧٩ ــ ١٧٣٩) دەستووری ماسۆنی نووسیەوە، وەئەندرسۆن ماسۆنی بوو زیانی بە چالاکوان دەستی پێکرد لەکەنیسەی ئیسکتلەندا. وەبنجامین فرانکلین دوای ١١ساڵ هەستا بە دووبارە چاپکردنەوەی دەستوور لەساڵی ١٧٣٤ دوای هەڵبژاردنی فرانکلین بە سەرۆکی ڕێکخراوی ماسۆنی لە لقی بنسلفانیا، وەفرانکلین نوێنەرایەتی دەستەیەکی نوێی ئەکرد لەماسۆنیدا، وە ئەم دەستەیەش ژمارەیەك لە ئامەتکی نوێی زیادکرد بۆ مەراسیمی پەیوەندی کردن بۆ بزووتنەوەکە وە پلەی سێیەمی زیادکرد وەئەویش پلەی ماستەرە بۆ دووپلە کۆنکەی تر، دەسپێکەر وە خاوەن پیشە.

ئەوەی شایەنی باسە کە چاپی ئەسڵیەکە بۆ دەستووری ماسۆنی کە ئەندرسۆن نووسیویەتی ساڵی ١٧٢٣ وەدووبارە فرانکلین چاپیکردەوە ساڵی ١٧٣٤ پێکهاتبوو لە ٤٠ پەرە لەمێژووی ماسۆنی لەسەردەمی ئادەم، نوح،ئیبراهیم، مووسا،سلێمان سەلامی خوایان لێبێت، ئەبو خوز نەصر، یولیوس قەیسەر، تاکو پاشا جیمسی یەکەم لە ئینگلتەرا وەلە دەستورەکەشدا بەدرێژی باسی حەوت سەرسوڕهێنەرەکەی جیهانی تیایە وەبەدەسکەوتی ڕاستی ئەندازە ئەژمێردرێت وەلەدەستورەکەدا زانیاری و کاروباری ڕێکخستنی بزووتنەوەکەی تیایە، وەهەروەها پێنج گۆرانی تیایەو ئەبێ ئەندامان بیڵێن لەکاتی بەستنی کۆبوونەوەکاندا.

دەستوور ئاماژە ئەدا کە ماسۆنی بە شێوەی ڕۆژئاوایی سەردەمیانەیدا برەوپێدانە بۆ سەردەمی کۆن لە کتێبی پیرۆز، وەئەوجولەکانەی میسریان جێهێشت لەگەڵ مووسادا

یەکەم ووڵاتیان بۆ ماسۆنیەکان بنیاننا وەمووسا ــ کەخۆیان ئەڵێن ــ زانای ماسۆنی گەورە بوو وە هەندێ وتەوباس هەیە کەمەسیح ی دەججال خۆی سەرکردەیە، وەلەبەر ئەوە یەك چاو هەیە لە هەموو دروشمەکانی وەهەروەها ئەڵێن:کە گوایە(سامری) ە وەئەویش خۆی بە فیرقەی سیانزەیەمی ونبووی (ئەسبات) ئەژمێرێت.

وەهەروەك ووتمان بنجامین فرانکلین هەستا بەدووبارە چاپکردنەوەی دەستووری ماسۆنی ساڵی ١٧٣٤.

****



بنیامین فرانکلین یەکێك لەباوکانی دامەزرێنەران لەو وڵاتە یەککرتووەکانی ئەمەریکا کە دووبارە دەستووری ماسۆنی چاپکردەوە.

گرنگترین هێمای ماسۆنی

پلیكانەی ماسۆنی كە ئەندام بەرز ئەكاتەوە لە ئەنجومەنی ماسۆنی بۆ بەرزترین پلە.

مەدالیا و هێماکانی ماسۆنی و پلەکانی





دروشمی ((دبوس)) بۆ هەر کێیەك ببێتە ئەندامی ماسۆنی ڕۆتاری

بارەگای ئەنجومەنی ماسۆنی گەورە ـــ لەندەن

٤

بیروباوەڕ و ئاهەنگەکانی ماسۆن

- گرنگترین بیروباوەڕو ئاهەنگەکانی ماسۆنی چی یە ؟
- مەرجەکانی ئەندامێتی و چونە ناو ماسۆنیەوە.
- تەرخانکردنی ئەندام لەئەنجومەنی ماسۆنی.
- پلە یەکەمەکان لە پلیکانەی [illegible]

هاوڕێکەم پێمی ووت: تێنەگەم لەوەی کەماسۆنی بنەماو ئاهەنگی پەیمانی هەیە بەر ئاینەکان، ئەمەرێ شارەزایم هەبێ لەسەرێ وەڵامی پرسیارەکەشم ئەمەیە:

پ٢٧: گرنگترین بنەماو ڕێکاکانی ماسۆنی چی یە؟

وەلام: ماسۆنیەکان بزوتنەوەکەیان بەکۆمەڵێك لە چەمکەبنەڕەتیەکان پەیوەستەوە دەبەستن دەکەن وەکو خۆشەویستی برایەتی و ڕاستی و سەربەستی و یەکسانی وە هەمیشە ماسۆنیەکان جێبەجێکردنی ئەم بیروباوەڕە لە شێوەی ئاهەنگدا ئەندام پێی بەر ئەبێتەوە لەپلەی دەستپێکەوە بۆ پلەی مامۆستا وە پلە پێشان بەپێی ترسی ئەندامەکەیە لەسەر هەستکردنی ڕاستی خۆی و وەهەو جیهانەی دەوری ئەویشی وەپەیوەندی بە دامەزرێنەری گەورە کەباوەڕی پێیەتی وە بەرچاوکردنی ئەو شێوەی کەباوەڕی پێیەتی ئەندام.

زۆرێك لە شاراوەیی هەیەسەبارەت بە هێماو ئاهەنگ و هەڵسوکەوتی ماسۆنی وە ساڵەکانی کۆتاییدا سەرکردەکانی ماسۆنی هەستیان کرد کە ئەم هەموو شاراوەیە لەبەرژەوەندی ماسۆنی نیە، وەئەو نهێنیەی کە پێویست بوو لەسەرەتاکانی بزوتنەوەکە بەکارهێنرا بۆ بڵاوکردنەوەی زۆرلەبیرۆکەکانی پیلانەکان لەسەر بزوتنەوەکە وەبزوتنەوەکە هەستا بە بانگێشتکردنی ڕۆژنامەکان و تەلەفیزیۆن بۆ ئاشکراکردنی هەندێ لەکاروبارە شاراوەکان، وە وێنەگرتنی هەندێك لەدانیشتنەکان بەڵام ڕێیان نەدا بە ڕاگەیەندنەکان بەوێنەگرتن وبینینی دانیشتنەکانی پشتپێبەستووەکانی ئەندامەکان.

بەپاڵپشتی ماسۆنیەکان، ئاهەنگە بەدیهاتووەکان کەهەندێك کەس بەترسناك پێی دەکات تەنها هێمایەکە بیناسازە کۆنەکان بەکاریان هێناوە لەسەدەکانی ناوەڕاست وەپەیوەندی هەیە بە هونەری تەلار و ئەندازەوە.

گۆشەی وەستاو و پرگال لەگرنگترین هێماکانی ماسۆنیە، وە ئەم هێمایانەش لەهەموو

ڕێگە و باوەڕەکانی ماسۆنی هەن بەتەنیشت کتابی پیرۆزەوە کەبنکەکە پەیرەوی دەکات وەکاتی باوەڕ پێکردنی ئەندامی نوێ مافی ئەوەیتی کەهەر کتابێکی ئاسمانی هەڵبژێرێ وەهەموو کاتێکدا بەپیرۆزی دابنێت.

ماسۆنیەکان هەندێ هێمای نهێنی بەکاردێنن بۆئەوەی بەهۆی ئەوەوە ئەندامی ڕێکخراوەکان یەکتری بناسن، وەئەم هێمایانەش جیاوازن لەبنکەیەکەوە بۆبنکەیەکی تر. لەساڵەکانی دوایدا کەناڵی جەزیرەی ئاسمانی لەیەکێك لە بەرنامەکانی هەستا بەپیشاندانی فیلمێك تیایدا لێکچوونی ئاهەنگی باوەڕ پێکردنی ئەندامێکی نوێ لە ماسۆنی، کەتیایدا سەرۆکایەتی بەڵگەنامەیی بەسەرچاوەی باوەڕپێکراو دەکرد ڕێکخراوی ماسۆنی دا، وەلەم دیمەنانەدا ئەتوانین دیمەنێك ببینین کەلەلایەن کەناڵێك پەخش دەکرا((سەرۆکی گەورە)) داوای دەکرد لەئەندامێکی نوێ کەلەسەر ئەژنۆکانی بووەستێت وەلەدوای((سەرۆکی گەورە)) ئەم وتانە بڵێتەوە:

((خودای مەزن دەسەڵاتدار بەسەر هەموو شتێك، زاڵی بەسەر بەندەکانتا، لەژێر چاودێری خۆت خۆشی بڕژێنە بەسەرماندا، وەئەم ئامادەبوانە شکۆدار بکەیت وەبەندەی خۆت سەرکەوتووبکەیت بۆ ئەم داواکارە ـ بەچوونی بۆناو هۆزی بیناسازە ئازادکارەکان، بۆبەسەربردنی ژیانی لە گوێڕایەڵی کردنتدا، بۆئەوەی برایەکی دڵسۆزی ڕاستیمان هەبێ.. ئامین))

وەلەدوای کۆمەڵێ لەپەیماندان بەئامادەبوونی کۆبونەوەکان وەپارێزگاری لەسەر نهێنی ڕێکخراوەکە بەگوێرەی کەناڵی جەزیرەی ئاسمانی، ((سەرۆکی گەورە)) ئەم وشانە دەڵێ:

((ئێستا چۆك دابدە لەسەر ئەژنۆی ڕاستت، پێی چەپت چوارگۆشەیەك دروستبکات، دەستی چەپیشم بدەرێ، بە دەستی ڕاستیشت ئەم پرگالە بگرە، وەنوکەکانی بۆلای دڵی ڕاستت بگرە وەلەدوامەوە بڵێ: خوایە خۆت دامەزراوم بکە، وەبەردەوامم بکە

لەسەر ئەم سوێندە گەورەیە وەبەردەوام پابەندم لەسەر ئەم سوێندە گەورەیە)).

وەلەدوای سوێند خواردن ـ دەبێ کەتێکی جەزیرە ـ ((سەرۆکی گەورە)) داواوەکات لە ئەندامەکە بەداچکردنی کتابە ئاسمانیەکە ئەندامەکە پیرۆزە لای ((سەرۆکی گەورە)) دەناسێ بە هەڕەشەکردن لەئەندامەکە بەوەی کە((تووشی لێدان و کوشتن دەبێت ئەگەر ویست رێکەیت لە ڕیزەکانی ڕێکخراوەکە)).

ماسۆنی خۆی جەنابێک نازانێت یان بەبیروباوەڕێک لەبری ئاین، فیکرەی بۆچوونی ماسۆنی دەربارەی بنیاتگەری گەورە هاوجووتە بۆئاینە ئاسمانیە یەککرتووە سەرەکیەکان بەگوێرەی فیکرەی ماسۆنی ئەندام ئازادە لە هەڵبژاردنی بیروباوەڕ، کەڕلکونجاوبێت بۆی بە باوەڕهێنانی بەبەبیهێنەری گەورە بەرەچاوکردنی ئەو ئاینەی کەتاک باوەڕی پێتەهێنێ، وەئەندام وەردەگیرێت لەدەرەوەی ئەوئاینانەی کە بەئاینە یەککرتووەکان دادەنرێت وەک بوزی و هیندۆسی.

ماسۆنیەکان سوورن لەسەر ئەوەی ئەندامێتی ئەو کەسانە پەسەند ناکەن کە هەلگەڕاوەن لە ئاینێکی دیاریکراو وە کەس هان نادەن بۆشوێن کەوتنی ئاینێکی دیاریکراو، وەلەماسۆنی دا ڕێگای بزگاربوون یان دەرچوون نیە کەلەناو هەندێ ئاینەکانی تردا هەیە، وەهەندێک ڕەخنەدەگرن بەبەکارهێنانی ماسۆنیەکان بەووشەی ((worshipful)) لەکاتی گفتوگۆ کردنیان لەگەڵ ماسۆنیەک هەلگری پلەی ماستەر بێت، وە وەرگێڕانی پیتی ئەم ووشەیەش واتا ((پەرستراو)) بەلام ماسۆنیەکان دووپاتی دەکەنەوە کەبەکارهێنانی ئەم نازناوە دەگەڕێتەوە بۆشێوازی زمانی ئینگلیزی کۆن کە ئەم ووشەیە بەکاردەهێنرا بۆ ڕێزگرتن بەواتای ((بەڕێزتان)). هەندێک لەوانەی ماسۆنی تاوانبار دەکەن بەوەی کەڕکابەرێتی فیکرەی ئاینی دەکەن وەفیکرەی عیلمانی بلاو دەکەنەوە بەلام دەستور یان یاساکانی بنچینەی ماسۆنی کەلەساڵی ١٧٢٣ چاپکراوە ئەڵێ: ماسۆنی نابێ هەرگیز ((بێباوەڕیەکی گێل بێت)) وەلەدەستووردا بڕگەیەک هەیە

بەدیاریکراوی: کەنابێت بیباوەڕ وەربگیرترێت وەك ئەندامێکی نوێ وە ئەم مشتومڕە تەما ساڵی ١٨٧٧ لەفەڕەنسا کاتێك لقی فەڕەنسی هەستا بە سڕینەوەی ئەم دەستەواژەیە لەدەستوور وەدەستیکرد بە وەرگرتنی بێباوەڕەکان لەڕیزەکانی خۆی وەدوابەدوای ئەمیش لقی فەڕەنسی هەستا بەسڕینەوەی ئەم بڕگەیە، وەئەمەش دابەشبونێکی خستە نێوان لقی بەریتانی وفەڕەنسی بەلام لە ١٣ یتشرینی دووەمی ١٨٨٩یەکێك لەسەرگەورەی ماسۆنیەکان لە ئەریزۆنا ی وولاتە یەکگرتووەکان بڕیاریدا کە ئەندام ئەتوانێت باوەڕبهێنێت بەبۆچونی جۆراوجۆر بۆ (دروستکاری گەورە) وەهیچ زیانێکی نییەلەو بۆچونەی کەدرووستکاری گەورە بریتیە لە فیکرەو تێگەیشتنێك لەئاستێکی بەرزدا کە مرۆڤ بۆخۆی درووستی بکات.

وە لەچوارچێوەیەکیتردا کۆمەڵەی فیقهی سەربە یەکگرتوی ئیسلامی جیهانی بەیانێکی دەرکرد تیایدا هاتووە:

((ئەندامانی کۆمەڵگە هەستان بە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لەسەر ئەم ڕێکخراوە ترسناکە، وەپیاچونەوەیان بۆکرد لەوەی کەنووسرابوو دەربارەی لەکۆن ونوێ، وەلەوەی کە بڵاوکرابوەوەلە بەڵگە نامەکانیان لەوەی کەنوسرابوو وەبڵاوکرابووەوە لەلایەن ئەندامەکانیانەوە، وەهەندێك لەکۆکراوەکانیان لە نووسینەکانیان، وەلە بابەتەکانی گۆڤارەکانیان کەبەزمانی ئەوانەوە قسەدەکات.

- وەڕوون بوەوە بۆ گشتی بەشێوەیەك کەهیچ شك و گومانێك قبوڵ ناکات لەکۆی ئەوەی کەپیایدا چووەتەوە لە نووسراوەکان و دەقەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ماسۆنی ڕێکخراوێکی نهێنیە ڕێکخستنەکانی جارێك ئەشارێتەوەو جارێك ئاشکرای ئەکات، بەگوێرەی بارودۆخی کات و سات، بەلام بیروباوەڕی ڕاستەقینەکەی نهێنیە لەهەموو بارودۆخێکدا زانیاریەکانیان داپۆشراون هەتا لەلای ئەندامەکانیان، تەنها تایبەتەکان ئەوتایبەتانەی کەوا ئەگەنە تاقیکردنەوەیەکی زۆر بۆ پلە بەرزەکان.

٢ ـ پەیوەندی بنیات ئەنێ لەنێوان ئەندامەکانیان لە هەموو بەشێکی زەوی لەسەر بنچینەیەکی ئاشکرا، وەئەوەش برایەتیەکی مرۆڤایەتیە بۆگەورەیی نێوان هەموئەو هاتووانەی ناو ڕێخستنەکانی بەبێ جیاوازی نێوان جۆرەها بیرباوەڕوو مەزهەبەکان.

٣ ـ کەسانێك ڕائەکێشن کەمەبەستیانبێت بۆناوڕێخستنەکەیان بەڕێگای هەڵخەڵەتاندن بەسوودگەیاندی کەسێتی، گوایە هەربرایەکی ماسۆنی سەربازە لەپەنای هەربرایەکی ماسۆنی تردا، لەسەر هەر پارچەیەك لەپارچەکانی زەوی، هاوکاری ئەکات لە پێداویستیەکانی وئامانجەکانی و تەنگوچەڵمەکانی، وە پشتگیری ئەکات لەئامانجەکانی ئەگەر سیاسیبێت وەپشتیوانی ئەکات ئەگەر کەوتە کێشەیەکەوە لەکێشەکان هەرچییەك بێت گوایە هاوکاریکردنەکەی بۆ هەقە نەك بۆناهەقی، وەئەمەش گەورەترین لەخشتەبردنە کەخەڵکی پێ ڕاو ئەکەن لەجۆرەها ناوەندە کۆمەڵایەتیەکان وە ئابونەشی لێوەردەگرن.

٤ ـ چونە ناو لەسەر شێوەی ئاهەنگ دەبێت لەوەرگرتنی ئەندامی نوێ لەژێر مەراسیم وشێوەکانی هێمای تۆقێنەر بۆترساندنی ئەندامەکە ئەگەر ڕێنماییەکان و فەرمانەکانی پێشێل کرد.

٥ ـ واز لە ئەندامە گێلەکان بۆخۆیان هەر پەرستنی ئاینی خۆیان بکەن وەڕاینەسپێرن بەو کارانەی کەلەتوانایاندایەو وەلەپلەی دونیادا دەمێننەوە، بەلام بێبڕواکان یان ئەوانەی ئامادەن بۆ بێبڕوابوون پلەکانیان بەرزدەبێتەوە لەڕێگای تاقیکردنەوەکانی چەندجارەی ئەندامەکە وەبەگوێرەی ئامادەییان بەخزمەتکردنی پیلان وبیروباوەڕەترسناکەکانیان.

٦ ـ ئامانجێکی ڕامیاری هەیە وە شوێن پەنجەی دیارە لەزۆربەی کودەتای سەربازی و ڕامیاری و گۆڕانکاریە ترسناکەکان بەئاشکراونهێنی.

٧ ـ لە سەرەکی و بنچینەی ڕێکخستنیدا ڕەگی جولەکەیی و بەڕێوەبەری باڵای جیهانی جولەکیی نهێنی و چالاکی زایۆنیزمیە.

٨ ـ لەئامانجە راستی و نهێنیەکەیدا دژی گشت ئاینەکانی تر لەناوبردنی بەتایبەتی و ئەوانی
وەلەناوبردنی موسولمان بەتایبەتی.

٩ ـ سوورە لەسەر هەڵبژاردنی ئەندامانێك كە پلەو پایەی دیاری هەبێ، یان راهێنراو بێ لە بواری
كۆمەڵایەتی یان زانستی یان هەر پلەیەك كە بتوانن كۆمەڵێك ئەندامی تر بخەنە ژێر كاریگەری
لەكۆمەڵگەكەیان، وە لایان گرنگ نیە بە ئەندام بوونی یەكێك پارەیەكیان بدەنێ كە بتوانن
قۆرخی بكەن، وەلەبەر ئەوە زۆر لەوریادارى پاشاو سەرۆكەكان و فەرمانبەرە بەرزەكانی
وولات و هاوشێوەیانن.

١٠ ـــ چەند لقێكی لێدەبێتەوە بەناوی تر لەخۆدەگرێت بۆئامادەكاری و گەڕاندنەوەی
ئاگاداركردنەوە بۆئەوەی بتوانێت لەچالاكیەكانی بەردەوامبێت لەبەرزۆر ناوێك لەگەڵ
بەرەنگاری ناوێكی ماسۆنی بێت لە چوارچێوەیكدا، وەئەو لقانەش بەردە وام بلاوكراوە
بەناوی جۆراو جۆر گرنگتریان رێكخراوی رۆتاری و لیونز. جگە لەمانەش لە بەرووبارەی
چالاكیە پیسەكانیان كەوا یەكناگرن بەگشتی لەگەڵ بنەماكانی ئیسلام وە پێچەوانەكەی
پێچەوانەیەكی گشتیە.

****

پ٢٨: مەرجەكانی ئەندامێتی بۆئەندامبوون بەماسۆنی چی یە؟

وەڵام : لەساڵی ١٨٧٧ كاتێك كە ئەنجومەنی ماسۆنی لە فەرەنسا دەستی كردبە
وەرگرتنی ئەندامانی بێباوەڕان و ئافرەتان بۆ ریزەكانی بزووتنەوەكە وە ئەم جیاوازیە
جۆرێك لە لەتبوونی بەجێهێشت لەنێوان ئەنجومەنی فەرەنساو بەریتانیا،

وەئەم جیاوازیەش سەرچاوەكەی شێكاری جیاوازی هەیە لەلایەن دوولقەكە دەربارەی
دەستووری ماسۆنی كەساڵی ١٧٢٣ نووسرا كەئەمەش دەقەكەیەتی ((نابێت ماسۆنی
بێباوەڕێكی گێل بێت)).

لەساڵی ١٨١٥ ئەنجومەنی سەرەکی ماسۆنی لە بەریتانیا دەقێکی زیادکرد بۆدەستور کەرێگە ئەدرێت بەئەندام پەیڕەوی هەرئاینێك بکات کە لەگەڵی ئەگونجێت وەباسی درووستکەری گەورەی جیهانی تیایە، وەدوای ٢٤ساڵ لقی فەرەنسی هەستا بە هەمان هەموارکردنەوە، وەلەساڵی ١٨٧٧ گۆڕانکاریەکی پیشەیی کرا لە دەستووری ماسۆنی کەساڵی ١٧٢٣ نوسراوە وەگۆڕانکاری کرا لە هەندێ لەمەراسیمەکانی پەیوەندیکردن بە بزووتنەوەکە بەجۆرێك کە رێگای ئاینێکی دیاریکراو بگرێت وەهەر ئەندامێك ئازادە لە هۆگربونی ئەوەی ئەیەوێت بەمەرجێ باوەڕی بە بوونی دروستکەری گەورەی گەردوون هەبێت،

بۆئەوەی کەسێك ببێتە ئەندام لە رێکخراوی ماسۆنی پێویستە لەسەری داواکارییەك پێشکەش بکات بەلقێك لە ئەنجومەن لەو ناوچەیەی کەلێی نیشتەجێیە وە وەرگرتنی کەسەکە یان وەرنەگرتنی بەدەنگدانی نێوان ئەندامەکانی ئەو ئەنجومەنە دەبێت. دەنگدان لەسەر دوو کاغەز دەبێت، بۆوەرگرتنی کاغەزی سپیە وەبۆوەرنەگرتنی کاغەزی رەشە، وەلەبنکەیەکەوە بۆبنکەیەکیتر ئەگۆڕدرێت، وەلەهەندێ بارەگا یەك دەنگی نەخێر بەسە بۆ وەرنەگرتنی کەسێك بەئەندام.

لە مەرجەکانی وەرگرتن لە رێکخراوەکە:

- ئەبێ پیاوێکی ئازادبێت.
- ئەبێت بڕوای بەبوونی دروستکەری باڵا هەبێت بەرەچاوکردنی لە ئاینی کەسێك، بەڵام ئەنجومەنی وا هەیە لەرێکخراوەکە وەك ئەوەی سوید تەنها ئەوئەندامانە وەرئەگرێت کە باوەڕیان بە ئاینی مەسیحە.
- ئەبێت تەمەنی ١٨ ساڵان بێت وە لە هەندێ بارەگا ٢١ ساڵ.
- ئەبێت تەندروست بێت لەرووی جەستەو هۆش و رەوشتەوە وەناوو ناوبانگی پاکی هەبێت.

ـ ئەبێت ئازادبێت نەك ڕاسپێردراو بێت.

ـ ئەبێت ئەستۆ پاکی لەلایەن دوو کەسی ماسۆنیەوەبێت بەلایەنی کەمەوە.

ـ ئەبێت هەڵگری نازناوی زانکۆ بێت بەلایەنی کەمەوە.

ـ ئەندامانی ڕێکخراوی ماسۆنی سوورن لەسەر ئەوەی ماسۆنی بریتینیە لە ئاین و لەبری ئاینیش نیە.

****

هاوڕێکەم ووتی: سوپاسم بۆت دووبارە ئەکەمەوە، وەئێستاش حەزئەکەم شتێك بزانم لەدرێژەی ئەوەی ڕوئەدات لە ئەنجومەن یان هەیکەلی ماسۆنی لە ئاهەنگی تەرخانکردن یان دلنان و بەرزکردنەوەی ئەندامان لەڕێی پلەکانی ماسۆنی، وەپرسیارەکەش ئەوەیە:

پ٢٩: ئاهەنگی ماسۆنی یان ئەوەی پێی ئەڵێن تەرخانکردنی ئەندامان لەپلەکانی ماسۆنی جۆرلوجۆر چییە؟

وەڵام: هەموو هێماو تەلەسمەکانی ماسۆنی کارێکی سوك و ئاسان نیە لەبەردوو هۆ:

یەکەمیان: کەمی بەڵگەنامەو سەرچاوە.

دووەمیان: لەبەرئەوەی ڕێکخراوەکانی نهێنی زایۆنی ئەگۆڕدرێت وەچینێك لە ڕووداوەکانی هەر سەدەو زروفێك دروست ئەبێت لەهەر باروددۆخێکدا، وەگەشەکرنی نوێ شێوەیەك بەخۆوە ئەبینێت کە زەحمەتە بەستنەوەی نێوانیان وەهەروەها نیازی شاردنەوەی ڕاستی نیازەکانیانە.

لەو چوارچێوەی کە گەورە ماسۆنیەکان خۆیان نوسیویانە دەربارەی کۆمەڵەکانیان وەك شاهین مکاریوس کە ماموستای گەورەیە لەماسۆنی وەپلەی ٣٣ی بەدەسهێناوە

وەجگە لەویش، ئەڵێن کە ماسۆنی مێژووی دروستبونی ئەگەڕێتەوە بۆ ئادەم و پێغەمبەران، وەکۆبونەوەکانی دامەزراندن تۆماردەکەن لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ڕۆمانی دوای بەرزبونەوەی مەسیح سەلامی خوای لێبێت، وە ئەوکاتە ماسۆنی ناوی هێزی شاراوەبوو. وەلەو دەقانە لەدەقێك هاتووە: ((ئەی برایانی شاراوە سەرۆك و ئەندامانی هەیکەلەکان کە کارنەکەن لەکۆمەڵەی هێزی نهێنی. کاتێك کە کۆمەڵەکەمان لەسەردەمی کۆن مێژووی دروستبوونی ڕوون نیە،وەهەمووما بەبێشك ئەمانەوێت ئەو نهێنیە بزانین بەلام بۆ بەد بەختی ئەستەمە بۆمان کەهەروەك بۆ باووباپیرانمان ئەستەم بوو وەئەوەی بەردەست لێمە کەوتووە ئەوەیە کە بەڵگەیەکە لەناو کاغەزەکانی پاش هیردۆس ئەکریا سەرۆکی هەیکەلی پێشومان ئەمەش دەقەکەیە:((حیرام ئەندازیاری هەیکەلی سولێمان پلەو پایەکەی لەلایەن گەورەکەیەوەبوو، چاکەیەکی گەورەی هەبوولە ئەندازیاری و دامەزراندن وڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کارەکانی بەپێویستمان زانی کەپلەی سێیەم لەپلەکانی کۆمەڵەکە بەناویەوەبێت واتە((پلەی مامۆستا حیرام)) ((وە تاسەر بەردەوامبێت))،

وەلەگەڵ ئەوەشدا وێنەی ئەم بەڵگەیە مۆرنەکراوە بۆیە بە پێویستمانزانی کە پابەندبین پێوەی ، وەکارکردن بە ویستی خاوەن ئەم فەرمانە هەرکێیەك بێت فەرمان ئەدەین پلەی سێیەم بەناوی حیرام ناوبنرێت لەئێستاوە بەرەوژوور.

وەکاتێك وامانئەزانی کەئەبێت بونی ڕێ وڕەسمی ئاهەنگ ئەبێت پابەندبین پێوەی لەکاتی بەخشینی ئەم پلەیە، بۆیەد بەختی دەقێکمان ئەدۆزیەوە وەئێمە بەیارمەتی براپێشنیپیەستووەکانی هەیکەلی سەرەکی دامانئا کەئەبێت پابەندبین پێیەوە وەلەوپاسایانەی دامانئا ئەمانەن:

یەکەم: لەهەرهەیکەلێکدا ژوورێکی زۆربچوك تەرخانئەکرێت کە ڕۆشنی تیانەبێت وە برایەکی پلەدوو دێلن چاوەکانی بەستراوەتەوە پێش ئەوەی بچێتە هەیکەلەکە چاوی

ئەکەنــەوەو دەرگاکــە دائەخــەن، ئنجــا تابوتێــك ئامــادە ئەکــەن و وەپەردەیــەکی ڕەش لەســەری نووســراوە ((زینــدوو ، مــردوو)) وە تــەنها هەردووکوڵەگەکــەو مێــزی ســەرۆك بەدرووشمی ڕەش ڕازاوەتەوە.

دووەم: یــەکێك لــە باوەڕپێکراوەکــان ئــەنێردرێت بــۆ گــەڕان بــەدوای ئــەو شــاراوەیەو ئەگەڕێتــەوەو ئــەڵێت: ئەمدۆزیــەوە دیســان دوانــیتر ئــەنێردرێن وەئەگەڕێنــەوە و ئــەڵێن ئەماندۆزیە و چواریتر ئەنێرن ئەیدۆزنەوە لەوێوورەتاریکە.

سێیەم: باوەڕپێکراوەکــە ئــەڕواو تابوتەکەشیان پێیە ئەوبرایەی باسـکرا ڕاینەکێشن لەتابووتەکــە وەچــاوی ئەبەســتنەوەو وەداینەپۆشــن وەلەسەریشــەوە چــلە دارێــك هەیــە، وەئەیهێنن بۆ هەیکەل وەلەنێوان دووکوڵەگەکە دایئەنێن .

چــوارەم: ســێ گڵــۆپ دائەگیرســێت، دووان لــەلای ڕاســت وچــەپیەوە لــەلای ســەریەوە، وەیــەکێکیش لــەخوارەوەی تابوتەکــە لــەلای قاچــیەوە وەباوەڕپێکراوەکــە دەســتەکات بەگریان و خەفەت خواردن و پیاهەڵدان لە پێناو ئارامکردنەوەی گیانی حـیرام کەنوێنــەرە لەم ئاهەنگە.

پێنجەم: سەرۆك بەرەوتابوتەکەئــەڕوات وەســەری هەڵئەداتەوەوهــەموو هاوارئەکــەن: ((حیرام زیندووە)) دیسان سەرۆك دائیئەپۆشێتەوە.

وەکەتـــەواوبوون لەوانـــەی کەباســـکرا ســـەری هەڵئەدەنـــەوە وەچـــاوی ئەکەنـــەوەو ئەوەلەناویەتی هەڵئەستێت وەسەرۆك پێی ئەڵێ: ئەی برا ئەزانم کەتۆ بەبەرزبونــەوەت بــۆ پلــەی مامۆســتاحیرام نمایشــێکی مــردووی زینــدوتکرد، مردوویــەك کوژرابێــت لــەجیهاددا لــەکاتی چــالاکیەکەی، وزینــدووش بــە بێــدەنگی، وەپێویســتە لەســەرت کەپابەنــدبی بــە جیهادەکەی وە چالاکیەکەی وەبەنهێنی پاراستنەکەی.

وەپێویستەبرای نوێ بەم ووتانەی پێشووی باسکراو: مـن تــەنها هێــزو ویســت و ...تــاد.

دوای ئەوە سەرۆك نهێنی پلەکەی پێ ئەڵێ بۆیەکترناسین سێ نهێنی هەیە:

١ ـ ئەگەر بتەوێت خۆت بناسێنی لەخۆت بەرزتر یان پیتی یەکەم ئەڵێی لەناوی جاکین وەڵامت بدلتەوە بەپیتی دووەم.

٢ ـ وەیان ئەڵێیت ((مردوو)) وەڵامت ئەداتەوە بە((زیندوو)).

٣ ـ وەیان دەستی چەپت دائەنێی لەسەر لاجانگی چەپت وەبەخێرایی دای ئەگریت کەدەست کراوەبێت .

شەشەم: دوای تەواوبونی ئاهەنگەکە و پێدانی نهێنیەکە قەمیسێکی ڕەش ئەکەنەبەر پلەبەرزکراوەکە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەوا بەشداریمان ئەکات بە پەشیمانی بۆ حیرام وەگڵۆپەکان ئەکوژێنەوەو ئەی گەڕێننەوە بۆ ژوورەتاریکەکە، پابەندبن بەم یاسایانەوە وەبەیاسای سەرەکیمانی دابنێن.

((سەرۆك جەواب ئەدۆنیرام)).

هەروەها قەمیسەڕەشەکە پێویستە وێنەی کەللەسەر، وەچەکوش، وەگۆشە ی لەسەربێت بەڕەنگی سپی وەلەژێر ئەم وێنانەشەوە ووشەی ((مردوو، زیندوو)) نووسراوە بەڕەنگی سوور.

****

پ٣٠: ئەمانەوێت ڕۆشنایی بکەیتە سەر پلەکانی یەکەم لە پلیکانەی ماسۆنی؟

وەڵام: سێ پلەی یەکەم لەپلیکانەی ماسۆنی کەبەپلەکانی چاوبەستکردن ناسراوە ئەوانەی هەڵئەخەڵەتێن بەدرووشمەکانی ماسۆنی وە ئاگایان لە ترسناکیەکانیان نیە، وەئەو پلانەش: دەسپێکەر، و خاوەنپیشە، و پلەی ماستەر.

ئەمانەش پلەکان و ئاهەنگەکانیان و هێماکانیانن:

أ ـ پلەی دەسپێکەر:

پلەی دەسپێکەر یان Entered Apprentice Degree، لەدەسپێکەر دەردەکەوێت بەپێی بیروباوەڕی گشتی ژیانی ماسۆنی، وەلەسەری پێویستە لەکاتی سوێندخواردنی ئەندامێتی کەبەرگێکی تایبەت بپۆشێت کە بارەگانەیداتێ، وەبەگوێرەی ماسۆنیەکان وەئەو ئاهەنگانەی کەهەندێك بەترسناك باسی دەکات جگە لەهێمایەك کەماسۆنیە سەرەتاکان بەکاریان هێناوە هیچیترنیە، کەمرۆڤی کۆن باوەڕی بەوەبوو کە گیانی مرۆڤ دادەبەزێت لەئاسمانەکانی دنیاوە پێش ئەوەی جێگیربێت لەلاشەی مرۆڤ لەکاتی لەدایکبووندا وەبەپێی بیروباوەڕی کۆن وەئەو گیانەش سیفاتەکانی ئەو ئاسمانە تایبەتە وەرئەگرێت کەپیایدا ڕەت بووە کاتێك کە بەرەو گیان ڕۆیشتووە.

ماسۆنیەکان واباسی ئەو چاوبەستنەوەیەی دەسپێکەرنەکەن لەکاتی سوێندخواردنی کەهێمایەکە بۆ ئەونەزانی و یان ئەوتاریکیەی کە کەسەکەتیایدابووە لەپێش ئاشکرا بوونی ڕاستی خۆی لەڕێگەی ماسۆنیەوە، وەئەو پارچە قوماشە لائەبردرێت کاتێك دەسپێکەر کەسوێندئەخوات ئامادەیە بۆ پێشوازی لە ڕوناکی، وە دەربارەی حەبلی بەکارهێنراو لەکاتی سوێندخواردندا ماسۆنیەکان وەك هێمایەك بۆ ناوك ئەیگەڕێننەوە کەزۆرگرنگە بۆ دەسپێکردنی ژیان، بەلام دوای سوێندخواردنەکە ئەبردرێت بەمەبەستی خۆشەویستی و چاودێریکردن کە پێویستن بۆ بەردەوامی ژیان، دوای ئەوە سوڕانەوە بەدەوری هەیکەل دەسپێدەکات بەشێوەی سوڕانەوەی میلی کاتژمێر کەماسۆنیەکان بە جوولەی خۆری دائەنێن، وەلەکاتی سوڕانەوە دەسپێکەر هەست بەپاسای (کەون) ئەکات وەدوای سووڕانەوە دەسپێکەر کڕنۆش دەبات بۆ هەیکەل، وەئەم هەیکەلەش بەگوێرەی ماسۆنی هێمایە بۆ خاڵی بەگیشتنی کەسەکە بە درووستکەر بەرەچاوکردنی ئاینەئاسمانیەکان کە دەسپێکەر پەیڕەوی ئەکات وەئەم هەیکەلە ئەکەوێتە ناوەڕاستی بارەگا. تواناکانی

دەسپێکەر دیاریکراوە بۆنمونە ناتوانێت دەنگبدات بۆوەرگرتنی ئەندامێکی نوێ، وەمافی ڕێکخستنی کاری خێرخوازی نیە، بەلام ئەتوانێت ئامادەبێت لە کۆبونەوەکان و ئاهەنگی تەرم ئەگەر ئەندامێکی ماسۆنی مرد.

ب ـ پلەی خاوەن پیشە:

پلەی خاوەن پیشە یان Fellowcraft Degree ئەم قۆناغە نوێنەرایەتی قۆناغی پێگەیشتن و بەرپرسیاری دەکات لەژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی بەپێی فیکرەی ماسۆنی، وەپێویستە لەسەر ئەندام لەم قۆناغەدا ((ڕەوشتی چاکە)) بنیات بنێت وەهاوکاری بکات لە چاککردنی باروتۆخی کۆمەڵ کە تیایدا دەژێت. لە مەراسیمی ئەم پلیەدا کەلوپەلێك بەکار ئەهێنرێت کە لەکۆندا بیناسازەکان بەکاریان هێناوە، وەپێویستە لەسەر ئەندام کەسەرکەوێت بەسەر پلیکانەکە کۆتایی بێت لە ناوەڕاستی هەیکەلەکە وەك هێمایەك بۆ سەرکەتن و پێشکەوتن لەتێگەیاندنی ئەندام لەبیروباوەڕی ماسۆنی . لەم پلەیەدا ئەندام بەدرێژی شارەزاییەکی ورد ئەبێت لەواتاکان و هێماکانی ئەو ئاهەنگەی کە ماسۆنی پەیڕەوی ئەکات.لە گرنگترین ئەو کەلوپەلانەی بەکار ئەهێندرێت لە ئاهەنگی ئەم پلەیە گۆشەی وەستاوە کەهێمایە بۆ ـ بەپێی بیروباوەڕی ماسۆنی ـ گۆشەی داواکراو لە بینای دیوار لە بنەرەتیەکی بەهێز، وەلەم قۆناغەشدا دوو کۆڵەگە هەیە لەسەرەتای چونە ژوورەوەی گۆرێکی هێمایی لە پەرستگای سولێمان، وەهەندێك لای وایە دوو کۆڵەگەکە واتای شەوو ڕۆژ ئەگەیەنن کەوا ـــ بەبیرو بۆچونی کۆن ـــ دروستکەری گەورە بەکاریهێناوە بۆ ئامۆژگاری بەنی ئیسرائیل بۆڕێگایەك کە ئەتبات بەرەو ئەو زەویەی پەیماندراوە.

ج ـ پلەی ماستەر:

پلەی ماستەر یان Master Mason Degree وەئەمەش بەرزترین پلەیە لەماسۆنیدا، وەهەلدیَ بارەگا هەیە تەنها ئەو ئەندامەماسۆنیانە وەرئەگرێت کە

گەیشتونەتە پلەی ماستەر، لەم قۆناغەدا وەرەدۆچوونی ماسۆنی لەپەلام لەگاڵنە دژخوی هاوسەنگی لەنێوان ((هۆکارە ناوخۆییەکان کەدەروونی ئەمرۆییە)) وەلایەنی گرانی کە ئێبەستێتەوە بە دروستکەری گەورە.

لەو هێمایانەی کە لە ئامەنگەکان بەکاری دێنن ئامێری پێوانە کەپێی دەڵێن ((مالاژم)) کەهێمایە بۆ بەستنەوەی هەموو چەمکەکانی ماسۆنی و بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی برایەتی، وەلەروانگەی ماسۆنیەوە ئامەنگی ئەم پلەیە ئامادەیە بۆ ماستەر لەتەلاردا هیرام ئابیف کەیەکێک بوو لەبیناسازە سەرەکییەکان لەپرۆژەی بیناکردنی پەرستگای قودس لەسەردەمی سولێمان، وەلەهێماکانی تری مەراسیمی ئەم قۆناغە دروشمی خەنجەری پاشایەتی یەکەهێمایە بۆ هۆزەکانی بەنی ئیسرائیلی کۆن.

لەلێپرسراوییەتیەکانی ماستەر دەنگدانە بۆ وەرگرتنی ئەندامی نوێ، پیان هەستان بە کاروو پرۆژەی خێرخوازی، وە لێکۆڵینەوەو گەڕان لە پشت داواکانی ئەندامییەتی وەبەرپرسیارییەتی ئابووری جۆراوجۆر.

هەندێک وای بۆدەچن کەپلەی ژمارەیی لەماسۆنیدا هەیە بەڵام ماسۆنیەکان ئەم پروپاگەندەیە بە پروپاگەندەیەکی هەڵەی دادەنێن، بۆنمونە پارەگای گەورە لەئیسکۆتلەندا بەپێرەوی یاسایەکی ژمارەیی ئەکات وەبەناوبانگترین ئەوپلەیەش پلەی ٣٣ یە وەئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ٣٢ پلە لەژێر ئەم پلەیەوە هەیە وەهەروەها ئەوەشناگەیەنێت کە پۆلێنکردنێکی ترمەیە بۆ پلەکانی ماسۆنی، ماسۆنی تەنها ٣ پلەی هەیە وەپلەی ٣٣ بروانامەی ڕێزلێنان وشکۆدارییە بۆکارە چاکەکان کە کەسێکی دیاریکراو هەستاوە بەئەنجامدانی بۆخزمەتکردنی ماسۆنی.

وەهەروەها لەیاسای ماسۆنی ئیسکۆتلەندی پلەی شکۆداری تری بەناوبانگ هەیە کەئەویش پلەی ١٤، وەئەوانە زۆرجار ئینگوستیلەی تایبەت بەخۆیان لەپەنجە ئەکەن کاتێک کە بروانامەی شکۆداریان پێئەبەخشرێت.

وێنەی ئەندامانی ئەنجومەنی ماسۆنی لە میسر ڕۆژانی پاشای میسری فاروق

وێنەی ئەنجومەنی ماسۆنی ـ لوبنانی

جل و بەرگی ماسۆنی

٥

ئایینی ماسۆنی

ـ بەستنەوەی سەرهەڵدانی ماسۆنی بەمێژووی مرۆڤایەتی و پێغەمبەران لە ئادەمەوە سەلامی خوای لێبێت فێڵی ماسۆنیە.

ـ بەستنەوەی ماسۆنی بە بیرباوەڕە ئاسمانیەکانەوە بۆ ڕێ ونکردن لە خەڵکی.

ـ هەڵبەستراوەکانی ماسۆنی بۆسەر پێغەمبەرانی خودای گەورە.

پ٣١: پرسیار: وابزانم گرنگە لە مەسەلەی ماسۆنی.. وەئەوەش دەربارەی مێژووی سەرهەڵدانی ماسۆنیە کەماسۆن ئەگێڕنەوە بۆ سەرەتای مێژوو لە سەردەمی ئادەمەوە سەلامی لێبێت؟

وەڵام : ماسۆنی وەکو فیکرەیەکی پیلانگێڕان لەسەر جیهان درووستکراوێکی جولەکەیی زایۆنیزمی پوختە کراوە، وەجولەکەی ماسۆن هەوڵئەدات بۆ چەواشەکردنی هەموان بەوەی کەماسۆنی مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئادەم سەلامی لێبێت، سەر لەخەڵکی تێکئەدەن بۆڕاستیەکان وەئەمەش ڕەوشتی جولەکەیە هەمووکات هەتا شاهین مکاریۆس کە ماسۆنیە لە پلەی ٣٣ لەکتابەکەیدا ((نهێنیە شاراوەکان لەکۆمەڵەی ماسۆنی)) ئەڵێت کە پاشا سولێمان ی کوڕی داود پێغەمبەر سەلامی لێبێت یەکەم مامۆستای گەورەبوو لە فەرماسۆنی . داود پاشایەتی گرتەدەست دوای ئەوەی ویستی ـ کوشتنی ـ ئوریا مێردەکەی.

هەروەها شاهین[1] ئەڵێ مامۆستا گەورەکانی ماسۆنی ئەمانەن پاشای پێغەمبەر سلێمانی کوڕی داود سەلامیان لێبێت وەحیرام پاشای دووەمی مامۆستای گەورە، وەحیرام ی سێیەم مامۆستای گەورە، ئەوانەبون کەوا دەستەی ئەنجومەنەکانی ماسۆنیان کردە سەر شێوەی هەیکەلی ئۆرشەلیم، وە خوێندنەوەی دەقەکانی تەوراتی زیادکرد لەکۆبونەوەکانی تەرخانکردنی ئەندامان وەئاهەنگەکانی ماسۆنی بەڵگەیە بۆ جولکەیی ماسۆنی.

****

پ ٣٢ : هەردەم ماسۆنی بیروباوەڕی ئەبەستێتەوە بەبیروباوەڕەکان و نێردراوە ئاسمانیەکان، ئایا تاچەند ئەمە ڕاستە؟

---

١) شاهین مکاریوس(١٨٥٤ ـ ١٩١٠) ماسۆنی مەسیحی عیلمانیە دژ بە کەنیسەی مەسیحیە ماسۆنیە لەپلەی٣٣ .

وەلام : بەڵێ ماسۆنی هەوڵیانداوە ماسۆنی وا دەربخەن کە بیروباوەڕێکی ئاسمانی پەیوەستن پێوەیەوە بەبیروباوەڕە ئاسمانی و پێغەمبەران و نێردراوانەوە، بەم شێوەیە خستیەڕوو ماسۆنی گەورە موحەممەد ڕەشاد فەیباز لە کتابەکەی ((ڕووناکی گەورە)) وەئەم پیاوە سەرۆکی ئەنجومەنی شەرەفی گەورەی جیهانی ماسۆنی یە[٢].

وەلەکتابەکەی ((ڕوناکی گەورە)) فەیباز هەوڵیدات قسەی هەڵبەستراو لەنێوان کتابە ئاسمانیەکان و وەنێوان کتابە دانراوەکان بۆ چەسپاندنی لەسەر سیاوێلکەکان کەوا بیروباوەڕی ماسۆنی بەناوبانگترو بەرزترینە لەهەموو بیروباوەڕەکانی تر کەناتەواوین بەبۆچونی ئەو، وەدەسپێدەکات بەناوی ڕوناکی ئەقڵ، ئەندازیاری بێکۆتایی گەورە وە بە بوون و ڕوناکی و هۆشی خۆیی، وایدانەنێت کەجیهان شوێنەوارێکە لە ئەندازەییەکەی.

وەفەیاز ئەڵێت نوح سەلامی خوای لێبێت وەهاوەڵەکانی کاتێک زانیان چی بەسەر ئەوخەڵکە دێت لەبێباوەڕان لە خنکان وە بەمیلاکچوونی سەرنشینانی کەشتیەکەلەگەڵ هاوەڵانی بیناسازە ئازادەکانی کەشتی ڕزگاربوون لەنێوان شەپۆلەکانی نەزانی و تاریکیدا، بەڵام برا ڕزگارکەرەکان بیروبڕوا سێ سەرداریەکەیان ژیاندەوە، لە هەیکەلی نورانی کە دامەزراوە لەسەر چاکترین بنچینەی زانست و زانیاری،

بەمشێوەیە فەیباز ئەڵێ بیناسازانی ئازادی ماسۆنی هەبوون لەئادەمەوە سەلامی لێبێت وەگشت پێغەمبەرەکانی تر وەئەمەش درۆو بوختانە.

---

٢) موحەممەد ڕەشاد فەیازتەرخانکرا بۆ ماسۆنی سالی ١٩٢٤ لەئەنجومەنی ئەلتە لەتورکیا وەبوو بەسەرۆکی ئەنجومەنی ماسۆنی ژمارە ٣٨ ئاستانجول وەبەرزکرایەوە بۆپلەی٢٣سالی ١٩٢٦ وەبەرزکرایەوە بۆزۆرێك لە پلەکانی ماسۆنی بالا لەوانەش سەرۆکی ئەنجومەنی خۆرهەلاتی جیهانی سالی ١٤٠٦کۆچی،

ئەڵێ کەتەواوبیروبڕوای ماسۆنیەکان لەهەموو سەردەمەکاندا لەهەموو بیروبڕواکانیتر پەسەندکراوترو بڕوابێکراوتربوو، وەئەڵێ کەداود پاشاو پێغەمبەر سەلامی لێبێت یەکێبوو لە بیناسازە زیرەکەکان، و پارێزگاریکرد لەبیروباوەڕەکان و پەیمانەکان وە وەسێتیکرد بەدروستکردنی پەیکەری هێمای مرۆڤایەتی، کەسولێمانی کوڕی جێبگرتەوە پەیکەری مرۆڤایەتی دروستکرد لە ئۆرشەلیم، وەحیرام ئەبیف سەرپەرشتیاری وئەندازیاری دروستکردنی کرد، سولێمان و حیرام لەبەردەم پەیکەرەکە دوو کۆڵەکەیان دانا لەبەردی ئەڵماس وە ناویان نا لەکۆڵەکەی ڕاست پیتی (ب) وە لەکۆڵەکەی چەپ پیتی (ی) یان (ج) هێما بۆ هەردوو گەورەزاتەی یوسف و بنیامین.

****

پ٢٢، کێ وشەو هێمای داناوە بۆ پلەکانی ماسۆنی ؟

وەلام: لە دوای تەواوبونی هەیکەل حیرام ئابیف وشەی هێمایی نهێنی دانا بۆ پلەکانی ماسۆنی وەشیکردنەوەی قەوارەی بوونی بەسێ ڕوکنی پلەدار وەدوای ئەمە حیرام تیرۆر کرا لەلایەن سێ کەسەوە.

****

پ٢١، هەیکەل چییە لەماسۆنیدا؟

وەلام: هەیکەل شوێنی پەرستنە کاهینە گەورەکانی شوێنەوارناسان بەپیرۆزیان دادەنا.

****

٦

گرنگترین بیروباوەڕەکانی ماسۆنی

- پەیوەندی ماسونی بەئاینەکان.
- ماسۆنی و جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت.
- واتای درووشمی ماسۆنی ((ئەندازیاری گەورەی گەردوون))
- چۆن ماسۆنی دزەی کردە ناو مەسیحیەوە.
- جیاوازی تێگەیشتنی سەربەستی و برایەتی و یەکسانی لەماسۆنی لەئیسلامدا.

پ٢٥: پەیوەندی ماسۆنی بەبیروباوەڕەکانی ئاینیەوە چیە؟

وەڵام: ئامانجی گەورەی ماسۆنی نەهێشتنی بیروباوەڕی ئاینی و دژایەتیکردنی گشت ئاینەکانە و ئامادەکاری ئەکات بۆ هاتنی مەسیحی دەجالی چاوەڕوانکراو لەلای جولەکە، لەبەرئەوەی ئەم مەسیحی دەجالە بانگێشەی خوا بۆخۆی دەکات لە کۆتایی دنیا.

****

پ٢٦ : چۆن ئەکرێت ماسۆنی ئاینەکان هەڵوەشێنێت؟

وەڵام: ماسـۆنی داوادەکـات بـۆ لێکۆڵینـەوە بـەدوای ڕاسـتیدا، وەلەچوارچـێوەی لێکۆڵینەوەکەشدا بانگەشـەی دەربرینـی ئـازادی هـۆش وەئـاین وپێغەمبەرایـەتی و نوێـژ وەهەرشتێك کە هەر ئاینێکی ئاسمانی باسی لێدەکات بکرێتە بابەتی لێکۆڵینـەوە. ئـەوان ئەڵێن ئاین لە ڕوانگەی سایکۆلۆجیەوە ئەبینـدرێت، بـەم شـێوەیە ڕونیدەکاتـەوە جێگـری ئەنجومەنی ماسۆنی لەبەرلین وە ئەڵێ: ئەوانـەی کـەخاوەنی فکـرەی ئـازادن بریارئـەدەن وەئاشکرای ئەکەن ئازادی ویژدان وئازادی لێکۆڵینەوە، واتە ئازادی ڕەخنەی بیروبـاوەڕی و ئاینی، ئەوان هەموو بیروبڕوایەك ڕەتئەکەنـەوە کەلەسـەر بنچینـەی سـروش ــ وحـی ــ کەسەرچاوەکەی هەرکوێیەك بێت ئەم سروشە[1].

وەلەڕونکردنەوەیەکدا هات کە ڕۆژهەڵاتی گەورە لەفەرەنسا ڕایگەیاند لەساڵی ١٨٥٦:

((ئێمەی ماسۆنی ناتوانین بوەسـتین لەشـەڕکردن لـەنێوان ئێمـە وە نێـوان ئاینـەکان، چونکە هیچ ڕێگایەك نیە ئـەبۆڕزگاربونمان وەئـەبۆ ڕزگاربونیـان، وەئـەبێ یـان بمـرن یـان بمرین، وەماسۆنی ئارام نابێت تەنها لەدوای داخستنی پەرستگاکان نەبێت)) .

---

١) الادبيات الماسونيه ــ د.حسين عمر حماده.

کوکفیل لەئەنجومەنی مەنفیس لەلەندەن ووتی:((ئێمە ئەگەر ڕێگەماندا بەموسوڵمان یان بە نەسرانی بەچونە ناو یەکێ لەهەیکەلەکانمان، ئەمەش وەستاوە لەسەرمەرجی ناوخۆ پێویستە لەسەرمان بەچەولشەیان بخەین، کە نکوڵی بکات لەکارە ئەفسوناویەکان و خیالیەکانی کە هەڵخەڵەتا پێی لەگەنجیەنیدا)) [1].

وەهەروەها لە کۆنگرەی ماسۆنی لە بلفۆر هاتووە ساڵی ١٩١١: ((ئێمەی ماسۆنی دوژمنی ئاینەکانین، لەبەرئەوە لەکۆمەڵگاکانمان هەموو توانایەکمان بەکارئەهێنین بۆسرینەوەی کەمترین دیاردەی ئاینی [2].

****

پ٢٧: ئایا پەیوەندی هەیە لەنێوان بیرو باوەری جیاکردنەوەی ئاین لەسیاسەت یان بەوەی کەبە عیلمانی ناساوە؟

وەلام: ماسۆنی بەجولەکە بوو هەوڵ ئەدات بۆ نەهێشتنیئاینەکان، وەلەبەر ئەوە جیاکردنەوەی ئاین دامەزرا: ((ڕامیاری نیە لەئاین وەنە ئاین هەیە لە ڕامیاری)) .
بەعیلمانی کردنی بیرو باوەری ئیسلام فراوان بووە بۆجیاکردنەوەی یاسا ئاینیەکان لە یاساکانی شارستانی بەشێوەی پیلانێکی ڕێکخراو بگونجێت لەگەڵ کۆ مەڵگاکان، شۆرشی فەرەنسی هات بۆجێبەجێکردنی ئەم بیرو باوەڕەی جیاکردنەوەی ئاین لەسیاسەت یان جیاکردنەوەی کەنیسە لەدادگای شارستانی، وە ئەم دەقەش لەدەستوری فەرەنسی هاتووە، وەرگێڕانی تەواو بۆزاراوەی عیلمانی ((نائاینی)) یان دونیایی، وەبەواتای جیاکردنەوەی کەنیسە کەدەسەلاتێکی ئاینە لە دەوڵەت هەروەك ڕوویدا لەدوای شۆڕشی فەرەنسی.

---

١) تەماشای ((أوقفوا هذا السرطان)) ــ دسیف الدین البستانی.

٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بەلام لە وولاتە عەرەبیەکان و ڕۆژ هەلاتە موسولمانەکان پیلانی ماسۆنی بەڵ جێبەجێکردنی عیلمانی بەقۆناغ بوو بەبنیات نانی کاریپێویست دەستی پێکرد کە پەیوەندی ڕوکەشی هەیە بە موسولمان یان ئەگونجێت لەگەڵ موسولمان تەنها لەڕوی بیرو باوەڕەوە، وەدەقەکانی چارەسەرناکرێت بەدرێژی کەوا ڕێنەکەوێت لەگەڵ بارودۆخە وەستاوەکاندا یان بنیتنانی کاری پێویست لەبری هەندێ لایەنی موسولمان، وەجیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت لەکۆتادا وەئەوەش ئامانجی دیاریکراوی ماسۆنیە.

وە ئەو قۆناغانە جێبەجێکرا لەوولاتە ئیسلامیەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، وەئێستاش ئەیەوێت بەرهەمەکەی کۆبکاتەوە وەئەمەشی بەدەست هێنا لەهەندێ لەو وولاتانە وەك تونس و تورکیا

****

پ٢٨: ئەبیستین کەماسۆن دەستەواژەی ((ئەندازیاری گەورەی گەردوون)) بەکار ئەهێنن وەئەیکەنە بروشمی خۆیان، واتای ئەم درووشمە چی یە؟

وەلام: ((ئەندازیاری گەورەی گەردوون)) بریتیەلە پیرۆزیەك لەلای ماسۆن واتە ئەندازیاری گەورەی ماسۆن تەنها درووستکەر نییە لەم گەردوونە، بەڵکو ئەندازیاری تریش هەن پشتیان پێبەستوە وەلەناویشیاندا ئەولە هەموویان گەورەترە، وەبەمەش ئینکاری تەنهایی خودا ئەکەن. ـ پەنابەخودای تاك وتەنها ـ

****

پ٢٩ : چۆن ماسۆنی چووەناو ئاینی مەسیحیەوە؟

وەلام: هەروەك باسمان کرد بیرو باوەڕی ماسۆنی نورانی پلانگێڕی لەگەڵبونی جولەکەدا هەیە لە هەموقۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، وە دوای هاتنی مەسیح سەلامی

لێبێت بەپەیوەندییەکی نهێنییەوە جولەکە بیانەوێت بەوە ((ئەوەیە هیوای هاوارە))
دروست بوو لەساڵی ١٣٧٠ بەدەستی پاپای ئەڵمانیا میرەیس لەکاتێکدا بەشێک لەوانەکە
لەوانەش حیرام ئابیود وەتامانجی دڵپاکی شارێکەوانی عیسای کوڕی مریەم سەلامی
لێبێت،

هەروەها هەندێک لە ماسۆنییە مەسیحییەکانی ئەڵمانیا ساڵی ١٦٦ کاکچی
بەرپرسیاری چەوسانەوەیان لەلایەن ئیمپراتۆری ئەڵمانی لەو کاتەدا، وەتامانجی لەو
ماسۆنیانە جیاجیاکردنی پیلانە نهێنییەکانیان بەپاپاگانەوە، هەروەها سوڵتان
وەتامەزرانندنی دەوڵەتێک بۆیان لەئەڵمانیا وە چەوسانەوەی ماسۆنی لەلایەن
ئەڵمانییەکانەوە لەبەرئەوەی شارێکەوتوانی ئایینی مەسیحی بووە وەچەوسانەوەکە
بەردەوام بووە هەتا ساڵی ٢٠٠ کەئیمپراتۆریا ((ساڵار)) رێگەی پێدان بە دامەزراندنی
لەنجومەنێک بۆیان لە بەریتانیا وە ئیمتیازات وەلەندەن ماسۆنییانی دایەنی هەتا هەستی
بەدروستکردنی شوراکان لە بەریتانیا بۆ پاپاکانی کردنی سەرکردەکەی لە هێزەکانی
ئینگلتەرییەکان،

وەلە سەردەمی ئیمپراتۆری لوسەتانییەکان کە دەسەڵاتیان گرتە دڵی مەسیحییەکان لە
ساڵی ٣٢٥ ماسۆنی بڵاو بووەوە وەپیاوانی ئایینی مەسیحی جولە لەناو ماسۆنییەوە، وەبەم
شێوەیە ماسۆنییەکان توانیتیان تێکەڵی مەسیحی بن وەیاساکانی لەئەوروپی زیادکرد
لەئینجیلەکان و تاراتاوەکان وەهاوپەیمانێک بە ئەوان[1]،

****

---

١) سەیری (الموسوعة الماسونیة) ـ حنا أبوراشد ـ بکە،

پ١١ ماسۆنی دروشمی ((سەربەستی و برایەتی و یەکسانی)) وەنەوەش هەمان دروشمی شۆڕشی فەرەنسییە، ئایا پەیوەندی ئەم دروشمە چییە بەبیروباوەڕی ماسۆنی پیلانگێڕی؛ وە واتای سەربەستی چییە لە ئیسلام وەبەپێوانەی سەربەستی لەماسۆنیدا؟

وەلام: بەڵێ هەرچەند ئەم پرسیارە درێژ بوولەدەربڕینی، بەلام گرنگە وەلەبەردەمان ئاسۆیەکی پان دەکاتەوە بۆئەوەی بزانین سەربەستی چییە لەئیسلام و وەلەلای ماسۆن.

سەربەستی لەئیسلام واتە ڕزگاربوون لە پەرستن جگەبۆخودای گەورە نەبێت، بەلام واتای سەربەستی لای ماسۆنی واتە ڕزگاربوون لە ئاین وبەهار ڕەووشت.

لەبڵاوکراوەیکی ماسۆنی هاتووە لەساڵی ١٩٣٥ کە لەلەندەن دەرچووە:((ئاواتمان ئەوەیە کەکۆمەڵێك لەخەڵك پێکبخەین بۆئەوەی ئازادی سێکسی بن، ئەمانەوێ کەسانێك دروستکەین کەشەرمناکەن لە ئەندامی زاوزێیان)).

ئایا بینیت جیاوازی نێوان هەردوو ئازادیەکە، جیاوازیەکی گەورەی بەرفراوانە، لەلای ماسۆن واتە ئازادی ڕەووشت وەلەبەر ئەوە یانەی ڕووتیان دامەزراند لەزۆرێك لەووڵاتان، بەهەموو هۆکارێك بەرفراوانیان کردەوە بۆ وێرانکردنی بەرگری گەلان جگە لەجوولەکە وە لەناوبردنی بنەمای ڕەووشت، وەبرایەتی لای موسوڵمان مسوڵمان برای موسوڵمانە..

بەلام برایەتی لەڕوانگەی ماسۆنیەوە، ئەوەیە کە بەشەر بەرەچاوکردنی ئاینەکەیانەوە بران، وەلەگەورترین دروشمەکانیان: ئاینەکان دورماندەکەنەوە لە یەکتری وەماسۆنی کۆماندەکاتەوە..

وەیەکسانی لەڕوانگەی ئیسلامەوە واتە هەموو موسوڵمانێك وەك یەکن.

بەلام یەکسانی لەلاماسۆنی بەواتای یەکسانی لەنێوان هەموو خەڵکیدا بڕوادارو بێبڕوا، بەڕەووشت یان ڕەووشتی نەبێت.

٧

ئایینی ماسۆنی

ـ ئەنجومەنی ماسۆنی چییە؟

ـ شێوەو ئەنجومەنی ماسۆنی چییە لەناوەوەو وەگرنگترین هێماکانی؟

ـ باسی دانیشتنێك لەدانیشتنەکانی ماسۆن لەئەنجومەنەکانیان.

ـ مەراسیمی دامەزراندنی ئەندامی نوێ لەبرایەتی ماسۆنی چی یە؟

ـ چۆن داوای ئەندامێتی لەبرایەتی ماسۆنی دەکرێت؟

هاورێکەم ووتی: ئەمانەوێ شارەزابین لەسەر ئەنجومەن یان هەیکەل ماسۆنی کە ئەو پەرستگایەیە کە نهێنیەکی زۆر لەخۆ دەگرێ و پرسیارەکەش ئەمەیە:

پ٤١: ئەنجومەنی ماسۆنی چییە؟

وەڵام: ئەنجومەنی ماسۆنی ئەوشوێنی کۆبونەوەی ماسۆنیەکانە وەلەپێشداپێیان ئەوت هەیکەلی((سلێمان)) وەدوای دروستبونی ئەنجومەنی ماسۆنی گەورە لەلەندەن ساڵی ١٧١٧ ناوی هەیکەل گۆردرا بۆ ئەنجومەن.

ئەنجومەن یان هەیکەل شانەیەکی سەرەکیە لەماسۆنیەتدا، وەئەشێت بۆهەر حەوت ماسۆنی ئەنجومەنێکی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن ، وەئەنجومەن پەنجا ئەندام لەخۆ دەگرێت ، وەکۆبونەوەکانیان پانزە ڕۆژ جارێکە وەماسۆن جلوبەرگی تایبەتی بەخۆیان ئەپۆشن.

****

پ٤٢: شێوەی کۆبونەوەی ماسۆن چۆن دەبێت لە ئەنجومەنەکانیان؟

وەڵام: پلەو پایە لە ئەنجومەن رێک ئەخرێت لەنێوان ئەندامەکان بەرێگەیەك لەرێکخستنی سەربازەکان ئەچێت لێرەدا پلەی فەرمانبەرە هەمیشەییەکان وەك مامۆستای گەورە وەمامۆستاگەورەکانی پێشوو وەجێگری مامۆستای گەورە وەیاریدە دەری جێگری مامۆستای گەورە وە وەیاریدە دەرانی جێگرانی مامۆستایانی گەورەکانی پێشوو وەدەسپاکی گەنجینەی گەورە، وەڕازگری نهێنی گەورە وە یاریدەدەری ڕازگری نهێنی گەورە، وەدووماستەری گەورە وەدووڕابەری گەورە.

****

س: شێوەی ئەنجومەن چۆنە لەناوەوە؟ وەگرنگترین هێماکانی چین؟

وەلام: لەئەنجومەن دووکۆڵەگەمەن وەئەمانەش هێزو جوانین کۆڵەگەی جوانی پێی ئەڵێن یاکینی وە ئەخشی پیتی G لەسەرکراوە وەڕێزی بۆدائەنێن کەپیتی یەکەمە لەناوی یاکین یان ((جاکین)) وەئەویش یەکێکە لەدوانزە کورەکانی یەعقوب سەلامی خوای لێبێت، وەکۆڵەگەی هێز پێی ئەڵێن ((بوعن))وەنەخشی پیتی Bی لەسەرکراوە وەبوعز باپیرەی چوارەمی پێغەمبەر سولێمانە سەلامی خوای لیبێت، بەلام ڕاستیەکەی پیت((G)) هێمایە بۆ ووشەی خودا بەئینگلیزی وەمەبەست لای ئەوان مەسیحی دەجالە.

وە ئەڵێن: ئەم دووکۆڵەگەیە ئەندازیاری گەورە حیرام بنیات نەری هەیکەل دایناوە،وە ڕەنگی یەکێکیان سورە وەئەویتریان سپیە کەهێمان بۆ خۆرو مانگ واتا پۆزەتیف و نێگەتیف.

وەلەهێماگرنگەکانی ئەنجومەن ئەستێرەی شەش تیشك وەئەوەش بریتیە لە دووسێگۆشە یەکێکیان سپیە و ئەویتریان ڕەشە. ڕەنگی سپی بەمەبەستی پیرۆزی و هێزی گیانی دێت وە وەسێگۆشە ڕەشە هەڵگەڕاوەکە هێمایە بۆ نەبون وە بۆخواست وەبۆ هێزی زەوی.

وەسێگۆشەی لایەکسان هەیە وەلەناوەڕاستیدا چاوێکی تیایە کەئەو چاوە هێمایە بۆ چاوی مەسیحی دەجال کەچاودێری هەمووشتێك ئەکات لەجیهان.

وە بنمیچی ئەنجومەن نمونەیە بۆ ئاسمانی شین کەکەسی بۆ بەرز نابێتەوە تەنها بە پەیژەی ئەنجومەنی ماسۆنی نەبێت

وەلەکەرەستەی ئەنجومەن ئامێرەکانی ئەندازەی کەلە بینا سازیدا بەکار ئەهێنرێت وەك گۆشە و شاوڵ وە بەمشێوەیە گۆشەی ئەندازەیی هێمایە بۆ پێویستی ئیشکردن بەپێی یاسای ماسۆنییە وەڕۆیشتنی بەپێی پلانە داڕێژراوەکانە, وەگوبان کە ئامێرێکە بۆ

پێوانی ڕاستی بینا بەکاردێت هیمایە بۆئەوەی کە مرۆڤ هەمووی لەیەك بنچینەن، وەشاوڵ هێمایـە بـۆ پێویسـتی ڕێکـی و دادوەری، وە واتاکـانی ئـەم هێمایانـە جیـاوازن لـە ئەنجومەنێکەوەبۆئەنجومەنێکی تری ماسۆنی.

هۆڵی ئەنجومەن بەزۆری لەسەر شێوەی خشتەکی دوولایـە، وە ئـەم یەکـە پێویست نیە وەجەوهـەریش نیـە بـەڵکو ئـەتوانریٚ هـەرشێوێکی لاکێشـەیی بـەکاربهێنرێت لـە پێناو دیـاریکردنی ئاراسـتەکان، ئەنجومـەنیش وەکـو کەنیسـەکان ڕوبکاتـە دوولای ڕۆژهـەلات و ڕۆژئاوا.

ئەو دەرگایەی ڕووی لەژووری بەرامبەرە ئەکەوێتـە گۆشـەی بـاکوری ڕۆژئـاواوە، بـەلام برایانی ماسۆن ((برایان)) دائەنیشن بەڕیز بەدرێژایی پێشەوەی باکورو باشورو ڕۆژئاوا.

وەمامۆستای گەورە وە مینبەرەکەی لـە لای ڕۆژ هەلاتـەوە ئـەبێت هـەروەها درووشمـە سێگۆشەکەی وەلەسەر مینبەرەکەی سیگۆشـەیەك و پرگالێـك هەیـە لـەزیو یـان کانزایەك ڕووپۆشکراوە بەئاڵتوون.

پ٤٤: دانشتنێك لەدانیشتنەکانی ماسۆنی لەئەنجومەنەکانیان وەسفکە بۆمان؟

وەڵام : هەروەك باسمانکرد هۆڵی ئەنجومەن بەزۆری لەسەر شێوەی خشتەکی دوولایە یان لاکێشـەیی وەپێویستە ئەنجومـەن ڕوبکاتـە دوولای ڕۆژهـەلات و ڕۆژئـاوا. مامۆسـتای گەورە لەسەر مینبەرەکەی دادەنیشێت لەلای ڕۆژهەلاتـەوە، وە یاسـای پـیرۆزی ماسـۆنی لەسـەر مینبەرەکەیـە ڕێکخـراوە بـۆی لەگـەڵ سێگۆشـەیەك و پرکالێـك لـە زیـو یـان ڕوپۆشکراوە بە ئاڵتون.

مامۆستاکانی پێشوو لەلای ڕۆژهەلاتەوە دائەنیشن، وەپێویستە زەویەکە لەسەرشێوەی

شەترەنجی بێت کە چوارگۆشەکان ڕەنگی سپی و ڕەشن ، وەئەشبێت کە بەڕەبێت، وەهەروەها درووشمێك لەپیتی((G)) پێکهاتووە هەڵواسراوە یان وێنەی کراوە لە ناوەراستی بنمیچدا.

بەهادارێکی گەورە لەسەرکورسیەك کەژێرەکەی خڕە دانیشتووە وەدرووشمەکەی تەرازووی بیناسازەکانە وەبە تەنیشت ژێری کورسیەکەی بەردێکی چوارگۆشەی ڕێك وپێك هەیە، وەتەنێکی شەشپاڵو هەڵواستراوە بەسێقاچی وەستاو.

وەبەهادارێکی بچوك دائەنیشێت لەسەرکورسیەك کە ژێرەکەی کۆنکریتە لەناوەڕاستی لای باکورەوە وەدرووشمەکەی شاوڵی بیناسازە.

وە لەلای هەردوو بەهاداری بچوك و گەورە چەکوش و ئاراستەکەری دەنگ و کۆڵەگە هەیە، وەکۆڵەگەی بەهای گەورە بەتەختی داندراوە کاتێك کەئەنجومەن کرابێتەوە وە بە ستونی دائەنرێت ئەگەر ئەنجومەن داخراوبێت، وەکارەکە بەپێچەوانەوەیە سەبارەت بە بەهاداری بچوك.

وەبەتەنیشت هەرسێ بنکەکەوە مۆم دانێك هەیە، وەئەبێت مۆمدانی مامۆستا بەردەوام داگیرساوبێت ئەگەر ئەنجومەن کراوەبێت، وەهەروەها سەبارەت بە هەردوو بەهادارەکەوە وەلەکاتی مەراسیمی بەرزکردنەوە بۆپلەی سێ ئەکوژێتەوە.

مازستای پێشوو لەسەر مینبەر دائەنیشێت ڕاستەوخۆ بەلای چەپی مامۆستای گەورە، خزمەتکارەکانی کەنیسە لای چەپی مامۆستای گەورەن ، وەپاسەوانی ناوخۆ لای دەرگا وەستاوە وەپاسەوانی دەرەوە لەدەرەوە ڕاوەستاوە لەلای ژووری بەرامبەر.

****

پ١٤٥: مەراسیمی دانانی ئەندام ی نوێ لەماسۆنی چۆنە؟

وەلام: ئامەنگی پەیرەوکراو لەدامەزراندنی هەر ئەندامێکی نوێ هەڵەبژێردرێت وەك ئەندامێك لەکۆمەڵەی ماسۆنی یان برایەتی ماسۆنی یان هەرکامێك لە لقەکانی ئەوئامەنگی پت پەرستییە لەکۆندا داندراوە، وەسردراوەتەوە لە ئاینە پت پەرستەکانی کۆن وەلە دامێنانی گەورەی ماسۆنی پیلانگێڕی وەئەوەش دەجالی چاوەروانکراو و شوێنکەوتوەکانین وەك موئاب لامی و هیرام ئابیود وەپاشای هیرودوس ئەکریبا، وەدامەزرێنەران لەکۆمەڵەی هێزی شاراوە کە ئەمانە بنچینەی دامەزراندنن.

وەدامەزرێنەرەکان ئەڵێن ئەو ئامەنگە ماسۆنیانە بۆتەرخانکردنی ئەندام یان بەرزکردنەوەی ویراسی لەباوباپیران وە ئەوە یەکێکە لە نهێنیەکانی ماسۆنی.

وە ئەو ئامەنگە ماسۆنیانە بۆدانانی هەر ئەندامێك کە پاشا هیرودوس داینا وە وەك بەستنی چاو بۆئەندامی نوێ کە ئەو چوەتەناو ئەنجومەن، هیچ نابینێت لەناو ئەنجومەن یان هەیکەل هەتاسوێند ئەخوات.. واتە بەویستی خۆی ئەچێتە ژورەوە بەچاویەستراوی وە لەدەرگا ئەچێتە ژورەوە بۆئەوەی بەداپۆشراوی بیبەن وەبیدەنەدەس کەفیلێك لەلایەن سەرۆك. ئەچرپێنێت بە گوێچکی کەسێ هەنگاو بروات بە هەنگاوی یەکسانی، بەپێی ڕاست دەسپێبکات وەلەنیوان درودینگەدا ڕاینەگرێت.

سەرۆك ئەندامەکە بانگ ئەکات وەهەندێ پرسیاری لێئەکات ئەوجا سوێندی ماسۆنی ئەخوات.وە شمشێرێك بەدەست سەرۆکەوەیە ڕایگرتووە بەرامبەری ئەندامەکە کەسوێند ئەخوات وەلەبەردەمی((تەورات)) بەدەست کەفیلێکدایە.وەدوای سوێند خواردنی ئەندامەکە چاوی ئەکەنەوە ئە بینێ شمشێرێك لەسەر گەردنیەتی وەتەورات لەبەر دەمیەتی. وەلەدوای ئەوە مێزەرێکی بچوك ئەکانە سەری.

گۆڕانکاری و زیادەیەکی زۆر لەو مەڕاسیمانە کراوە، ئەمە نمونەیەکی کورت کراوەیە

هەرکێیەك ئەیەوێت بەدرێژی بیزانێت با تەماشای پەرتوکی ((أقدم تنظيم سري في العالم)) بکات.

****

پ٤٦: چۆن داوای ئەندامێتی پێشکەش ئەکرێ لە برایەتی ماسۆنی؟

وەلام: ئەندامێتی لە هەربرایەتیەکی ماسۆنی لە جیهاندا بە هەڵبژاردنی ئەندام نابێت ، واتە بەپێشکەشکردنی داواکاری لەلایەن ئەندامی نوێوە نابێت بەڵکو هەڵبژاردنی ئەندام بە زانیاری برایەتی ماسۆنی و ئەستۆپاکی لەدوو گەورە ئەندامی پلەکانی ماسۆنی.

****

پ٤٧: ئایا ماسۆنی ئافرەتان وەرئەگرن بەئەندام؟

وەلام: ماسۆنی بەرێکخراوێکی براتی دائەنرێت وەرێنادات بەوەرگرتنی ژنان لەماسۆنی کۆندا تەنها لە دۆخێی تایبەتدا نەبێت، وەلەوانەش بۆنمونە وەرگرتنی خاتو ئەلیزابیت ئۆلْ دورس ، وە چەند سەرچاوەیەك هەیە دڵنیای ئەکەنەوە ئەم ژنە بەرێکەوت لە کونی دەرگایەکەوە ئاهەنگی متمانەدانی بە ئەندامی نوێی بەتەواوەتی بینی، وەکاتێك ئیشەکەی ئاشکرابوو بریاردرا کەوەریگرن لەرێکخراوەکە بۆ پاراستنی نهێنیەکە.

وەلە ساڵی ١٨٨٢ لقی فەرەنسا دەستی کرد بەوەرگرتنی ژنان. وەلەساڵی ١٩٠٣ دا لقەکانی ماسۆنی لە ویلایەتە یەککگرتووەکان دەستی کرد بەوەرگرتنی ژنان لە ریزەکانی. وەبەتێپەربوونی ساڵی ١٩٢٢ گەیشتە ٤٥٠ بنکە بۆژنانی ماسۆنی لە جیهاندا.

****



هۆڵی ئەنجومەنی ماسۆنی وەزەویکەی ئەبینرێت کە شوارگۆشەی سپی و ڕەشە وە

تەختەی شەترەنج



هەندێك لەو کەرەسانەی بەکارئەهێنرێن لە ئەنجومەنەکان



وێنەی ئەو هەیکەلەی کەناکۆکی لەسەره وه جولەکە ئەیەوێت لەشوێنی مزگەوتی ئەقسا

دروستی بکات دوای ڕوخاندنی مزگەوتی ئەقسا.



وێنەی ناو ئەنجومەنی ماسۆنی

مەدالیا کە هەریەکەی هێمایەکە بۆ ئەنجومەنێک

ئاهەنگەکان و کۆبونەوەکان لە ئەنجومەنەکانی ماسۆنی

٨

مەراسیمی ماسۆنی لە نێوان هێما و سڵاو کردن

ـ هێماو سڵاوکردن لە مەراسیمی دانانی ((تەرخانکردن)) ئەندامانی نوێ (پلەی دەسپێکەر).

ـ هێماو سڵاوی مەراسیمی دانانی پلەی دوو.

ـ هێماو سڵاوی مەراسیمی دانانی پلەی سێ.

ـ جیاوازی ئاهەنگی ماسۆنی لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر.

هاوڕێکەم ووتی: ئێمەت سوراندەوە لەناو ئەنجومەنی ماسۆنی وەئەوەش شوێنێکی گرنگە بۆ ماسۆن، وەئەمانەوێ زیاتر بزانین کەچی ڕوودەدات لەدانیشتنەکانی تەرخانکردنی ئەندامانی ماسۆنی لە هێماو سلاووکردن وەئەوشتانەی لێک ئەچن لە ئاینەکانی کۆن وەپرسیارەکەش:

پ٤٨: ئایا هێماو سلاوی تایبەتی هەیە لەمەراسیمی دانانی ئەندامانی نوێ و یان بەرز کردنەوە لە پلەکانی ماسۆنی؟

وەلام : بەلێ هێماو سلاوی تایبەت هەیە کاتێك کە تەرخانکردن و وەرگرتنی ئەندامانی نوێ لە برایانی ماسۆنی یان بەرز کردنەوەی ئەندام لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر لە پەیژەی ماسۆنی.

****

پ٤٩: ئەوسلاوو هێمایانە چین لە مەراسیمی تەرخانکردنی ئەندامی دەسپێکەر؟

وەلام : هێما لەپلەی یەکەمدا وەئەوەش پلەی دەسپێکەرە کە قۆلی ڕاستی درێژکردووە بە ئاسۆیی لەگەل شانی وەئانیشکی چەماوەتەوە، وەدەستی بەئاسۆیی داناوە وەپەنجە کەلەی بۆلای چەپی سنگیەوەیەتی وە هێماکە کۆتایی دێت بەگوێزەی دەست بۆلای قورگ وەداگرتنی دەستی بۆتەنیشتی.

وە شێوەی تەوقەکردن بە پیانانی پەنجەکەلە بە جومگەی یەکەمی پەنجەی دۆشاوەژە ئەبێت کەدەست ئەکەنە ناو دەستی یەکتری، وە ووشی یەکتر ناسین وشەی (بوعاز)ە.

****

پ٥٠: هێماو سڵاو لە پلەی دوو چییە؟

وەڵام: تەوقەکردن بە پیانی پەنجە کەڵە بە نێوان هەردوو پەنجەی توتەو براتوتە، وە ووشەی یەکترناسین (بوعاز)ە.

وەهێماکانی ئەو پلەیە ئەمەیە: هێمای دڵسۆزی بۆماسۆنی دەستی ڕاست لەسەر مەمکی چەپی دائەنێت وەپەنجەکەڵەی بە قیتی بۆ سەرەوە ئەبێت.

وەسڵاوکردن باڵ بەئاسۆیی ئەبێت لە شانەوە بۆ ئەنیشك وەستونیە لە ئەنیشکەوە بۆ ناولەپ، وە ئەشبێت باڵ بۆپێشەوە بێت لەسەر گۆشەیەکی وەستاوی لەش و ناولەپ ڕووەوڕاست وەپەنجەکە لەش بۆ دواوە یان بۆ لای تەنیشت بەڕێکی لەگەڵ لەشدا.

وەهێمای پاداشتیش هەیە وەئەمەش بە ڕاکێشانی دەستی ڕاست بە ئاستی سنگیدا وەداگرتنی بۆ لای تەنیشت، وەتەوقە کردن بە پیانانی پەنجەکەڵە بە جومگەی یەکەمی پەنجەی براتوتە.

وە ووشەی یەکتر ناسین: (جاشین)ە وە بە ووتن (یاقین)ە.

****

پ٥١: هێماو سڵاوی بەرزکراو بۆ پلەی سێیەم چین؟

وەڵام: تەوقەکردن بەپیانانی پەنجەکەڵە بەنێوان پەنجەی براتوتەو باڵا بەرزە دەبێت. وەووشەی یەکترناسین: (یتوبال).

وەهێماکان: سڵاو ئەکرێت لە پلەی دوو لەڕێگای داگرتنی دەستی چەپ کەنەختێك دووربێ لە لەشەوە، وەلەپی دەست بەرەو ڕووی دەرەوە بێت.

بەڵام هێمای یەکترناسین بەدانەواندنی سەر کەمێك، واتە چەماندنەوەی سەر بۆپێشەوە

لەگەڵ دەسلێدانی ناوچەوان بە دەستی ڕاست زۆر بەنەرمی وەسێجار دووبارە ئەکرێتەوە.

وەهێمای لاوەکی هەیە بەدەستی ڕاست کەبەرز ئەکرێتەوە بە ئاسۆیی وەناو لەپ ڕووی لەخوارەوەیە، وەپەنجەکەڵە بەگۆشەیەکی وەستاو بۆلای چەپی ناوك، وەکۆتایی دێت بە کشانەوەی دەست بەخێرایی وەڕاگرتنی بەرێکی لەگەڵ لەش.

وەهێمای پەژارەو مردن ، کەسێ شێوەی هەیە لە ئاهەنگی بەرزکردنەوەدا ئەنجام ئەدرێت وەلەهیچ کاتێکی تردا ئەنجام نادرێت .

وەهێمای شاهانە یان هیمای گەورە هەیە وە ئەمەش هیمای خۆشی و بەختەوەریە کەبە بەرزکردنەوەی هەردووباڵ بۆبان سەر ئەبێت وەناو لەپەکانیش بەرەوڕوی یەکترین.

وەتەوقەکرنیش بەم شێوەیە ئەبێت کە پەنجەکان بەباسکیەوە نووقاون وەك ئەوەی خۆی توونددگرتبێت پێوەی، وەئەم تەوقە کردنە بۆ پلەکانی پێنجە.

****

پ٥٢: ئایا ئاهنگی ماسۆنی لەهەموو وولاتەکان وەك یەکە یان جیاوازە؟

وەلام : بێگومان ئاهەنگەکان جیاوازە لەلەشارێکەوە بۆ شارێکی تر بەلام لە نهێنیاندا وەکیەکن وە ئاهەنگێکی کۆیلایەتیە.

جیاوازی هەیە لە ئاهەنگی ماسۆنی، وە ئەم جیاوازیانەش لە هەندێ وشە و تەوقەکردن بەلام هێماکان جێگیرن وەك یەکن و ناگۆڕێن.

بۆ نمونە لە ئێرلەندا لەئەنجومەنی گەورەی ئێرلەندا ئاهەنگ جیاوازە لە ئەنجومەنەکانی ئینگلیزی و ئیسکتلەندی، وەدەستەی چاکسازی وسەربە دەستەی ئەنجومەنی گەورەیە بۆبلاوکردنەوەی ئەم ئاهەنگانە.

وە جیاوازە شێوەی گۆڕانەکان لە شێوازی ئامادەکردنی وەووشەی نهێنی و سوێندی

پیرۆزو وە مەراسیمی جەنازە.

وەجیاوازی لەئەنجومەنەکانی ئیسکتلەندی و ئینگلیزی لە ئاهەنگدا لەوانەیە سادەبێت هەرچەند بەپێی زۆریشی..وە بەو شێوەیە.

****

پ١٥٢: هاورێکەم ووتی کە پەنجەی دۆشاو مژەی بۆ سەری درێژ کردبوو وەك ئەوەی شتێکی گرنگی بیرهاتبێتەوە: ئەبینین ئەستێرەی شەش تیشك لەماسۆنیدا وەك هێمایەکی سەرەکی یە بۆی، ئایا ئەو ئەستێرە شەش تیشکە چییە؟ ڕاستیەکەی چییە؟

وەلام: سەبارەت بە گەڕانەوەئەم هێمایە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، هەندێك بۆچونی وایە کەبریاردان لەسەر ئەم هێمایە وەك هێمایەك بۆجولەکە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەرداود سەلامی خوای لێبێت، بەلام هەندێ بەلگەی مێژوویی هەیە کە ئاماژە بۆئەوە ئەکات کە ئەم هێمایە لەپێش جولەکەوە بەکارهاتووە وەك هێمایەك بۆزانست ی شاراوەی وەك جادوو گەرێتی و چاوبەستن.

هەروەها بەلگەش هەیە کە ئەم هێمایە بەکار هێنراوە لەلایەن هیندۆسیەکانەوە لەچوارچێوەی شێوەئەندازەییەکاندا کە بەکاریان هێناوە بۆڕادربڕینی بونەوەری میتافیزیکی، وەبەم هێمایانەیان ئەوت ماندالا Mandala وەهەندێك لەوانەی کە بڕوایان وایە کە ئەستێرەی داود بووەتە هێمای گەلی جولەکە لەسەدەکانی ناوەڕاست، وەئەم هێمایە بەراورد ئەکرێت بە مۆمدانی حەوتی کەبە کۆنترین هێمای بەنی ئیسرائیل دائەندرێت.

گەورەماسۆنیەکان وایدائەنێن لەئەوشێوەیەیە کە کێلگەی ووزە پێکی ئەهێنێت لەدەوری گەشتیار کە گەشتنەکەن لنێوان دووجیهاندا جیهانی ئێمەو جیهانی جنۆکە، وەکێلگە ووزەکان ئەوەی پێکینەهێنن کەناسراوە بەMerkaba.یان کەشتی بەزمانی

کوردی کەوا ڕێگە ئەدات بەم جنۆکەیە بەگواستنەوە بەنێو دەرگاکاندا.

هەروەك ماسۆنیەکان وڕێکخراوی زایۆنیزمی وەهەندێ لەئاینە پەرستەکانی کۆن بەهێمای پیتاندن و یەکگرتنی جنسی دائەنێن، وەئەو سێگۆشەیەی کەڕووی بەرەو خوارەوەیە مەبەست لەمێینەیە وەسێ گۆشەکەیتر لەنێرینە، وەئەگەر سەرنجی سەربازەکانی ئەمەریکیت دابێت ئەم هێمایانە دائەنێن وەك پلەی سەربازی وەئەگەر هەڵیگەڕێنیتەوە بەرەو سەرەوە ئەوە هێمای نێرینەیە.وەهەرچەندێك هێمای نێرینەی زۆربێت ئەوە پلەت بەرترە.

وەئەستێرەی شەش تیشك لەهێمای میسری کۆنە کەوادائەنرێت کە میسریە کۆنەکان یەکەمجار بەکاریان هێناوە . وە لەئاینەکانی میسری کۆن ئەستێرەی شەش تیشك هێمایەکی هیرۆغلۆفی بوو بۆ زەوی گیانەکان، وەبەگوێرەی بیروباوەڕی میسری کۆن ئەستیرەی شەش تیشك هێمابووە بۆخواوەند((ئامسۆ)) کە بە پێی بیروباوەڕی یەکەم مرۆڤ بوو گۆردرا بۆ خواوەند وەناویشی بووە((حورس)).

لە ئایینی هیندوسی ئەستێرەی شەش تیشك وەك هێمایەك بەکاریان ئەهێنا بۆیەکگرتنەوەی هێزە دژەکان وەك ئاوو ئاگر، نێرومێ.

لەساڵی ١٩٦٩ کەنیسەی شەیتان ئەستێرەی شەش تیشك ی دروستکرد لەناوبازنەیەك وەك هێمایەك بۆخۆی، وە هەڵبژاردنی ئەم هێمایە ئەنجامە بۆهێمای بەناوبانگ لەکتابی پیرۆز ٦٦٦ کە ناوی هاتووە لە پێغەمبەرایەتی دانیال وەکەئاماژە ئەکات بۆ دەجال یان دژی مەسیح.

ئەستێرەی شەش تیشك بەکارهێنرا وەژمارەی ٦٦٦ لە ڕۆمانێك شیفرە دافینشی ساڵی ٢٠٠٣ لەنوسینی دان براون وەك بەشێك لە تیۆری پیلانەکە.

ئەمە ئەوانەن کە وتویانە دەربارەی ئەستێرەی شەش تیشك کەوا یەکێکە لە هێماکانی

ماسۆنی وەزۆرێك لە كۆمەڵەو ڕێكخراوەكانی پیلانگێری.

پ٥٤: لەلای ماسۆن ئەستێرەی پێنج تیشك واتای چیە؟ وەئایا لەهێماكانی پەرستنی شەیتان ئەژمێردرێت؟

وەڵام: بەڵێ ئەستێرەی پێنج تیشك پێی ئەوترێت ئەستێرەی شەیتان لای ماسۆنی وەبەندەی شەیتان، وەئەمەش هێمایەكی سیحریە واتا پەرستراو وەئەوەش شێوەیەكی هێماییە سوارچاكی هەیكەل بەكاری ئەهێناله مناسەباتە شاراوەكانیان.

وەئەمەش بریتیە لە ئەستێرەیەكی پێنج تیشكی پێی ئەوترێت ئەستێرەی عەزازیل The Star of Azazel هەردوو سەری هەڵگەراوەیە وەك شاخی بەران وەك هێمایەكی تەوراتی بۆ شەیتان.

وەبەشێوەی خاچی هەڵگەڕاوە ئەبینرێت ، بەلاّم سەری بزنەكە ڕێكە، وەئەمەش بەواتای سوك تەماشاكردنی نەسرانیە، وەپیرۆزڕاگرتنی شەیتانە. كەواتە هەركێ دووپەنجەی هەڵبڕێ وەك هێمایەك بۆ شەیتان ئەوەش لەڕاستیدا سوكایەتیە بەنەسرانی و وەپیرۆزكردنی شەیتانە. وە باسی عەزازیل هاتووە لەتەوراتی عیبری شێوێنراو:

(هارون نێریەكان ئەكاتە دووبەشەوە بەشێكی بۆ خودا وەبەشێكی بۆ عەزازیل * وەهارون نزیك ئەبێتەوە لەونێریەی كەلەتورعە دەرچوو بۆخودا وەئەیكاتە قوربانی گوناحە* بەلاّم ئەو نێریەی كەبەتیروپشك دەرچوو بۆعەزازیل ڕایئەوەستێنێ بەرامبەر بەخوا بەزیندوویی بۆئەوەی لێی خۆشبێت بۆئەوەی بینێرێت بۆ عەزازیل وە لە چۆڵەوانی وبەرەڵای بكات [اللاوین:١٦/ ١١:٨]

(وەئەوەی نێریەكەی بەەرەڵاكرد بۆ عەزازیل جلەكان ئەشوات و خۆی پاك ئەكاتەوە بەئاو ، وەدوای ئەوە ئەچێتە دەرەوە) [اللاوین:١٦/ ٢٦].

پیتەعبریەكانی سەر تیشكەكانی ئەستێرەی پێنج تیشكە كە بەمشێوەیە

ئەخوێندرێتەوە لەسەرەتای سەری تیشکی ژێرەوە بەپێچەوانەی میلی کاتژمێر. وەبە ئینگلیزی لۆیاثان (LVYTH) (بوندەی گێوی هێمایە بۆ شەڕانگێزی لەکتابی المعرف_ وەرگێڕدراو) پێوا دانەنری بەبوندەی دەریایی لە ئەفسانەکانی جولەکە. لۆیاثان چەند واتایەکی ئاڵۆزی هەیە، زۆربەی پێکەکەوێ لەگەڵ بەکارهێنانیدا لەهێمای سیحری بۆ ئەستێرەی شەیتان Baphometلۆیاثان بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەشەیتان، وەکتابی چوارەم لە تەوراتی شەیتانی پێی ئەڵێن کتابی لۆیاثان (Book of Leviathan).

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ویکنیوز ، قەشەی گەورە بیتەر هـ.جیلمور وەسفی واتای هێماکەی کرد: سەری گیسکەکە واتای (پەیوەندی جنسی)، لەگیسکەکانی میسری کۆن چەند هێمایەکیان دانا وەك هێمای ئاڵۆش بۆی وەوای بۆدەچین کە ئارەزوی جنسی هۆکاری سەرەکی زیندوە ئەپارێزگاری ئەکات لە بەردەوامی مرۆڤایەتی، وەلەبەر ئەمە ڕەچاوی ئەوە ئەکەین،

ئەستێرەی پێنج تیشك لە فیساغۆرسینەکانەوە هاتووە، ئەوشێوە یەکگرتووەی ئەبێتی ئەمینێ لەهەموو توخمێك بە واتای ئاڵتونی یەك بۆنەوی تر.

ئەم هێمایە ئەندازەییە ئەبێت بۆ جولێ، بەشێوەیەکی دیاریکرلو جولێی ئەندامی. لەبەر ئەوەی ئێمە بەئەندامێتی ئەژین وەچێژ وەرئەگرین بەفیکرەی جولێی خۆمان، بۆیە ئەم ئەستێرەیە گونجاوە بۆمان لەو ڕووەوە وەگونجاوە بۆسەری بزنەکە لەناوەوە. ئێستا نوێنەرەی ئەمەوریلیە، یەکێکیان لەتەك خاڵی سەری تیشکەکانەوەیە وەیەکێکیش لەدەرەوە. تیایدا هێمای عبری دەست پێدەکات لەبنکەوە ئەڕوات بەهیجانی لۆیاثان بەپێچەوانەی میلی کاتژمێرەوە. لەئەفسانەی عیبری لۆیاثان ئەژدیهای زەبەلاحی جەهەنەمە، ئەمەش شێوەی زەوی بەهێزە کەوا لێی ئەترسن بەتەواوی.

لەبەر ئەوەهەموو ئەم شتانە پێکەوە هێمایەك دروست ئەکەن کە ئەتوانن لیفی

جیاکردووەتـەوە پەرستنی شـەیتان بـەدیاری کـراوی ،(کاتێـك کەنیسـەی شـەیتان دەستپێبکرد، شـلرکردنەوەی خـاچ سـەربەرەو خـوار) وەبەشـەیتان ئـەژمێردرا، وەئـەم رەگەزە جیـاواز ئەبینـدرێت وەهەسـتکردن پێـی هێمایەکی پیرۆزەتیلانـە بـوو ئـەتوانێت یەکبگری بە دامێنانەکەی پەرستنی شەیتان)).

****

پ٥٥: هەندێ کەسایەتی جیهانی ئەبینین وەك جۆرج بۆش و کەسانیتر کەئاماژە ئـەدات بەهێمای دەبل یوی بەناوبانگ، ئایا ئەمە واتای چییە؟

وەلآم : ئەو هێمایە مەبەست لە شاخی شەیتانە وەئەم هێمایە هێمای شەیتانە وەچـەند جارێك جۆرج بۆش ئامژەی پێدەکرد نەتـەنها ئـەو بـەلکو زۆرهـەن لەکەسایەتیە سیاسیە بەرزەکان، وەئەمەش ئاماژەیە بۆ دڵسۆزیان بۆرێکخراوەکانی جادوگەرانی ماسۆنی کەسەر بەو رێکخـراوەن. وەئـەم هێمایـەش نیشـانەی دڵسـۆزی و سـلاوکردنە لـەنێوان بەنـدەکانی شەیتان.

هەروەها ئەنتۆن لیفی دامەزرێنەری کەنیسەی شەیتان بەکاریهێناوە هێمـای ئاشـتی وەك پێشینەیەك بۆکوشتارەکەی.

وە خۆر هەڵدێ و ئاوادەبێـت لـەنیوان شـاخەکانی شـەیتان هـەروەك لـە فـەرمودەکانی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لێبێت) هاتووە ، لە((سەحیحی موسلیم)) دا (عـەمری کـوڕی عەبسە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا باسێکی نوێژم بۆبکە، فەرمووی: نوێژی سپێدەی بەیانیەکەت بکە، پاشان واز لەنویـژکردن بهێنـە تـا ئەوسـاتەی خـۆر هەڵـدێت و بـەرز دەبێتـەوە، ئەوسـاتەی هەڵـدێت لـەنێوان دووقۆچـی شـەیتانەوە هەڵدێت، کافرەکـان لـەو سـاتەدا سـوجدەی بـۆ خـۆر دەبـەن، پاشـاننوێژی خـۆت بکـە، کەفریشتە ئامادەی دەبن، تائەوساتەی خۆر وەك ڕم لەئاستی سەرتە، پاشـان واز لەنوێـژ

بهێنە چونکە لەوساتەدا دۆزەخ کڵپە دەسێنێت، کاتێك سێبەرمات بەرەو خۆرئاوابوون چوو نوێژەکەت بکە کەفریشتە ئامادەی دەبن، پاشان نوێژی ترمەکە تاخۆر ئاوا دەبێت، کە ئاوابوو لەنێوان دوو قۆچی شەیتانەوە ئاوا دەبێت، ئەوکاتەش کافرەکان سوجدە بۆخۆر دەبەن.

هێمای شەیتان کە ئیشارەتە بۆ شاخەکانی شەیتان بە W ناسراوە وە(دەبل یو) ڕستەیەکی ئیسپانیەکورتکراوەی ووشەی((Diablo Blanco)) واتە ((شەیتانی سپی)) وەئەم ووشەیە بەکاردێت وەك ناوێکی دستیارکراو لەلایەن هەندێك لە شەیتانەکانەوە. وەپەندی گەلی ئینگلیزی سەردەم ئەڵێت ((شەیتانی سپی خرابترە لە شەیتانی ڕەش)) ((The white devil is worse than the black)) وەئەمەش پەندێکە بەسەر ڕاستەقینەکەیاندا ووتراوە جیاوازە لەوشێوە پرشنگدارەی کە خۆیانی پێئەناسێنن.

****

هێمای ماسۆنی بەناو بانگ (W) وەئەستێرەی پێنج تیشك کەهێمایە بۆ



هەردوو شاخی شەیتان





کورسی ماستەر (لەناو ماسۆنی)

هێمای پەرستکارانی شەیتان هەمان هێمای ماسۆنیە

MASONIC SYMBOLS



تەوقە کردنی ماسۆنی



چۆنیەتی سلاو کرن و تەوقەکردنی ماسۆنی



بەروانکەی ماسۆنی لە ئەنجومەن ((هەیکەل))ی ماسۆنی

ئینگوستیلە بزیلەکانی ماسۆنی

ـ پلەی فەرماندەی سوارچاکانی گۆرەپانی رێز : (Knight commander of the Court of Honor):

هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەم پلەیە لەلایەن ئەنجومەنی باڵاوە ئەبێت لە هەڵگری پلەی ۳۲ بێت بۆماوە ٤٦ مانگ لەپێش بەستنی کۆبونەوەکە، وەهەڵنەبـژێردرێن بۆخزمەتکردنیان بۆماسۆنی یان بۆمرۆڤایەتی لەلایەن سەرپەرشتیاری گشتی گەورە یان جێگرەکەی. وەبۆ خاوەن ئەو پلەیە کڵاوێکی سور لەسەر ئەکات. وەنابێت بۆهیچ کەس بێتە پێشەوە بۆبەدەسهێنانی ئەم پلەیە .

ـ پلەی ۳۳ (سەرپەرشتیاری گشتی رێزدار Inspector General Honorary):

هەڵبژاردنی وەك پێشەوەختی خۆی کە دوای ٤٦ مانگ تێپەڕبونی بەسەر بەدەسهێنانی پلەی سەرۆکی سوارچاکی پایە بەرزی، وە خزمەتگوزاری باشی پێشکەش کردبێ بە ماسۆنی یان مرۆڤایەتی، وەهەروەك پێشوو نابێت خۆی بۆ هەڵبژێرێت.

خاچی گەورەی گۆرەپانی رێز ، یان پلەی ۳۳ کارا (Grand Cross of the Court of Honor)

وەئەندامەکانی چەندانێکی کەمن هەڵنە بـژێردرێن بۆخزمەتگوزاریە تایبەتەکانیان بۆماسۆنی، وەلەوانەش هەڵبژاردنی سەرۆکی فەرمانڕەوای گەورە، وەئەندامەکانیان ئەندامانی ئەنجومەنی باڵایە بۆ ئاهەنگی ئیسکتلەندی وەلەم پلەیەدا ئەمێننەوە بەدرێژایی ژیان یان هەتا توانای تەندروستیان ئەبێت.

٩

برایەتی ماسۆنی بەهێزترین ماسۆنی لە جیهاندا

- برایەتی ماسۆنی لە جیهان چییە؟

- باسی هەندێ لە بەهێزترین ماسۆنی لەجیهان.

- گرنگترین ڕێکخراوەکانی سەر بە ماسۆنی و یان ئەو ڕێکخراوانەی شوێن کەوتەی ماسۆنیە.

پ٥٦: دوای پشودانێك هاورێکەم گەڕایەوە سەرپرسیارەکانی، وەپێمی ووت: حەزەکەم شارەزایم هەبێ لەسەر ئەو ڕێکخراووکۆمەڵانەی کە بونەتە لقی ماسۆنی وەکە لە ئەوروپاو ئەمەریکا بەبرایان ناسراون وەپرسیارەکەش ئەوەیە: برایەتی یان بەهێزترین ماسۆنی چییە لەجیهاندا؟

وەڵام : برایان زاراوەیەکە بەکۆمەڵەکانی ماسۆنی ئەوترێت بەچەند ناوێکی جۆراو جۆر لە جیهان، وەئەوەش ناوێکی نوێیە لەناو کۆمەڵگا نوێیەکان و گەنجان وەجەماوەر ڕادەکێشێت وە هەڵی ئەخەڵەتێنێ.

وەدوای دەرکەوتنی پیلانەکانی ماسنۆنی وە پشتلێکردنی زۆرێك لەوانەی لەگەڵیانبوون لەجیهاندا وەبە تایبەتی لەووڵاتە عەرەبیەکان کە ئەنجومەنەکانیان داخست وەك میسر و سوریا وە چەندانی تر لە شەستەکاندا، ماسۆن پەنای برد بۆ گۆرینی ناوی ماسۆنی بۆ((لیونز)) و ((ڕۆتاری)) وەناویتر کە ئەندامان و لایەنگرانی ڕاکێشێت، وەچالاکیەکانی دادەپۆشێت بە داپۆشەری کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و کاری خێرخوازی.

****

پ٥٧: ئایا بۆمان هەیە ناوی باڵەکانی ماسۆنی بزانین کەلەجیهادا بلاَو بوەتەوە؟

وەڵام: باڵەکانی ماسۆنی لەجیهاندا گەلێك زۆرە وەناوەکانیشیان جیاوازە وە ئامانجەکانیان بێگومان یەکە. بۆنمونە هەندێکیان باسدەکەین:

- برایەتی دار سنەوبەری لبنانی درێژ : سالّی ١٩٠١ دامەزرا وەبنچینەکەی ئەگەڕێتەوە بۆسالّی ١٨٤٣ کەپلەیەك بوو لەپلەکانی ماسۆنی کەئەدرا بە وولاّتە یەکگرتووەکان، وەئەندامیەتی دوو پلەی ماسۆنیە، وەداپۆشینی کردارەکانی خێرخوازیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی ماسولکەکان و دەمار وەبارەگاکەی لە هاریسبورج لە ولایەتی بنسلفانیا لەئەمەریکا.

- یانەکانی ناوەڕاستی یێنۆ: ئەمەش یانەیەکی ماسۆنیە((ئەی سی)) دایمەزراند وەلەبەر ئەوەی ((Volvo)) لە ولایەتی ((ئایۆ)) بە لەئەمەریکا دامەزرا سالی ١٩٢١، وەپێشینەی خوێندن ئەدات بەو گەنجانەی سەرکەوتوون وەبارەگاکەی لە ((سانت لویس)) لە وولایەتی مونتان.

ـ یانەکانی نیوە شەو: مامۆستای ماسۆنیەکان لەخۆدەگرێت وەسەرپەرشتی سندوقەکانی خێزانەکانی ماسۆنی دەکات لەکاتی مردنی هەر ئەندامێکی ماسۆنی.

ـ یاسای سوارچاکی ماسۆنیەکان لەئێرلەندا : وەئەندامیەتی مەبەستی لەسەر مامۆستاماسۆنیەکانە تەنها لەڕێگای بانگێشەوەیە وەپلە سەروزەکان ئەبەخشێت.

ـ برایەتی خۆشویستنی ڕاستەقینە: مامۆستای ماسۆنیەکان لەخۆدەگرێت وەلەسالی ١٩٢٨دامەزراوە وەیەکێك لەناو ئەندامەکانی ڕۆماننووسی بەریتانی ((ردیارد کیبلنج)) وە ئەمیش برایەتیە بۆ بەدواچونی فەلسەفەو مێژوو.

ـ برایەتی یاسای بەهوودای مەکابی : دامەزرابۆ ئەوەی ئامەنگی یۆرك ئامادەبکات بۆ ماسۆنیەکان ئەوانی مەسیحی نین یان ئارەزوویان لە سەریازی نیە، لە ڕەچەڵەکدا پلەکانی ترە، وەئەویش هاوتای سەرکردایەتی سوارچاکە لە ئامەنگی یورك.

ـ برایەتی هەڵقەی گەیاندنی چوارتاجەکەیە: وەمامۆستای ماسۆن لەخۆ ئەگرێت ئەوانەی زانیاریان هەیە لەبواری خوێندنەکانی بلیمەتی لەهونەرو زانست و ئاداب، وەئەمەش پابەندە بە ئەنجومەنی چوارتاجەکە لە لەندەن کە نۆکەس لەڕوناکبیرەکانی ماسۆنی دایان مەزراند سالی ١٨٨٤.

ـ برایەتی سوارچاکی پیرۆز ئەندرۆ: وەئەمەش برایەتی ماسۆنیە((ویلدون جود)) دایمەزراند کە پلەی ٣٢ی بەدەسهێنا سالی ١٩٩٣ وەئەندامان لە بەدەسهێنەرانی هەمان پلە، وەئامانجەکەشی پاشەکەوتکردنی چالاکی بۆماسۆنەکان کە پلەکانی ئامەنگی

ئیسکتلەندی .

ـ برایەتی ڕێکخراوی سێگۆشەکان : وەئەمەش تایبەتە بەکچان لەتەمەنی دە ساڵان بۆ بیست و یەك ساڵی، وەئیشی تەنها لەنیورکە وەساڵی ۱۹۲۵ دامەزرا لەژێر ناوی ئەستێرەی ڕۆژهەلات، وەناوی گۆڕدرا ساڵی ۱۹٦۱ بۆئەوەی ناوی ببێتە ڕێکخراوی سێگۆشەکان.

****

پ٥٨: ئەو ڕێکخراوەنە کامانەن کە سەر بە ماسۆنین؟

وەلام: ڕێکخراو هەیە هەوڵی داوە بۆ دامەزراندنی ماسۆنی بەجولەکەکراوی نوێ وەکۆمەکی بکات وە سەرەتای ڕاستی بگەڕێنێتەوە بۆ ماسۆنی، وەگرنکترینیان کۆمەڵەی هێزی شاراوە وەکەلەدوایدا ناسرا بە (نورانیەکان)، وەبەترسناکترین ڕێکخراوی ماسۆنی کۆن و نوێ دائەنرێت وەئەمەش سەرکردەی فکرەی ماسۆنی جولەکەی پیلانگێری لەخۆ دەگرێت .

هەروەك باسمانکرد لەسەر دەستی جولەکەکانی ئالۆ وێرکەرانی دراو دامەزرا بەهۆی ئادەم وایز هاوبت (١٧٤٨ ـ ١٨٣٠) وەکاتێك کەلێی قەدەغە کرا ئەنجامدانی چالاکیەکانی پلانگێڕی لە بافاریا((ئەڵمانیا)) ساڵی ١٧٨٤ وەئادەم وایز هاوبت دەرکرا لە کەنیسە لەدوای ساڵێك، وە ڕێنمایی دەرچوو بۆنورانیەکان بەگۆڕینی کەمەڵێك ماسۆنی کرداری بۆماسۆنی شینی جولەکە.

بەلام ڕێکخراوی نورانیەکان تائێستاش لەچالاکیەکانیان بەردەوامن،کاتێك یەکەم ئەنجومەن دامەزرا بۆیان لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەنیورك ساڵی ١٧٨٥

لەژێرناوی ئەنجومەنی کۆلۆمبیا کەناوی گۆردرا بۆئەوەی ببێتە زوکفلەر لەیەکەمی سەدەی بیستەمی ڕابردوو.

وە دروشمی ئەو ڕێکخراوە هەیە لەسەر یەك دۆلاری ئەمەریکی. وەنورانیەکان ئەوان لقی کردارین بۆ ماسۆنی، کە سەرپەرشتیاری جێبەجێ کردنی پیلانە سیاسیەکانیان ئەکەن.

وەئەم ڕێکخراوەیە کە فەرمانڕەوایی کارە گرنگەکان ئەکات کەتایبەتە بە جیهان وەڕاستەوخۆ کارئەکات لەژێر فەرمانەکانی مەسیحی جولەکەی دەجال، وە دامودەزگای گەورەی هەیە لە جیهاندا فەرمان ڕەوایی ئەکات لەدروستکردنی دەرمان وەدژە ڤایرۆسەکان کەهەرخۆی دروستی ئەکات بۆلەناوبردنی مرۆڤ ، وە کارگەو زانای هەیە لە کشتوکاڵ و پیشەسازیدا، وەهەمویان لەخزمەتی دەجالدان کاتێك دەرەچێت لەکۆتاییەکانی دونیا.

وەووشەی ئیلومیناتی یان (نوراتیەکان)واتە ڕوناك کەرەوەکان یان هەڵگری ڕوناکی، واتە شەیتانی نەفرەت لێکراو، وەلەوانەی کە نازناوی ڕووناکەر یان خاوەن فکرەی ڕوناککەرەوەی لەخۆی ناوە.

وەترسناکی ئەم ڕێکخراوە بڵاوبوەتەوە لەهەموو جیهاندا ئیشدەکەن لەتاریکی وەبانگەشە ئەکەن بۆ ڕژێمکی جیهانی نوێ، وە هەموو پیاوانی وولاتەکان لەوانەش:

ــ ئەنجومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە: وەئەمەش دامەزراوەیەکی ئەمەریکیە وەگەورەپیاوانی وولات و ڕامیاری لە ئەمەریکا وە پارێزگارە نوێیەکان، وەزۆربەی سەرۆکەکانی وولایەتە یەککگرتووەکان.

ـ برایەتی کەللە سەرو ئێسقان : ئەمەش برایەتیەکی ترسناکە ساڵی ١٨٣٢ دامەزرا لەناو زانکۆی باڵ لە وولایەتی کۆنیکتیکۆت بەهۆی ((ولیام ڕاسل هانتنجتون)) وە ((ئەلفونسوتافت)) وەبەبرایەتی مەرگ ناسراوە، وەئەمەش یەکێکە لە حەوت برایانی

نهێنی ئیشەکات لەناو زانکۆی ((بال)) ی ئەمەریکی وە ئەمانەن: پێچەرو کلیل، کتاب و مار، سەری گورگ، ئەلیاهو، برزیلیوس.

وەلەسەرەتادا ئەندامێتی کورتکرابووەوە بۆ زانکۆی ((بال)) لەمنالآنی خێزانەکانی ویلایەتی نیو ئینجلاند لەهۆزی پرۆتستانت کەپەیوەندی خێزانیان هەیە بەجولەکەی جیهانی مالی رۆتشیلد.

وەئەورێکخراوەکاریگەریکردە سەر رێکخراوەکانی نازی وەك کۆمەڵەی ((سولە)) کەکۆمەڵیەکی دایك بوو بۆ پارتی نازی کە لە ساڵی ۱۹۱۹ دامەزرا وەهەروەها کۆمەڵەی فریل.

وەلە ئەندامە بەرزەکانی رێکخراوی کەللە سەر: سیناتۆری ئەمەریکی روبەرت تافت، وەبرسکۆت بوس باپیری جۆرج بۆشی کوڕ، وەباوکی جۆرج بۆشی باوك، کەهەردووکیان سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا بوون.

وەهەروەها جۆن کێری پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکی لەلایەن دیموکراتیەکانەوە ساڵی ۲۰۰٤، وەهەروەها وینستۆن لۆرد، وە هیۆ ویلسۆن ئەفسەری موخابەرات و موستەشاری ئەمەریکا لەیابان وەوەزیری نوێنەر لە سویسرا وەباڵیۆزی ئەمەریکا لە ئەڵمانیا وەپۆستی تریش.

وەرێکخراوەکە زۆرێك لە سیاسەتمەداران ی بەرز و پیاوانی موخابەراتی ئەمەریکی لەخۆ دەگرێت.

وەئاهەنگی پەیوەندیکردن بەرێکخراوەکە بریتیە لە سەردانی کۆمەڵێك لەپیاوانی رێکخراوەکە بۆ نیشتە جێکردنی خوێندکارەکە لە زانکۆی ((بال)) وەبەتووندی لەدەرگاکە ئەدەن وەکاتێك دەرگاکە ئەکرێتەوە پێی ئەڵێن: کۆمەڵەو ئێسقان ئایا رێگە ئەدەیت؟ ئەگەر وەرگیرا وتارێکی داخراو ئەدات بە شریتێکی ڕەش مۆرێکی لەسەرە بە مۆمی رەش

وەکەللەسەرونێســـقانی لەســـەرە وەژمـــارەی ٣٢ وەکـــاتی ئامـــادەکردنی ئاهـــەنگی تەرخانکردنی لەسەرە.

وەلەئاهەنگی پەیوەندیکردن ئەندامە نوێیەکە ئەکرێتە تابوتێکەوە لـەدوای ئـەوەی کـە هەمووجلـەکانی لەبـەر دائەکەنـدرێت بۆئـەوەی رووتبێـت، وەبەدرێـژایی شـەو باسـی بەسـەرهاتەکانی ئـەکات لەگـەڵ هاورێکـانی، وە دوای ئـەوە لەتابووتەکـە دەرئەچـێت وەپۆشاکێکی ئەدەنێ کەچەند هێمایەکی لەسەرە وەئەندامێتی پێئەبەخشرێت.

وەئـەو ئاهەنگانـە ئـەنجام ئـەدرێت لـە دالآنێکـدا کەلـە قەبرسـان ئەچـێت لەسـەرەوە دەستەواژەیەك نووسراوە((کێ گێژە؟ کێ دانایە؟ کێ سواڵکەرە؟ کێ پاشـایە؟ هـەژاروو دەوڵەمەند هەمویان لە مردندا وەك یەکن)).

- رێکخراوی رۆتاری جیهانی: وەئەمەش یانەیەکی کۆمەڵایەتیە پارێزەر بـۆل هاریسـی ئەمەریکی دایمەزرانـد لەسـاڵی١٩٠٥ دایمەزرانـد لەگـەڵ هاورێکـانی وە هـەرجارەی لـەماڵی یەکێکیان یەکیان ئەگرت بەنۆرە وەیانەکەشیان ناونا بەیانەی رۆتاری بەواتای ((نۆرە)).

وە لـە پاشـاندا لقیـان کـردەوە لەهـەموو جیهانـدا، وە یەکـەم لقیـان لـە خۆرهـەڵاتی ناوەڕاستدا لە فەڵەستین بوو ساڵی ١٩٢٩ دوای ئەو لە میسر وەدوابەدوای لەهەموو وولآتـە عەرەبیەکان، وەلەدوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکانی ماسۆنی لە وولآتە عەرەبیـەکان یانەی رۆتاری لەجیاتی داندرا.

دروشمی رێکخراوی کەللە سەرو ئێسقان وە ئەمەش ڕێکخراوێکی ترسناکە کە سەرۆك و سەرکردەکان لێی دەرئەچن لە ئەمەریکا.

جورج بۆش لەناو ماسۆنیدا

١٠

ڕۆتاری و لیونز و ماسۆنی

- یانەکانی ڕۆتاری چییە؟
- پەیوەندی ڕۆتاری بەماسۆنیەوە.
- ئیشی یانەی ڕۆتاری .
- کەی ئەندامەکانی ڕۆتاری کۆدەبنەوە؟
- چی ئەوترێت لەکۆبونەوەکانی ڕۆتاری؟
- سەرچاوەی داهاتی یانەی ڕۆتاری.
- کێن ئەوانەی ئەندامانی ڕۆتاری؟
- یانەکانی لیونز چییە؟
- یاسای شەرع بۆ ئەندامبون لەماسۆنی و لقەکانی.

پ٩٥: باسنكرد كەرۆتاری یەكێكە لە باڵەكانی ماسۆنی، ئایا ئەتوانی رۆشنایی بكەیتە سەر ئەو یانانەی بڵاوبوەتەوە لەجیهان وەبەتایبەتی لە وولاَتە عەرەبیەكان؟

وەلاَم : بەلێ یانەی رۆتاری بڵاوبووەتەوە لە جیهاندا وەبەتایبەتی لە وولاَتانی عەرەبی و ئیسلامی، وەئەمەش یانەو كۆمەڵەی ماسۆنیە لەرووكەشدا بەبەزەییە وەلەژێریشەوە پیلانگێری و دوژمنایەتیە بۆ عەرەب وئیسلام.

باسمانكرد كە لەساڵی ١٩٠٥ دامەزرا لەئەمەریكا بەدەستی پارێزەر بۆل هاریس كە ناسنامەو ئاینی نەزانراوە وەسێ هاورێی لەگەڵدایە كەئەمانەن: سیلفستەر شیلی(بازرگانی غەڵون) وە جوستافوس لویر (ئەندازیاری كانەكان) وە حیرام شوری (بەرگ دروو)، وەكۆبونەوەیان ئەبەست بە نۆرە هەرجارەی لەماڵی یەكێك لە ئەندامەكان، وەئامانجی دیاریكراوی خزمەتكردنی ئەوكۆمەڵگایەی یانەكە ئەكەوێتە بازنەكەیەوە وە پتەوكردنی پەیوەندی لەنێوان ئەندامان.

وە لێرەشدا دامودەزگای رۆتاری هەیە كەسەر بە رۆتاری جیهانیە تایبەتەبە بەدیهێنانی دەسكەوتی خوێندن و پیشە،

هەروەها بەدیهێنانی پاڵپشتی سەروەت و زانیاری بۆ پرۆژە خزمەتگوزاری كە یانەكانی رۆتاری پێی هەڵدەستێت لە سەرانسەری جیهان. لەساڵی ١٩١٧ ئەرش كلومف دایمەزراند سەرۆكی شەشەم بۆ رۆتاری جیهانی. وەبوجەجەكەی لە ساڵی ٢٠٠٤ ــ ٢٠٠٥ گەیشتە نزیكەی ١١٨ ملیۆن دۆلار.

وەپاشەكەوتكردنی هاوكاری ساڵانە بۆ نزیكەی ١٢٠٠ خوێندكار، وەلەو پرۆژە گرنگانەی كە رۆتاری هاوكاری ئەكات ئیفلیجی منالاَنە لە هەموو جیهان.

ئەو ڕێکخراوانەی کەسەر بە ڕۆتارین وەك:

- ئەنرۆیل: وەئەمەش ڕێکخراوێکی تایبەتە بە ژنانی ڕۆتاری. بەڵام وەرگرتنی ئەندام کەمکرایەوە لەدوای ڕێدانی ڕۆتاری بەبوونی ئەندامانی ژنان لەناو ئەم یانەیەدا.

- ڕۆتارناکت: وە ئەمەش ڕێکخراوێکە بۆگەنجانی کوڕان وکچان لەنێوان ١٨ ـ ٣٠ ساڵ هەڵئەستن بەپرۆژەی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر هەروەها هەڵئەستن بە گەشە پێدانی چالاکیەکانیان. وە هیچ یانەیەکی ڕۆتارناکت دانامەزرێت تەنها بە سەرپەرشتی یانەی ڕۆتاری نەبێت.

- ئینترناکت: ئەمەش ڕێکخراوێکە بۆ گەنجانی کچان و کوڕان کەتەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمتر بێت وەهاوشێوەی (ڕۆتارناکت)ە .

وەلە ڕۆتاری جیهانی بەخشین و مەدالیا دەردەچێت وەك:

هاوڕێیانی پۆل هاریس : وەئەمەش بڕوانامەیەکی ڕێزلێنان ومەدالیایەکە ئەبەخشرێن بەوکەسانەی کە ١٠٠٠دۆلاری بەخشیبێت بەم دەزگایە. وەهەرچەندە کەسێك زیاتر ببەخشێت ئەوەندە زیاتر مەدالیای جیاوازتر بەدەس دێنێت. وەیانە یان ئەندام ساڵانە ئەتوانن ببەخشن بۆئەوەی ئەم بڕوانامەیە بەدەست بێنن. وەپێشبڕکێی ساڵانە لەدوای ئەدرێت بۆ ئەم مەبەستە بۆهاندانی ئەندامان و یانەکان بۆ پێشبڕکێکردنی بەخشین. وە بەخشینەکە ئەدرێتە دامەزراوەی ڕۆتاری.

****

پ٦٠: پەیوەندی ڕۆتاری بە ماسۆنیەوە چییە؟

وەڵام: چەندسەر سەرچاوەیەك باس لەوەدەکەن کە ڕۆتاری وێنەیەکی تری ماسۆنیە، وەڕۆتاریش تاماوەیەکی زۆر نکوڵی لێکرد، بەڵام دەستەی مێژوی سەد ساڵەی ڕۆتاری

باس لەوەنەکات کە پەیوەندی نێوان ڕۆتاری و ماسۆنی پەیوەندییەکی کۆنە، هەروەها ئەنجومەنی ماسۆنی هەیە بەئەنجومەنی ڕۆتاری ناسراوە کە ئەندامەکانیان کۆکراونەتەوە لە نێوان ئەندامێتی ماسۆنی و ڕۆتاری.

لایەنە ئیسلامییەکان سورن لەسەر ئەو فتوایەی کە نابێت پەیوەندی ببەستی لەگەڵ ڕۆتاری و ماسۆنی وەك ماڵی فەتوا لەمیسر و سعودیا وە هەروەها لە ڤاتیکان.

پێویستە لەسەر ئەندامانی ڕۆتاری جیهانی لە چوارچێوەی بەرنامە بۆگەنەکەیدا بەبانگخوازی برایەتی وڕێزو لێك تێگەیشتن لەنێوان گەلاندا وەرق بەکارنەهێنن بەرامبەر هیچ کەسێك لەسەر ڕوی زەوی وەهیچ توانایەك لەدەست نەدەن بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی کەسانی تر.

هەندێ کەس واگومان ئەبەن کە ئەمە هیچ لێڵیەکی پێوە نیەو وە ووتەی چاکن.. بەڵام ئامانجی خراپەی شاراوە لەپشت ئەم بانگەوازەوە درێژەی دوژمنایەتیمانە بۆ هەرکێیەك کە خاکمان داگیر بکات و سەروەریمان پێشێل بکات، هەروەها تێکەڵبوون لەگەڵیاو هەڵسوکەوتکردنی، وە گرتنی خووەکانی، وەگەڕانەوەمان بۆسەرەتای سەردەمی نەزانی، وە حەلاڵکردنی حەرامەکان و حەلاڵکردنی ڕیباو پت پەرستن. وەبەپێی وتەکانیان: لاریمان نیە لە هاوکاری و هەڵس و کەوتکردن لەگەڵ ئیسرائیلی دوژمن و کەسانی دیکە.

هەروەها تەسلیم بوون بە ڕاستی هەبونی جولەکە لە خاکەکەمان وەپێویستە لەسەر ئەندامانی ڕۆتاری ڕێزی باوەڕپێکراوەکانی ڕۆتاری بگرن وە لەخۆیانەوە خۆیان فرێنەدەنە ناو مەسلەکانی ئاینی و ڕامیاری، هەتا نەبنە هۆی شەرمەزاری بۆ برا ڕۆتاریە جولەکەکان کەنیشتەجێی خاکی عەرەبی داگیرکراوی فەلەستینن وە بۆپتەوکردنی پەیوەندی نێوانیان هاتوچۆی یەکتری ئەکەن و ئاڵوگۆرکاریان ئەکرد لە بەرژەوەندی و ڕێکەوتنی ڕۆشنبیری و ڕاگەیانـدن و گەشـت و گـوزار و ئـابوری و زانسـتی، وەڕۆتاریـەکان پردێـك بـوون بـۆ بڵاوبونـەوەی گەنـدەڵی وە چـاوێکی تێبڕاوبـوو لەسـەر سـتراجیەکان، وەهەڵسـوکەوتێك

بیروچیژەکان خراپ ئەکات.

وەلەیانەکانی ڕۆتاری لیژنەی پسپۆری پێك ئەهێنێت لەپەیوەندیەکانی گشتی و فراوانکردنەوەی ڕۆتاری، وەخزمەتکردنی کۆمەڵ و وەخزمەتکردنی جیهانی وە بەخشینی تایبەتی و ئاهەنگ و یاری و قومار، وە لیژنە بۆ پەروەردەکردنی گەنجان و منداڵان لەسەر بنەمای ڕۆتاری.

وەپێی ئەوترێت بە یانەی (ڕۆتراکت) بۆگەنجان لە ١٨ ـــ ٢٨ ساڵ.

وەیانەی (ئینتراکت) بۆمنداڵان لە ساواییەوە بۆ تەمەنی ١٨ ساڵ.

وە بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی فێرکردنی ڕۆتاری کە هەڵئەسێت بە شوشتنەوەی مێشکی نەوەکان لەمنداڵانی ئەندامانی ڕۆتاری، لیژنەیەك دامەزرا بەناوی (یانەی ئەنرویل) ژن و خوشك و کچانی بە شووی ڕۆتاری ئەگرێتە خۆ بۆ چاودێریکردنی ئەم دامەزراوەیە بەکردنەوەی دایەنگای تایبەتی بۆیان وەبەرنامەی پەروەردەیی گونجاو بۆ ئامانجەکانیان.

****

پ٦١: ئەمانەوێ زیاتر بزانین لەسەر یانەی ڕۆتاری وە چۆنیەتی کارەکانی؟

وەڵام: ئەندامەکانی یانەی ڕۆتاری لە ٢٠ ئەندام تێناپەڕێ، هەتا شکۆمەندی و فراوانکردنەوەوبڵاوبونەوەی بۆ زیاد ئەکرێت، وەبەپێی ئەم زیادکردنە ـ دروستکراوە ـ لە ژمارەیەك یانەدا حکومەتی جیهانی یانەکانی ڕۆتاری هەستا بە دابەشکردنی جیهان بە چەند ناوچەیەك کەژمارەی ئەگاتە(٤٣٠) ناوچە،وەك ئامادەکاریەك بۆ دەسبەسەراگرتنی بەسەر جیهاندا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی دیموکراتی نا ئاینی کە فەرمانڕەوایی جیهان ئەکات بەگوێرەی پرۆکۆلاتی ڕۆڵەکانی زایۆنیزمی شاراوەو ئاشکرا.

وەهەر ناوچەیەکی ڕۆتاری پێکدێت لە چەندبانەیەك پیاوێك سەرپەرشتی ئەکات بەپلەی (پارێزگار) وەمیسر لەناوچەی ٢٤٥ وەهەروەها سودان و ئوردن و بەحرەین و لوبنان و قوبرس ئەگرنەوە، وەئەو یانانەی کە لە فەلستینی داگیرکراو بلاوبوەتەوە ئەکاتە ٤٤ یانە وە هەلگری ناوی ناوچەکە٢٤٩.

وە موحەممەد بەهیر ئەنەسی ئابوری ناسی میسری بەناوبانگ پارێزگاری ناوچەکەبوو سالی ١٩٨٥/١٩٨٦.

وەلە سالی ١٩٨٦/١٩٨٧ عەبدول رەحیم ئەمین سەرۆکی یانەی پێشوو لە خەرتومی پایتەختی سودان پارێزگاری ناوچەکە بوو.

****

پ٦٢: ئەمانەویٚ کورتەیەك لەمێژوی ڕۆتاری لە میسر و وولاتانی عەرەبی باسبکەی بۆمان؟

وەلام: یەکەم یانە دامەزرا لەمیسر سالی ١٩٢٩ز لەهەمان هەفتەی کە یەکەم یانەی ڕۆتاری تیا دامەزرا لە فەلستین.

وەلە سالی ١٩٨٦ ژمارەی یانەکان لەمیسر گەیشتە (٢٢) یانە کە نزیکەی (١٠٠٠) ئەندام لەخۆ دەگرێت، بەلام لە فەلەستین یانەکان گەیشتە (٤٤) یانە نزیکەی (١٥٠٠) ئەندام لەخۆ دەگرێت.

هەرچەند ئەم یانانە وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی لە میسر بەدواچوونی بۆدەکات، بەلام ئەو بەدواداچونە شێوەی فەرمی لەخۆ ناگرێت.

وە جگە لە شوێن کەوتنی ئە مە بۆ دامەزراوەیەکی جیهانیە بۆیانەی ڕۆتاری زایۆنیزمی لەشاری ئیڤانستون لەویلایەتی ئیلینوی لەئەمەریکا..وەهیچ کامێك لەم یانانە ناتوانێت

گۆرانکاری لەپەیرەویەکانی ڕێکخستنی بگۆرێت یان ئەندامێکی نوێ وەربگرێت یان یانەی نوێ بکاتەوە، تەنها بەمۆڵەت و لیدوان و یاداشت و ڕاپۆرتی تەواو لەسەر ئەندام یان ئەندامان،وەشوین، و باری کۆمەلایەتی و سیاسی، وەهەرچەند بەرفراوانی کراوە بۆوەرگرتنی ئەم ئەندامە یان ئەو یانەیە بە حکومەتی ڕۆتاری، کە یەك موسولمان نەچووەتە ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتیەکەیەوە لەکاتی دامەزراندنیەوە. وە دوای ئەوە حکومەتی رۆتار هاندەدات بۆ دامەزراندنی موسولمانێك لەئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتیەکەی بەنزیکی بۆبەشداریکردنی جولەکەوخاچپەرستەکان بۆئەرکی لەناوبردنی ئاینەکان وەهاوکاری بلاوبونەوەی زایۆنی لەجیهان.

****

پ٦٣: ئەندامەکانی یانەی ڕۆتاری کەی کۆدەبنەوە؟

وەلام: ئەندامانی هەریانەیەکی ڕۆتاری هەفتەی یەك جار کۆدەبنەوە، واتە یانەی ڕۆتاری (٢٢) کۆبونەوەی هەفتانە ئەنجام ئەدات. وە(٩٠) کۆبونەوەی مانگانە بەبێ ئەوەی یەکێك ڕوو وەرگێرێت لێی لەژێر پەردەی ساختەیی ڕەووشت کەپێی ئەلێن تەنها ڕێزگرتنی هاوڕێیەتی نێوانیان

****

پ٦٤: چی ڕوو ئەدات لە کۆبونەوەی یانەکانی ڕۆتاری؟

وەلام: بەڕوکەشی دائەنیشن، پێکەوە قسەئەکەن یان خواردن ئەخۆن، بەلام لێرەدا مەبەستێکی تر هەیە، لە ئەرکەکانی سکرتێری یانەی ڕۆتاری ئەرکێکە نزیکە لە کاری مخابەراتی گشتی یەوە بۆ ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی کەئیش ئەکا لە چوارچێوەی جیهان، ئەم سکرتێرە هەڵئەسێت بەپێی کێشەکانی ڕۆتاری جیهانی بەناردنی ڕاپۆرت لەسەر هەرئەندامێك و یانەیەکی نوێ وەبەهەر موحازەرەیەك وە بەتەنگوچەڵەمەی کۆمەڵ

ﻫ- خوێندنەوەی بۆنەکات یانەی ڕۆناری لە ژینگەکەیدا.

وەلەو گاڵتەجاریەی کەلە کۆبونەوەکانیان ڕوئەدات هەروەها دکتۆر ئەحمەد عەباس ئەل دیب سەرۆکی بەشی کۆئەندامی میز لە کۆلیژی پزیشکی وەئەندامی ڕۆتاری پێشوو ئەڵێت:

سەرۆکی یانە دەستەکات بە کۆبونەوەی هەفتانە وەك جاران بە ووتنی(بەناوی ڕۆناری) بەگەشەسەندنی (بەناوی گەل) یان بەناوی هەرشتێك تەنها(بەناوی خودای گەورەو میهرەبان) نەبێت.

هەروەها دەستەکەن بە ووتنی سرودێك بەکۆمەڵ کە هەرئەندامێك لەبەری کردووە.. هەروەها هەموویان هەڵئەسن بەئەنجامدانی سەماکردن بەکۆمەڵی کەتایبەتە بەخۆیان وەئەمەش لەگەڵ خۆمدا ڕوویدا کەلە کۆنگرەیەکی زانستی بووم لە شاری (جلاسجۆ) ساڵی ١٩٨٠. وەدەسیانکرد بە (هەڵبەزینەوە) وەئێمەش (هەڵەبەزاینەوە) وەك ئەوان. وەهەروەها دانیشتین لەدەوری مێزی نان خواردن بۆ چەپڵە لێدان.

وەلەسەر مێزی نانخواردن زۆربەکەمی ژنی ڕۆتاری لێنیە ــ وەئەمەش لەمیسر ــ یان ژنی یەکێك لەئەندامانە یان سکرتێری تایبەتە. وە بێگومان ئەمەش بەیەك گەیشتنی گرنگی دانیشتوان و گاڵتە جوان وپێماناکانیان وە سوك و گرانەکانیان، وەلەبیرمان نەچێ هەرجارە ناچارێ سەیری مێردەکەی بکات بەزەردەخەنەیەکەوە، بۆ ئەوەی دڵنیابن لەهاوکاریکردنی یەککگرتن و پەیوەستبوون بە خۆشەویستی لەنێوان ڕەگەزەکاندا وەئەمەشم بەچاوی خۆم بینی وەبینیتیان هەریەك لەوەی کە قەدەری لەسەربوو ببینێ وەك ئەم کۆبونەوەیە.

وەدوای نانخواردن یەکێك دەستەکات بە ناساندنی میوانەکان و ئەوانەی بۆسەردان هاتوون، وەلەدواهەرناوێك چەپڵەیە، پاشان دەنگێك دێت لە یەکێك لەئەندامەکان یان

هەموویان بۆ بەخشینی سەد جونەیهە یان زیاتر یانکەمتر..یان داوا ئەکرێت لە هەندێك ئەندامی خاوەن شەریکەی تایبەت بە بەخشینی برێك لەئوتو یان گەرمکەر یان هەوا گەرمکەر یان .. دواجار کۆتایی بەکۆبونەوەکە ئەهێنن بەگوێرەی ئەو بەرنامەیەی کەدانراوە بەگوێرەی بۆچونیان (لەکۆتای دیموکراتیەوەیە) وەمەبەستی (کۆتای ڕاستییەکە دڵ ئەمەیێنێ وە سنگ شەقئەکات بەوەی کە ئەم وەسفە ئەوە(کۆتای ئەوەی کە پێی ئەڵێن ڕێخستنی چۆنیەتی کەپێگەیی لە سێبەریدا بە(دیموکراتی).

****

پ٦٥: گرنگترین سەرچاوەکانی کۆمەك کردنی یانەکانی ڕۆتاری کامانەن؟

وەڵام: ئەندامی ڕۆتاری پابەندە بەپێدانی باج و بەشداربونیان. وەهەموو سەرچاوەی ڕۆتاری ئەمەیە:

١ ـ باجی پەیوەندی.

٢ ـ باجی بەشداری ساڵانە.

٣ ـ باجی بەشداربوون لەگۆڤاری ڕۆتاری جیهانی.

٤ ـ باجی بەشداربوون لەگۆڤاری ڕۆتاری ناوچەکە.

٥ ـ باجی بەشداربوون لە هەڵواسراوی یانەی نهێنی.

٦ ـ باجی هەندێك پەرتووك کە ڕۆتاری چاپی ئەکات.

٧ ـ برێکی دیاریکراو بە دەست دێت هەفتانە لە هەموو ئەندامێك کە ئامادەی خواردنی نانی بەیانی یان نیوەڕۆ یان ئێوارەی ڕۆتاری بێت.

٨ ـ بەخشین و هاوکاری و پشکەکان کە سەرۆکی یانە ئەی سەپێنێ بەشێوەیەکی پێشنیار لەسەر یەکێك یان هەموو ئەندامان.

٩ ـ نرخی(هاورێیەتی بۆل مارس) کەبە هەزار دۆلار دانەنرێت.

١٠ ـ پشکەکان لەبازاردا.

١١ ـ بەشداربوون لە پێشبڕکێی یانسیب ی ڕۆتاری.

١٢ ـ ریکلامکردن بۆ کۆمپانیای ئەندام لەگۆڤار یان بلاوکراوەی یانەکە.

١٣ ـ پشك لە نامەنگەکانی گۆرانی بەکڕینی ژمارەیەك پلیت بۆئەو کۆمپانیایە یان ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی کەئەندامەکە کاری تیادەکات وەبە کۆمپانیاکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی کەرتی گشتی.

بودجەی دامەزراوەی ڕۆتاری بۆ گەرمکردنی بازاڕی داوێن پیسی ودژایەتی کردنی ئاینەکان، گەیشتە زیاتر لە ٦٠ ملیۆن دۆلار ساڵی ٢٠١١ زا لەبەشداربوانی ئەندامانی یانەکانی ڕۆتاری و بەخشینەکان و بەشداربوون.

بەشی میسر تیایدا سفر بوو(٣٠) گەنجی کوڕو کچ یەك لەدوای یەك لە خەلاتی شوشتنەوەی مێشك کە پێی هەڵسان لەلایەن خێزانێکی ڕۆتاری لەو شارەی کە گەشتیان بۆنەکرد وەك ئەمەریکاو بەلجیکاو ئینگلتەرا و فەرەنسا.

بەلآم بەرنامەی گۆڕینەوەی گەنجان کە ئەم ڕێکخراوە وێرانکارە سەرپەرشتی ئەکات فەوجێکی لەگەنجانی کوڕو کچ ی میسری بلآوکردەوە لەلای ژمارەیەك خێزانی جولەکە لە فەڵەستینی داگیرکراو لەچەندسالانێکی درێژدا..

دامەزراندنی فەوجێك لە گەنجانی کوڕو کچ ی جولەکەی داگیرکەری ئیسرائیلی لەلایەن ژمارەیەك لە خێزانەکانی میسری ڕۆتاری ئەوەش لەزنجیرەیەك قۆناغی شوشتنەوەی مێشکی گەلی میسری، وەئەمڕووداوە فەرزکرا بەم ڤایرۆسی سەرەتانیە لەدڵی جیهانی ئیسلامی.

لەبەرئەوەی ئەم فەوجانە گۆڕانکاریان پێدەکرێت لەژێر ئالآی ئاشتی جیهانی

وەهاوکاری ڕێکەوتنی جیهانی، پێویستە لەسەر هەموو گەنجانی کوڕان و کچان بۆ ئەمدەسکەوتە زۆر چاك تێبگەن لە ڕۆڵی خۆیان بۆ بەرەنگاری بونەوەی ئەو تیرۆرستانە لەچەندەها گەنجانی فەلەستینی کە دەستدرێژی ئەکات وەخۆی هەڵئەکێشێت وەئەبێتەهۆی گورجوگۆلی بە هۆی پارچە زەوییەك کە تیایدا لەدایك بووە کە باووباپیرانی بە خوێن و ئارەق ئاویانداوە ! !

وەپێویستە لەسەر گەنجان کەئاشتیان بەخشیوە بە ڕۆتاری ڕاوی ئەو تونرەوانە بنێن وەدەریانبکەن وە ئاشکرایانبکەن، لەبەرئەوەی بەسوور بونیان وەئامادەییان وەخۆبەختکردنیان لەپێناوی ئاشتی جیهانی وەترساندن بە برایەتی وتێکەیاندنی جیهانی کەسەرانسەری ئاوەدانی ئەگرێتەوە لەژێر چەتری ماسۆنی گەورە و وەدرووشمە بریقەدارەکانی (برایەتی، سەربەستی، یەکسانی).

لەمەرجەکانی پەیوەندیکردن بەرۆتاریەوە پێویستە ئەندام پابەندبێت بەنمونەی بەرز وەپلەیەکی سەرکردایەتی هەبێت یان پایەیەکی وای هەبێت کە ببێتە پێشەوای ئەوانەی لەگەڵی کاردەکەن، وەلەبەر ئەمەش پەیوەندیکردن بەڕۆتاری بە ویستی کەسەکە خۆی نییە یان بەپێشکەشکردنی داوکردن لەترسی ئەوەی ئەو مەرجانەی تیانەبێت.

کەواتە ئاگاداربوون لەوەرگرتنی کەسایەتی کاریگەر لەسەر کۆمەڵگاکەمان ئەوە بۆمەبەستی فراوانبونەوەی پارچەیەکە کە ڕۆتاری بانگەشەی تیابکات، وەجیاوازی نیە لەوەی کەزانیاریە ئاینەکان بانگەشەی بۆئەکەن.

بەشێك لەیانەکانی ڕۆتاری زیاتر لەچل ساڵی بەسەریاتێپەڕیوە بۆهیچ کامیان ڕوونەبوەتەوە کە تەوژمی نهێنی هەبێت یان ئاراستەکراوی گومانای یان پەیوەندی تایبەتی لەهیچ دامەزراوەیەکی ماسۆنیدا، وەڕەچاوی ئەوە نەکراوە کە دەسەڵاتی سەهیۆنی چووەتە ناو زۆربەی دامودەزگاکانی وولاتان کە میسر بەشداری تیادەکات، ڕۆتاری جیهانی دەسەڵاتی تایبەتی هەیە چاوی بڕیوەتە ئەوەی کە ئیسرائیل

بەشدارینەکات لەگەڵمان لە ناوچەی ٢٤٥ کەبەدوا چونی بۆدەکەین، وە هاوتانەکردنی زایۆنیزموم و ئیسرائیل بە دەسپێکردنی شەڕ ساڵی ١٩٤٨ وە ١٩٥٦ وە ١٩٦٧.

مامۆستا (ئەبو سەلام ئەحمەد عەبدوڵلا) وەڵامی ئەم بانگەشەیە ئەداتەوە و ئەڵێ:

وەڵامی ڕۆتاریەکان ئەدەینەوە زۆر بەدرێژی:

مەرجی پابەندبوون بە نمونەی بەرز لەئەندامی ڕۆتاری مەرجێکی نەگریسە بۆواتایەکی شاراوەیە ئاشکراکردنی کە ئەندام پابەندبێت بە نیشانەیەك لەنیشانەکانی ئاینە ئاسمانیەکان بێنەوەی سەر بە ئاینێکی دیاری لەئاینەکان بێت، وەبەواتایەکی تر پێویستە ئەندام ئامادەبێت بۆڕەنگ گرتن، نەبانگەشە وەنەتووندڕەوی بکات بۆ ئاینێك لەسەر حیسابی ئاینەکانی تر، لەبەرئەوەی هەمو ئاینەکان لای ڕۆتاری وەك یەکن بێجیاوازی! !

وەئەگەر دامەزرا لە فەرمانێکی ڕابەری توانیتی ئەم بیروباوەرە وێرانکاریە بکشێنێتە نێوان سەرگەورەکان و ئەوانەی کارئەکەن لەگەڵیا، وەئەمەش هۆیەکی سەرکەوتووە بەبێ شك بۆکاریگەری ڕاستەو خۆ لە قەوارەی کۆمەڵ و فراوانکردنی بنچینەی گەندەڵی بیرو باوەری فیکری و ئیمانی بەیەکتاپەرستی ئیسلام، پێچەوانەی فەرمودەی خودای گەورەیە لەسورەتی (آل عمران).

﴿ ان الدین عندالله الاسلام ﴾ (آل عمران :١٩).

﴿ ومن یبتغ غیر الاسلام دینا فلن یقبل منه وهو فی الاخرة من الخسرین﴾"آل عمران٨٥ "

ئینکاری کردنی هەر ئایەتێك لەکیتابی خودا یان لاری لەبونی خودا یان گاڵتەکردن پێی ێوەیەکە لەشێوەکانی (دەرچونە) لە ئاین کە هیوای بۆدەخوازن کوران و بەکرێگیراوانی ایۆنی لە وولاتە ئیسلامیەکانماندا بە بانگەشەی ڕێزگرتنی تێگەیشتن و ئاشتی لەنێوان ەلان.

ئەوەی کەڕوونەدات لەناو یانەی ژۆناری موسوڵمانەکان بارمەتی وەرئەگرن لەکاروباری ئاینەکەیان هاوتایە لەگەڵ داپونەریت و ڕەوشتی ئەوانەی ئاینیان نیە.. وەدانەماڵدرین زۆر بەهێمنی لە بیروباوەڕی ئاینەکەیان بێنەوەی هەستی پێبکەن وەلەگەڵ پیاو خراپان دادەنیشن و مەی ئەخۆنەوە، وەقومار ئەکەن وەئامادەی ئەنجومەنە تاریکەکان ئەبن، وە سەما ئەکەن لەگەڵ سەماکەران وەنێکەلاوی ئێکەلاوبوان ئەبن. وەبیر ئەکەنەوە وەك چۆن ئەوان بیر ئەکەنەوە، هیچ لای خۆیان نامێنێتەوە تەنها دۆخی گومانای تورەیی خودا لێیان وەلەسەرئەوەی کەهاورێیەتیان ئەکات وە ئەوەی کە خۆشیانی ئەوێت وەلەوەی کە ئینکاری ئەکات لە ڕاستی، وەلەوەی کە ڕازی بوو بە ناڕەوایی وەخوا بینەرە لەوەی کە ئەیکەن..

• گومانمان هەیە کە ئەوەی ڕوبدات لەنێوان شەوو ڕۆژێکدا ئەوە بەپیلان و ڕێنمایی و دانان و ڕێکخستنی کتابەکانی ڕۆتاری دەریدەبڕێت وە پیاچونەوەیەکی نهێنی کە ژمارەیەکی باشمان دەسکەوت، شوێنێکی تری ئەم پەرتوکانە ئەگوازینەوە لێی کە ئەو پیلان و ڕێنمایی و ئامادەکردنە دڵنیا دەکاتەوە.

وەلەبەرئەوە دورنەڕۆین بۆ بەدواچون لە پەیوەندی ڕۆتاری بەزایۆنیزمەوە وەلەوانەی ئەوان وتویانە کەنەختێك لەمەوپێش باسمان لێوە کرد، ئەوان ڕەچاوی دەسەلاتی تایبەتیان نەکردووە بۆ زایۆنی لە یانەکانیان کە بەخێرایی چووە ناو زۆر لە دامودەزگاکانی جیهانی کە میسر تیایدا بەشدارە.

وەئەوەی هیچ نەزانن ئەڵێن:(زایۆنیزم لەناو ڕۆتاری دەسەلاتی هەیە بەلام تایبەتی نیە) وەسەرزەنشتمان ئەکەن کە تورەبین لەودەسەلاتە کەتایبەتی نیە، وەبەڵگەیان بۆئەو سەرزەنشتە ئەوەیە کەمیسر نوقومبووە لەدەسەلاتی زایۆنی کەچووەتە ناو زۆرلە دەزگاکانی وولات کە بەشداری تیادەکات هەر نوقومبویەك لەدەسەلاتی تایبەتی.

پ٦٦: ئاياڕاستە ڕازیبوونی سکرتاریەتی ڕۆتاری جیهانی مەرجی داناوە بۆوەرگرتنی ئەوانەی پاڵێوراون بۆ ئەندامی یانە؟ وەئایا ڕاستە ڕێگەنادرێ بەکردنەوەی یانەی نوێ هەتا لەدوای ئەوەی سکرتاریەتی ڕۆتاری جیهانی ڕەزامەند نەبێت؟

وەلام: ئەم پرسیارە هاتبوو لەکتابەکەی مامۆستا ئەبو ئیسلام ئەحمەد عەبدوللا لەسەر ڕاستی ڕۆتاری وە وەلامی ڕۆتاریەکان ئەداتەوە:

یاساو بەرنامەکانی ڕۆتاری سەربەخۆیی ئەداتە هەموو یانەکان کە ئەتوانێت هەڵسوکەوت بکات چۆنی بوێت لەچوارچێوەی یاسای گشتی. وەئەو بەرنامانەی کە ڕۆتاری جیهانی پێشنیازی ئەکات.

وە(یانە) ئازادی تەواوی هەیە لە هەڵبژاردنی ئەندامی نوێ وەئەوەی کە پێویستە لەسەری ناوی ئەو کەسە بنێرێت کە ئەیەوێت ببێتە ئەندام یان ئەندامیەتی کۆتایی دێت بۆ سکرتاریەتی ڕۆتاری جیهانی.

وتەی یەکێك: ئەمە دەرکردنی زانیاری ستراتیجیە لە ئەندامانی یانەکان وەئەوانەش لە پاك و پوختەکانی وولات بوون. بەلام ڕاستیەکەی ئەوەی ئەنێردرێت لە وەسفی پیشەی ئەندامەکە تێپەڕ نابێت.

بەلام لەکاتی دامەزراندنی یانەی نوێ ئەوەپێویستی بە ڕەزامەندی ڕۆتاری هەیە بۆڕاپرسی مەرجی دیاری و ئاشکرا. وە لێرەدا سیخوڕی یان کۆکردنەوەی زانیاری نیە، بەلام ئیشوکاری ئیداریە لەپلەیەکی بەرزدایە لە ڕێکخستن تائێستا ئێمە پێی نەگەیشتوین بۆیە خراپە ئەکەین شکیان لێبکەین!!

وە وەلامی ئەم بانگەشەکردنە ئەداتەوە مامۆستا/ ئەبوئیسلام ئەحمەد عەبدوللا لەکتابەکەیدا لەکتابەکەی کە باسمانکرد ئەڵێت:

وەلامی ڕۆتاریەکان ئەدەینەوە بە درێژەی زیاتر:

تاوانکار هەموکات هەست بە تاوانەکانی ئەکات وە بەئاگادەبێت بۆدەرخستنی جیهانی تاوان بۆ دڵنیاکردنەوەی لە بێتاوانی لەکردارەکەی ٠

هەروەها وتیان ــ پێشئەوەی بیڵێین ــ : ئەمە جۆرێك نیە لە دزەکردنی زانیاری ئیستراتیجی٠

وەئەوەش لەڕاستیدا هۆیەکە لەهۆیەکانی دزەکردنی زانیاریە سیتراجیەکان ئەوەی بەسە کە ئەنێردرێت بۆ ڕێکخراوی ماسۆنی لە ئەمەریکا گەمارۆدانێکی گشتیە بۆ ڕێکوپێکی وولات ــ وەك پێیان ئەڵێم ــ وەئاشکرا کردنی کارەکانیان وە تایبەتمەندیان وە ئامادەیی زانیاریان وەبارو دۆخی کۆمەلآیەتی وە سالآنی قالبونی، وە ڕاپۆرت لەسەر ئەرکەکانی هەریەکەو کارەکەی، وە تەنگ و چەڵەمەکانی و ئارەزووە تایبەتی و پیشەییەکانی، وە خواستنامە ئەندامیەکانی فەرمانی لێکترازانی نێوان من و نێوان سکرتاریەتی ڕۆتاری میسری٠

وە ووتیان ــ پێش ئەوەی بڵێین ــ : کەدامەزراندنی یانەیەکی نوێ پێویستی بە ڕەزامەندی ڕۆتاری جیهانی هەیە .. وە یانەی ڕۆتاری لەمیسر ئەچێتە ژێر یاساکان وفەرمانەکانی ڕێکخراوی ڕۆتاری جیهانی بەڕەچاوکردنی بنەماکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەلآیەتی کە بە لێدوانێکی فەرمی ئاناسرێت بۆ ئەنجامدانی چالاکی لە میسر٠

ووتیان ــ پێش ئەوەی بڵێین ــ : لێرەدا سیخوڕی یان کۆکردنەوەی زانیاری نیە، وەڕاستیەکەشی ڕۆتاری لە سەریەوە تا پاژنەی پێیەکانی سیخوڕیە وەکۆکردنەوەی زانیاریە بۆ بەرژەوەندی زایۆنیزمی جیهانی کە جولەکە سەرۆکایەتی ئەکات وە کوێرانە لە وولاتەئیسلامیەکانمانەوە کۆمەك ئەکرێن٠

بەلآم بەووتەی خۆیان ئەم شوێن کەوتنە(کاری کارگێڕیە ئێمە پێی نەگەیشتوین)

ئەمەش وەك دەقی پرۆتۆکۆڵەکانی زایۆنیە کە ساوا پیر ئەکات وە بانگێژی ئەمانی متمانەی هاوولاتی بە وولاتەکەی ئەکات، وەگەڕان بەدوای پێشەوای خۆی لەدەرەوەی سنووری خاکی خۆی، کە پێشکەوتن و شارستانی — ساختە — وە ئەو پیلانگێڕانەفەرامۆشیانکرد کە گەورەترین شێوەی کارگێری کە چواردە سەدەیە ئیسلام هێناویەتی وەئێستا ئەخوێندرێت لە هەندێ پەیمانگاکانی زانستەبالاکان وەبۆئەمەش نامەی زانستی ئامادەکراوە خاوەنەکانیان پلەی نایابیان بەدەس هێناوە لەگەڵ پایەی ڕێزی یەکەم، بەلام هەر بەختەوەرە، وەلەسنوری ئەرشیفی پەرتوك خانەکان دەرناچێ هەتا تەنگ هەڵەچنێت بە زانستە کارگێریەکانەوە کە زایۆنیزمی جیهانی ئامادەی کردووە بەپێی یاساکانی و ئامانجە وێرانکاریەکانی لە پەیمانگای ماسۆنی جیهانی بۆزانستی کارگێری لە ئەمەریکا وەدامەزراندن لەسەرشێوەی خۆی وەبەپێی پەیڕەوەکانی کە ئەمڕۆ لە میسر بە ئەکادیمیای سادات بۆ زانستە کارگێریەکان ناسراوە بۆ خزمەتی ئابوری زایۆنیزم بەپێی پیلانەکانی ماسۆنی جیهانی لەوێرانکاری ئاینەکان و دامەزراندنی حکومەتی جیهانی دیموکراتی نا ئاینی.

****

پ٦٧: لەبارەی یانەکانی لیونز وانەبیستین کە پەیوەندی هەیە بە ڕۆتاریەوە،ئەمە چۆنە؟

وەلام: یانەکانی لیونز لەجیهان ئەگاتە نزیکەی ٤٥ هەزار یانە ملیۆنێك و سێ سەدو پەنجا هەزار ئەندام لەخۆ دەگرێت لە ٢٠٠ وولات لەجیهان وەبارەگاکەی لە ئۆك برۆکە — ئیلینویز ـ لە ئەمەریکا وەدامەزرێنەری ئەو ڕێکخراوە (میلفن جونز) ە.

وەیانەکانی لیونزی جیهانی دامەزرا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩١٧ لەلایەن میلفن جۆنز، کە ئەندامی پێشوی ماسۆنیە، جۆنز جارێکیان وتی : ((تۆناتوانی زۆر دووربیت هەتا دەس بەئیشێك بکەیت بۆ کەسێکی تر)).

وە ئەم یانانە ئەندامانی پیاوی لەخۆ ئەگرت بەلام لەم سالانەی پێشوو ئافرەتیشی وەرئەگرت.

وەلە ٢٠٠٣ نیوەی ئەندامانی نێرینە لەیانەی شێران لە ویرسستەر – ئینگیلتەرا – دەسیان لەکارکێشایەوە کاتێك کە ژنان چونە ناو یانەکە.

ناوی یانەی لیونز کە سالی ١٩١٩ ناوی ئاشکرا کرا لە کورتکراوەی پیتەکانی یەکەمی ئەم رستەیە بەئینگلیزی هاتووە: "Liberty, Intelligence, Our Nations Safety" واتە (سەربەستی ، زیرەکی، ئاسایش بۆگەلەکەمان) لە(گەلەکەمان جێناوی لکاوە لێرەدا ئەگەرێتەوە بۆ جولەکە بێگومان) یان هەر ئەو واتایە بە ئەلمانی (Freiheit, Inetelligenz, Sicherheit unserer Nation).

وەئێمەش خوێندنەوەیکی ترمان هەیە بۆئەم کورتکراوە ئەلمانیە لەرستەیەکەوە هاتووە واتە ژیان بەبێ ژیانی دووەم هیچ واتایەکی نیە Leben Ist Ohne Nä Chstenliebe Sinnlos !

وەئەوەی سەریە ((لیونز)) و ((رۆتاریە)).. باوەری نیە بەئیسلام .. لەپال کەس و شاروئاینەکەی، لەبەر ئەوەی ئەم رێکخراوانە جولەکە بەرێوەی ئەبات.. چالاکی زایۆنیزمە .. ئامانجی بۆ نەهێشتنی ئاینەکانە.

لەبەرئەمە موفتیەکانی کۆری فیقهی ئیسلامی سەر بەیەکگرتوی جیهانی ئیسلامی لە فەتواکەی دەربارەی ماسۆنی، وەفەرمانی چونەناوی بۆی، بەلام ماسۆنی لقی تری هەیەو ناوی ترلەخۆدەگرێت بەروکەشی بەلام هەمان بیرو بۆچونی ماسۆنیە وەناویشی کەئەگۆرن بۆئەوەی بتوانیت چالاکیەکانی ئەنجام بدات لەژێر ناوی جیاواز، وەگرینگترینیان (لیونز) وە (رۆتاری)، کەیەکناگرێت بەهەموو شێوەیەك لەگەل یاساکانی ئیسلام.

کۆری فیقهی ئیسلامی دەستەیەکی زانستیە خاوەن کەسایەتیەکی باوەرپێکراوە سەر

یەکگرتووی جیهانی ئیسلامیە، کۆمەڵێك لە زانایانی نەتەوەی ئیسلامی، وەئەرکی لێکۆڵینەوەی مەسائلە نوێیەکانە کە ڕووبەڕووی موسوڵمانان ئەبێتەوە بۆڕوونکردنەوەی فەرمانی یاسای ئیسلام لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکان، وەچوار لە چاکترینەکانی زانایان هەستان بە لێکۆڵینەوە لەسەر ماسۆنی و دەستەکانی وەگەیشتنە ئەو فەرمانەی بە کافربوونی هەرکەسێك کە پیوەندی بکات بە ماسۆنیەوە، وەزاناکانیش ئەمانەن: عەبدوڵلای کوڕی حەمید سەرۆکی ئەنجومەنی دادگای بالآی وولاتی عەرەبی سعودی ــ ئەوکاتە ــ وە موحەممەد عەلی ئەلحەرەکان ئەمینداری گشتی یەکگرتووی جیهانی ئیسلامی ـ لە کاتی دەرچونی فەتواکە ــ وە موحەممەد محمود ئەل صەواف، وەشێخ عەبدول عەزیز کوڕی عەبدوڵلا کوری باز ـ خودا لێی خۆشبێ ـ .

****

پ٦٨: ناوەڕۆکی فەتوای ئەزهەری پایەبەرز چیە سەبارەت بە ماسۆنی و لقەکانیەوە؟

وەلآم: بانگەوازێك بۆ موسوڵمانان لە لیژنەی فەتوای ئەزهەری پایەبەرز سەبارەت بە ماسۆنی و یانەکانی سەر بەو وەك ڕۆتاری و لیونز: ئیسلام و موسوڵمانەکان دوژمنانی زۆر لەگەڵیانەجەنگن بەهەموو جۆرە چەکێکی دارایی و ئەدەبی، ئەیانەوێ بەمجۆرە فێڵبکەن لەئیسلام و موسوڵمان، بەلآم خودا سەرکەوتویان ئەکات وەرێزداریان ئەکات.خودا فەرمویەتی: ﴿ انا لننصر رسلنا والذين ءامنوا فی الحيوة الدنيا ويوم يقوم الاشهد﴾ (غافر:٥١).

وە لە نێوان ئەو هۆیانە کە شەری پێدەکەن لەگەڵ ئیسلام: هۆیەکان یانەکانە کەبەناوی برایەتی و مرۆڤایەتی داینەمەزرێنن، وە مەبەست و ئامانجی خۆیان هەیە، وەلەنێوان ئەو یانە ماسۆنیانەو دامەزراوانەی سەر بەون وەك: لیونز و ڕۆتاری، وەئەمانەش لە ترسناکترین ڕێکخراوی وێرانکەرن کەجولەکەو زایۆنیزم دەسیان گرتوە بەسەریاندا، ئەیانەوێت بەم شێوەیە دەسبگرن بەسەر جیهاندا لەڕێگای قەلآچۆکردنی

ئاینەکان، وەبلاوکردنەوەی ئاژاوەی ڕەوشت، وە ڕۆڵەی وولات بکەنە ژێر باری سیخوڕی کردن لەسەر نیشتیمانەکەیانەوە بەناوی مرۆڤایەتیەوە، وەلەبەرئەمە حەرامە لەسەر موسوڵمان پەیوەندی بکەن پێیانەوە.

وە ئەوەی لەم فەتوایەدا هاتووە:

((ماسۆنی کۆمەڵەیەکی نهێنی جولەکەیە، وەمەبەست لە دامەزراندنی ژێرخستنی ئاینی مەسیحیە، وەدوای ئەویش ژێرخستنی گشت ئاینەکانی تر وە گەڕانەوەی سەروەری بۆ ئیسرائیل وەگەڕانەوە بۆ خاکی فەلەستین.. وەلەبەریتانیا یەکەم ئەنجومەنی ماسۆنی دامەزرا وە دروشمەکەیان بووە: سەربەستی و برایەتی و یەکسانی.وەلەلەندەن ئەم بڕیارە دەرچوو کەڕاستی مەبەستەکانیان دەر ئەخات:

- شەڕکردنی گشت ئاینەکان وکاسۆلیکی بەتایبەتی.

- ژیاندنەوەی گیانی بێبڕوایی و ڕێگەدانی لەنێوان گەلان.

وە لە ئەمەریکا و شوێنانی تر ئەنجومەنی بۆدامەزراند، وەبە دروشمەکانی هەندێ لەموسوڵمانانی هەڵخەڵەتاند وە پەیوەندیان پێوەکرد، کە ئامانجەکەی بۆ دەرکەوت وازی لێهێنا، وە زۆریەیان ترسان کە نهێنیەکانیان بلاو بکەنەوە تاکو نەکوژرێن.

وە چەند بڕوانامەیەکی گەورە نووسەرانی ڕۆژئاواکان هەیە، وە هەروەها بلاوکراوەی فەرمی جولەکە و لێکۆڵینەوەی پسپۆڕان، وەهێڵکاری فراوانی جولەکە ئاشکرایە بۆ تێکدانی جیهان لەژێر دروشمەکانی بریقەدار کە پێویستە موسوڵمانان به ئاگابن لێی.. وە هەتا کارەکانی زیاتر ئاشکرا نەبێت، وە بۆ بەئاگابون لە بلاو بونەوەی بەشێوەیەکی فراوانتر ماسۆنی دەرکەوت لەژێر ناونیشانی جیاواز، وە چەندەها لقی دامەزراند، لەوانەش: ئەلبنای برث، وە کەیوانی وە لیونز وە ئەکستشانج وە یەککرتن و سەرکەوتن وە یانەی قەڵەم وە یانەی خاچە درەوشاوەکان، وەهەروەها کۆری فیقهی بڕیاریدا لە

بەستنی خولی یەکەمی لە مەککەی پیرۆز - خوابیپارێزێت - لە دە ی شەعبانی ١٣٩٨ کۆچی ڕێکەوتی پانزەی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٨زاینی لە پەردلوی ماسۆنی و ئەوانەی پەیوەندیان پێوە کردووە وەفەرمانی شەریعەتی ئیسلامی تیایدا، ماسۆنی بە ترسناکترین ڕێکخراوی وێرانکاری دادەنرێت لەسەر ئیسلام و موسوڵمانان، وەهەر یەکێك کە پەیوەندی پێوە کردبێت وەزانیاری هەبێت لە ڕاستیەکانی وە ئامانجەکانی ئەوەدەرچووە لەئیسلام.

****

پ٦٩: زاناکانمان دەربارەی ڕۆتاری چیان وتووە؟

وەڵام: زانایانی ئاینی ئاگاداریکردوینەتەوە لە ترسناکیەکانی ڕۆتاری بەئاشکرا لە وتەکانیان لە وانەش :

شێخ موحەممەد متەوەلی شەعراوی - خوا لێی خۆشبێت - کە وتی: ئاوبڕیوانان بێنەوەی بزانن لە پشت ئەم بانگەشانەو (یانانە) وە پێویستە وریابن، بەڵام هەڵهاتوەکان نمونەیان وەك نمونەی ئەوانەیە کە لەدەرەوەی پەیرەوی خودایە کەپرسیاریانکرد:

وەڵامی دایەوە:بۆڕۆژوشکاندنی مانگی ڕەمەزان، وەبەربانگیش بەپێکێك مەبێت، وەنرخی مەیەکەش بەپارەی بەرازێك کڕدرابێت، وەبەرازەکەش دزرابێت.

- بۆچی بەم ئاڵۆزیە!

وەڵامی دایەوە: هەتا ئەوەی ئەنجامی ئەدەم چوارجار حەرامبێت.

بەم شێوەیەئەکات دەرچوو لە پەیرەوی خودا - پەنا بە خودا - ئەوان دزە ئەکەن بۆناو کۆمەڵ لە ڕێگای بانگەشەی چاکەوە، وە ئەبینین چاکترین لەپیاوەکانی کۆمەڵ هەڵئەخەڵەتێن بە ڕوکەشی بانگەشەکانیان.

وەلێرەدا ئەپرسین: بۆچی کرداری چاکە ئەکەن بەناوی ڕۆتاری و لیونز وەبەوجۆرە نایکەن کە بیگەڕێننەوە بۆ سەرچاوەی سەرەکی خۆیان کە ئیسلامە؟

شێخ فازڵ عەتیە سەقەر ــ ڕەحمەتی خوای لێبێت ــ سەرۆکی لیژنەی فەتوا لە ئەزهەری پێشوو ووتی : کەمترین شت کە ئەوترێت لەسەر ڕۆتاری و لیونز و هاوشێوەکانی ئەوە پێکهێنراوی گوماناویە پێویستناکات کە لەخۆبابین بەو دروشمانەی کە بەرزی ئەکەنەوە، وەکەنیسە زیری نواند بۆئەم کارە لەگەڵیان دووا ((ڕاوێژ دەکەن)) لە ئامەنگێك لەساڵی ١٩٢١ بەڕێوەچوو لەنیۆیۆرك بەم شێوەیە وەسفیان کرد: ((شتێکی نا ڕەوشتی باڵ ئەکێشێ بە سەزیدا وە بەسەر پەیوەندیە بێهاوتاکانی)).

هیچ پەند وەرگرتنێك نیە لە هەندێ ئەندامەکانی کە چوو بۆماڵی خودا ـ حەجی کرد ـ کەلەوانەبێت دەستی لەگەڵ بیروباوەری وێرانکاری بێت دەسپێشکەری ئەکەن بۆ حەجکردن، کوفرنیە بەوەی ئەنجامیاندا وەگەڕانەوە بۆلای خودا، بەلاَم لە ترسی ساویلکەیی ئەوا بیرو بۆچونیان وکردەوەیان جیاواز نین لەگەڵ ئاین.

وە شێخ موحەممەد غەزالی ئەڵێ ــ خوالێی خۆشبێت ــ :ئەم ئەنجومەنانە جگە لە ئامێرێکی جولەکە هیچیتر نیە بەکەسانێکی موسوڵمانان کارئەکەن بۆجێنشینکردنی ئیسرائیل وە لابردنی تەنگوچەڵەمەکان بەرامبەر بوونی لەناوجەرگەی وڵاتانی ئیسلامی بەشێوەیەك لەشێوەکان، نەتەوەکان هاندەدات بۆلەبیردنەوەی بیرو باوەڕیان بۆ ئاسانکردنەوەیان دوای ئەوەی دروشمە پرشنگدارە درۆکانیان بکەنە ڕێگایەك بۆ لەدایکبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لەژێر بانگەشەی کەگوایە لەسەروی ئاینەکان و سەروی ڕەگەزەکانە.

ماموستا عبداللە التل ئەڵێت: یانەی ڕۆتاری کۆمەڵەیەکی جولەکەیە خۆی واپیشاندەدات بەکارکردنی مرۆڤایەتی لەپێناو چاککردنی پەیوەندیەکان لەنێوان مرۆڤدا، وەخۆی واپێشاندەدات کەچالاکیەکانی کۆکردووەتەوە لە چەمکەکانی ڕۆشنبیری و

کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتی.

وە ئەم کۆمەڵانە یانەیان هەیە لەسەرانسەری جیهان کەسایەتی گەورە و بچوك پەیوەندیان پێوەدەکەن لەرێگەی نامەنگەکان و کۆرەکان کە بانگەشە دەکات بۆ نزیك بوونەوە لە ئاینەکان، وەهەڵوەشاندنەوەی ئەوانەی کە نزلیەتی جولەکە دەکەن، وەئەمەش کارئاسانییە بۆ تێکەڵبونی لەناو کۆمەڵگاکانی تر.

دکتۆر مستەفا مەحمود - رەحمەتی خوای لێبێت - ئەڵێت: کاتێك کە ئەمرۆ ئەفریقیت، کوندەپەپوو لەهەموو کەلاوەیەك ئەفریقیت وە هۆزو تایەفەکان کۆدەبنەوە لەژێر هەزارناوو ناواندا وەلەژێر هەزار دروشم و دروشمدا، وەبەرگی ئەو گەلانەو دروشمەکانیان وە مەزهەبە ئاشکراکراوەکانیان تەنها بەرگێکی خۆگۆڕینە کەلەژێرەوەی رم و خەنجەرو باروت ئەشارنەوە.

دکتۆر یوسف قەرزاوی ئەڵێت : یانەکانی رۆتاری و لیونز و ئەوانی تر لەکۆمەڵە گوماناویەکانی تر توانیتیان چالاکیەکانیان ئەنجام بدەن لەوولاتانی موسوڵمانان بەهەڵخەڵەتاندنی خاوەن پلەکان و خاوەن ناوات و تەماحکاران کەگوایە کۆمەڵەی رۆشنبیری و خێرخوازیە کەلەبەرامبەریان دەرگای کاری کۆمەلایەتی ئەکاتەوە بۆیان بەبێ نارەحەتی یان بەستنەوەیان بە ئاینەوە یان بەسیاسەت، وەلەبۆچونە تایبەتەکانی ماسۆنی زایۆنی ئەو هەڵخەڵەتاوانە کەرەسەی تێکدەری و پاچن بۆ تێکدانی کۆمەڵگای ئیسلامیمان.

ئەی بۆچی موسوڵمان گرنگی ئەدات بە پەیوەندیکردن پێیانەوە کە دەوروەدراوە بە نهێنی وە ناڕوونە لەلای خۆیەوە وەدەورەدراوە بە شك و گومان لێرەو لەوێ ؟

وەهەروەها شێخ عەبدول جەلیل شەلەبی ئەڵێت: یانەی رۆتاری ناسراوە کە لقێکە لە کۆمەڵەی ماسۆنی گشتی وەماسۆنی واتا ((بیناسازی ئازاد)) کۆمەڵەی جولەکەی کۆن

کارئەکات بۆ بەرژەوەندی زایۆنیزم وەئەوانیش خۆیان نیشان ئەدەن بە چاکەو خزمەتکردنی ئەداران، وەیانەی ڕۆتاریش بۆهەمان مەبەست کاردەکات وەخۆی بەدورناگرێت لە هیچ یەکێك لەخەڵکی کەپارمەتیان لێوەربگرێت وەئەمەش هیچ هەیبەتێکی تیانیە، بەڵکو هەیبەت بۆدەوڵەمەندەکان و کۆمەڵە ئیسلامیەکانە کەچاودێری پێداویستی ئەوانە ناکەن.

پ٧٠: ئایا یانەکانی ڕۆتاری لەووڵاتانی عەرەب هەڵوەشێنرانەوە؟

وەڵام : لەهەندێ ووڵات هەڵوەشێنرانەوە وەك عێراق ساڵی ١٩٥٩ وەسوریا ساڵی ١٩٦٥ وە دوبەی ساڵی ١٩٧٨ وە هۆشداری درا لەسەر نووسینگەی ناوچەی عەرەبی ساڵی ١٩٧٧، تەنهالە میسر چالاکیەکانی ئەنجام ئەدا وەگەورە پیاوانی سیاسەت و ئاین پەیوەندیان پێوەکرد، وەسەرۆکی یانەکانی ڕۆتاری میسری ڕۆژهەڵات ((سۆزان موبارەك)) بوو وەهەروەها لەئەندامەکانیشی زۆرێك لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و زۆربەی وەزیرەکانی پێشوو بوون وە هەندێك لەوانەی کە بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵاتیان بەدەست بوو.

دروشمی ڕۆتاری

بۆڵ هاریس

دامەزرێنەری یانەی ڕۆتاری جیهانی

چوار دامەزرێنەرەکەی ڕۆتاری ـ بۆڵ هاریس و براکانی.

١١

چیرۆکی ماسۆنی لـە میسر

- کەی میسر فیکرەی ماسۆنی زانی؟
- موحەممەد عەلی پاشاو ماسۆنی.
- سەدەی ئاڵتونی بۆ ماسۆنی لەمیسر دوای موحەممەدعەلی.
- چالاکی ماسۆنی لە میسر تاکو ساڵی ١٩٦٤.

لەدوای کۆتایی هێنان بە قسەکانی ڕابردوومان هاوڕێکەم ڕۆیشت لەسەر بەڵێنی بەیەک گەیشتنەوەمان ئەمڕۆ ، هەر کەدانیشت لەشوێنەکەی خۆی دەستپێشخەری لێم کرد و وتی: بەدرێژایی شەوو بیرم هەر لای ئەوەبوو چۆن ماسۆنی چووە ناو وولاتانی عەرەبەوە وەبەتایبەتی میسر، وەچی پێکرد؟ ئایا گفتوگۆی ئەمڕۆمان ئەکەیتە باسی ماسۆنی لەمیسر وەپرسیاری یەکەم:

پ٧١: کەی میسر ماسۆنی ناسی؟

وەلام: لەراستیدا میسر ماسۆنی ناسی لەگەڵ هێرشی فەرەنسا بە سەرکردایەتی ناپلیۆن بۆناپەرت کاتێك میسر و خاکی فەلەستینی داگیرکرد لەساڵی ١٧٩٨ ، وەئامانجی ناپلیۆنی ماسۆنی ئەوەبو کە ماسۆنی و ئەنجومەنەکانی بکاتە میسرەوە، وەجێبەجێکردنی فیکرەی عیلمانی کەدژایەتی ئاین بکات لەمیسرو لەشام.

ناپلیۆن هەندێك لەسەرکردەکانی راسپارد بەدامەزراندنی یەکەم ئەنجومەنی ماسۆنی لە شاری ئەسکەندەریە، وەناوێکی فیرعەونی لێنا کە ئەویش ئەنجومەنی ((ئیزیس))ە لەئابی ١٧٩٨ .

دوای دەرچوونی هەڵمەتی فەرەنسی لە میسر ماسۆنی بەردەوامبوو لەسەر ڕێرەوی خۆی وەهاوکاری فەرمانڕەوایی محمد عەلی کرد لەمیسر، وەپیلانەکەی ماسۆنی سەرکەوتوبوو بۆ گرتنە ئەستۆی محمد علی بە تەختی میسر ساڵی ١٨٠٥ زا.

محمد علی دەسیکرت بە فەرمان ڕەوایی میسر بەلادانی زانایانی ئاینی – پیاوانی ئەزهەر – وە دەسبەسەراگرتنی سەروەت و سامانیان ، وەداهێنانێکی داهێنا بە دامەزراندنی شێخی ئەزهەر وەئەو یاسایە تائێستاش کارپێدەکرێت، هەروەها کورتکردنەوەی چالاکی و کارەکانی ئەزهەر لەسەر میسر وەتەرخانیکرد تەنها بۆ زانستی ئاینی، بۆ ئامادەبوونی بە عیلمانی کردنی وولات کەماسۆنیەت هەوڵی بۆئەدات.

پ٧٢: محمد علی بۆچەسپاندنی فیکری ماسۆنی چیکرد لەمیسر ؟

وەڵام: لەدوای سێ ساڵ لە حوکمڕانی محمد علی لەمیسر ساڵی ١٨٠٨ فەرمانێکی دەرکرد بە جیاکردنەوەی ئاینی ئیسلامی و زانستەکانی لە وڵات و سیاسەت وەئەمەش بەرزترین ئاواتی ماسۆنیە، وەئەمەشی ئەنجامدا لەئەورووپا.

وەماسۆنی هاوکاریکرد لە ئەورووپا بۆچەسپاندنی فەرمانڕە واییە عیلمانیەکەی وەزامنکردنی مانەوەی دەسەڵاتەکەی بۆ منداڵەکانی، وە کارگەی بۆدامەزراند وەناوینا دلمەزراوەی میسری نوێ.

محمد علی دەستیکرد بە دڵسۆزی و ملکەچی سەپێنراوی دەربڕی وەسوپای میسری نارد بۆ خاکی دوورگەی عەرەبی ـ خاکی حیجاز ــ بە سەرۆکایەتی ئیبراهیمی کوڕی بۆ شەڕکرن بەرامبەر (فیکرەی وەهابی) وەدامرکاندنەوەی بزوتنەوەی وەهابیەکان، ئەمەش دوای لاوازبونی ئینگلیز لەمەدا، سوپای محمد علی هەستا بە لێدانی میرنیشینی خۆر هەلات و ((رەمنس ئەلخەیمە)) کەرێنخۆشکەربوو بۆ ئینگلیز بۆ داگیرکردنیان .

وەمحمد علی هەستا بەلەناوبردنی پاشاکان لەمیسر لە قەسابخانیەکی گەورەدا کە ٤٠٥ لەسەرۆکەکانی مەمالیکەکانی کوشت لەقەلا.

****

پ٧٣: بیستمان کە محمد علی نێردراوی نارد بۆ فەرەنسا، ئایا ئەمەش لەپیلانی ماسۆنی بوو؟

وەڵام: بەڵێ محمد علی نێردراوی نارد بۆ فەرەنسا، کەلە گەنجان بون وە لەنێچیری ماسۆنی بوون لەوێ وەلە نێوان ئەو گەنجانە ((ڕوفاعە تەهتاوی)) بوو کە ٢٥ گەنجی لەقوربانیانی میسری لەگەڵدابوو کە دوای ٥ ساڵ گەڕانەوە میسر، کەلە شوێنە

گشتیەکانی ڕابواردن و خواردنەوە و لە باخەڵی تیاترۆکانی فەرەنسا بەسەریان بردبوو وە لەژێر چاودێری ماسۆن.

وە بــە ماســۆنیی و عیلمانیەتیــەوە گەڕانــەوە بۆمیســر، ئەســۆزیان هــەبوو بۆنیشتیمانەکەیان وەنە بۆ ئاینەکەیان بەڵکو تەنها سۆزیان بۆسەرگەورە زایۆنیزمەکانیان هەبوو.. وەگەڕانەوە بەفیکرەیەکی ژەهراوی ئەگەشانەوە بۆ ئازادی بەخشین بەگەنجان لەگەڵ کچاندا بە لاسایی کردنەوەی گەنجانی فەرەنسا وەسەربەستی تەواو بە بازرگانیکردنی مادە سەرخۆشکەرەکان و بێهۆشکەرەکان، وەسەربەستیدان بە ژنان وەدەربازکردنیان بە هەموو ئەو پابەندیانەی کە وەریانگرتووە لە ئیسلامەوە، تائەو پلەیەی کە ((قاسم ئەمین))کتابێکی دەرکرد بەناوی ((ڕزگارکردنی ئافرەت)) تیایدا داوادەکات بە ئازادکردنی تەواوەتی ژنان، وەبۆچونی گێژانەیان وابوو کە حەلالکردنی سرووشتی نهێنی پێشکەوتنی فەرەنساو هەموو ڕۆژئاوایە بەگشتی، بۆیە ویستیان کەلاسایی ڕۆژئاوابکەنەوە لاساییەکی کوێرانە.

****

پ٧٤: ئایا بەڕاستی محمد علی هاوسۆز بوو لەگەڵ جوولەکە؟

وەلام: بەڵێ محمدعلی هاوسۆزبوو لەگەڵ جوولەکە وەباجی لەسەریان سووککرد بەڵکو دواجار لایبرد، جولەکەئەم سۆزداریەی محمد علی قۆستەوەو چالاکیە ئابوری و پیشەسازی و دارایی و ڕۆشنبیری زیاترکرد، وەپشتیوانیان بوو بۆمووچەو کارێکی زۆر، هەروەها ئەنجومەنی شارەوانی دامەزراند وە هەندێ لەجولەکەی تیا دامەزراند بەئەندام تیایدا وەبنیاتنانی دادگای شارستانی، وەجولەکە توانیتی دادوەری تیادابکات...هەموو ئەمانە جولکەی یۆنان و پۆڵەندای هاندا کۆچ بکەن بۆ میسر هەتا ژمارەیان گەیشتە شەش هەزار جولەکە ساڵی ١٨٤٠ .

هـەتا پـــەنایان بـردە بـــەر ژمارەیـــەك لەجولەكـــەی فەرەنسـی لەشـــوێنكەوتوانی ((سانسیمۆن)) بۆ ڕێكخستنی ناوەندی وولات لەهەموو بوارەكانی زانستی و ئەنـدازیاری و پزیشكی و كۆمەلایەتی، وە ئەم نێردراوانە سـەرەكی گەنـدەڵی و دواكـەتن بـوو كـە میسر تیایدا تێپەڕی لەسـەردەمی((محمـد علـی)) وە هـەتا ئێستا،كەكاریگەربوو بەبۆچـونەكانی ((سانسـیمون)) و ((ڤـولتێر)) كـە بانگەشـەی لـەناوبردنی ئـاین و یاسـاكانی ئـەكرد لـە پەروەردەی گەنجان .

وەلەبیرمان نەچێت كە سولتان محمد علی گەشەی سەند بەفەرمانڕەوایی كردنی شـام و حیجاز كەبوەهۆی هەڵ ڕەخساندنی بۆ گەشـەكردنی ماسـۆنی جولەكـەو وەبلاوبونـەوەیان لەو وولاتانە، وەبەتایبەتی شام لەژێر ڕەزامەندی و چاودێری محمد علی پاشا خۆی .

****

پ٧٥: هاوڕێكەم ووتی: ئەی بۆچی ماسۆن كودەتای كرد بەسەر علی محمد علی وە وولاتە داگیركەرەكان هەڵگەڕانـەوە لێـی، وەجـەنگان لەگـەڵیا وەدەسـەلاتەكەیان لـەناوبرد هـەتا گیری خوارد لە میسرو سودان؟

وەلام: ووتم: لەبەر ئەوەی محمد علی پاشا دەرچـوو لـەو سـیناریۆیەی كـە دیـاریكرابوو بۆی، وە وایزانی كـە توانـای هەیـە بەسـەر جـەنگی وولاتـی عوسمـانی وەجـەنگی ئـەورپا وەئینگیلتەراو فەرەنسا ترسان لێی وە لە ناویانبرد، وە ئەمەش ڕویدا لە ناپلیۆن.

****

پ٧٦: سەدەی ئالتونی کامەیە بۆ ماسۆنی لە میسر لەدوای مردنی محمد عەلی؟

وەلام: سەدەی ئالتونی بۆماسۆنی لەسەردەمی ئیسماعیل خدێوی بوو کوورەزای محمد علی کاتێك کە ئیسماعیل پاشا حوکمی میسری گرتە دەست، جولەکەو ماسۆنیەکان دەستیانگرت بەسەر یاسای فەرمانرەوایی میسر وەدەستیان وەرئەدا لە کاروباری ئابوری و سیاسی وولات، ئەوەی کەئاشکرایە ئیسماعیل پاشا لەنێو گەڕاوەکانی ئەورووپایە وەبەتایبەتی فەرەنسا.

وە ئەنجومەنەکانی ئیتالی چالاك کرد لەمیسر لەسەردەمی خۆی، هەتا هەموو بلاوکراوەکانی ماسۆنی لەمیسر بەزمانی ئیتالی دەردەچوو..

وەئەوەی شایانی باسە ئەسکەندەریە بووە تیکەیەکی گونجاو لەناوەدەمی ماسۆنیەکان لەهەموو ڕەگەزەکان، هەتا ناوەندی ماسۆنی لەمیسر تا سالی ١٨٧٩ لە ئەسکەندەریە بوو.

هەروەها ئەنجومەنی ماسۆنی فەرەنسی و ئینگلیزی و میسری دەرکەوت لە گشت سەرلنسەری میسر وەدوای ئەوە چالاکی ماسۆنی گواسترایەوە بۆ قاهیرە.

وە چالاکیەکانی ماسۆنی لەمیسر زیادی کرد لەسەردەمی ئیسماعیل پاشا، وەماسۆنیەکان بەرزترین پۆستیان داگیرکرد، کە سەرۆك وەزیران و وەزیران و بەڕێوەبەران و گەورە کەسایەتیەکان لە میسر لەماسۆنیەکانن لەوانەی کە لە فەرەنسا گەڕانەوە، وەهەموویان نازناوی (پاشا) و (بەگ) و (ئەفەندی) یان پێ بەخشرا.

وەلەنێوان ئەو ماسۆنیانە شازادە حلیم (عبدالحلیم) برای ئیسماعیل پاشا وارسی یاسایی بۆ تەختی میسر بەپێی یاسای ویراسەت کەکارپێدەکرێت لە سەردەمی محمد علی پاشاوە.

وەماسۆنیەکان گرنگیان چرکردەوە لە شازادە حەلیم لەبەرئەوەی گرنگیەکی زۆری ئەدا بەچالاکیەکانی ماسۆنی لەمیسر.. وەخوێندنی لەفەرەنسا تەواوکرد، لە کۆلیژی (سانسیتر) ی سەربازی لەگەڵ ئیسماعیل پاشا وەگەڕایەوە بۆ میسر سالی ١٨٤٥ ،وەماسۆنیەکان هەڵیانبژارد بۆخۆیان بە((مامۆستای گەورە)) لەئەنجومەنی ((خۆرهەلاتی گەورەی ماسۆنی میسری)) سالی ١٨٦٧، وەکۆشکەکەی لە شیبرا بوبە ئەنجومەنی ماسۆنی وەجێگری پاشای بەریتانیا لەو ئاهەنگە ئامادەبوو کەلەوکۆشکە ئەنجامدرا.

زۆربەی لایەنگرانی شازادە((حەلیم)) لەماسۆنیە ئیتالی و فەرەنسیەکان وجولەکە بوون، وەلەوجولەکە ترسناکانە بوو کە ڕۆلێکی گرنگیان هەبوو لە بلاوکردنەوەی ماسۆنی لەمیسر قوتابی شازادە ((حەلیم)) ناسراو بە ((یەعقوب سەنوع)) وە((حسن موسا عقاد)) یەکێك لەگەورە بازرگانانی قاهیرە.

جولەکە چواردەوری ئیسماعیل پاشای داو هەستیکرد کەنێچیرێکی ئاسانە ئەتوانێت تێوەی گلێنێ وەنوقمی بکات لەو زەلکاوەی کە زایۆنیزمی جیهانی نەخشەی بۆداڕێژابوو.. جولەکە بەپەرۆشی ئیسماعیل پاشای قورخ کرد بۆئەوەی قاهیرە وەك پاریسی لێبێت کەتێیدا ژیاوە.

هەروەها ئیسماعیل پاشا بواری کاری میریی گشتی کردەوە لەسەر بەشکردنی لەگەڵ جولەکە، وەبەتایبەتی لە بەشەکان و قەلەمی ژمێریاریەکان و وەرگێر، وەجوولەکە دەسیکردبە بەدیهێنانی ئاواتەکانی لەسەرچاوەکانی سامان و ئالتون لەمیسر.

وەلەیەکەمەکانی جولەکە کەکاریان ئەکرد ((فیکتور هراری)) و ((ئیفرایم عادات)) بوون وەبەرزەوەبوون هەتا فیکتور بووبە بەڕێوەبەری گشتی خەزێنەی حکومەتی میسری، وەئیفرام بوو بە چاودێری وەزارەتی دارایی، وە((یعقوب منشه)) دامەزرا بە ئالوێرکاری یەکەمی ئیسماعیل خدێوی وەلەگەل ((یعقوب قطاوی)) زۆرێکیان دامەزراند بۆ ئالوێرکاری دراوو بازرگانی وەسەرکەوتنێکی بەناوبانگیان بەدەست هێنا هەتا لەپاشاندا

لێنکی تریان کردەوە لە ئینگلتەرا.

****

پ٧٧: ئایا ماسۆن رۆژنامەی دەرکرد لە میسر؟

وەلام: جولەکەی ماسۆن یەکەم رۆژنامەیان دەرکرد لەساڵی ١٨٧٧، کە جولەکەی ناسراو ((یعقوب صنوع)) بەدەستی هێنا وەناوی نا((ابونظارة)) رۆژنامەکەی بەدوای ئەو هاوڕێ جولەکەکەی ((موسا کاستلی)) رۆژنامەی ((الکوکب المصری)).

جولەکە ئەوبارودۆخەی قۆستەوە وەرۆژنامەو گۆڤاری دەرئەهێنا کە خزمەتی ئامانجە سەرەکیەکانیانی ئەکرد کەیارمەتیانی ئەدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر خاکی فەلەستین، وەلەبەر ئەوەی ((محمد علی)) لەلایەن جولەکەوە دامەزرابوو لەچوارچێوەی تاکەپەراوێزکراوەکانی. وە کوڕەکەی ((عەباسی یەکەم)) کە ((یەعقوب قطاوی)) لێی نزیک بووەوەو وەدایمەزراند بە ئاڵۆ گۆڕکاری گشتی، وەهەروەها ((ئیسماعیل)) تاکە تاکە دەرگای کردەوە بۆژمارەیەکی زۆر لەجولکە وە هاوکاریانی کرد لە دانووسانی بەدەستهێنانی قەرزی بیانی لە ماڵە گەورەکانی دارایی لەئەورووپا وەک ماڵی ((ئۆبنهایم)) و ((روتشیلد)).

****

پ٧٨: ماسۆنی چیکرد لە سەردەمی ئیسماعیل خدیوی؟

وەلام: ئیسمایعیل پاشا پەنایبرد بۆ داوای لێخۆشبوونی لەفەرمان ڕەواکانی ئەورووپا، وە هەریەکێ لەوان سەردانی میسری بکردایە سوژنێکی فیرعەونیەکانی بەدیاری ئەداپێیان وەئەوەش کە ئێستا دەرئەکەوێت لە گۆرەپانی پایتەختەکانی ئەورووپا.

وە ئەوروپا دەسی کرد بەوەی ((ئیسماعیل خدێوی)) بخاتە تەڵەی قەرزەوە، جگە لەوەی کە پلەیەکی بەرزی ماسۆنی بڕیبوو هەتا پێیان ئەووت: پارێزگاریکەری ماسۆنیە لە میسر، وەفەرمانێکی دەرکرد بەپێکهێنانی وەزارەتێك کە ((نۆبار پاشا))ی ماسۆنی سەرپەرشتی بکات کەئەوکەسەیە بەشداریکرد لە نوقومکردنی ئیسماعیل پاشا لە قەرزاری، وەئەوکەسەشە کە ڕێگایدا بە دامەزراندنی ئەنجومەنی ماسۆنی لەمیسر، وەهەروەها سەرپەرشتی هەڵکەندنی ((قەناتی سویس)) ی ئەکرد.

وەئینگلتەرا و فەڕەنسا پیلانێکیان دانا ساڵی ١٨٥٢ بۆ خنکاندنی میسر لە ئابووریدا بۆئەوەی هۆیەك هەبێت بۆ ئەوەی بەریتانیا پەلاماری میسر بداو داگیری بکات لەداهاتوودا بەرامبەر بەویش فەڕەنسا جەزائیر داگیربکات. وەکۆشکی بانقی ئینگلیزی یەکەم قەرزی سەپاند بەسەر میسر بەبڕی سێ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بە قازانجێکی زۆر، وە ((ئیسماعیل پاش)) ئەم ئەرکەی سپارد بە جولەکەکانی پسپۆر لە وەزارەتی دارایی بەدرێژایی دوانزە ساڵ، وەسەرکەوتووبوون لەگەڵ بانقەکانی بەریتانی لە چەسپاندنی حەوت قەرزێکەی تر بەسەر میسر .

****

پ٧٩: ماسۆنی چۆن ڕۆڵی بینی لەداگیرکردنی میسر لەلایەن ئینگلیزەوە؟

وەڵام: لەساڵی ١٨٧٥ قەرزی میسر گەیشتە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی، کەبوەهۆی دروستبوونی ئیفلاس هێنانی حکومەتی میسر، وەئەمەش بەهۆی دروستکردنی کۆشکی ئۆپرا لەشێوەی ئەوەی کەلە پاریس و ڕۆما هەیە، وە دروستکردنی بیست کۆشك کە لەگەورەترین کۆشکەکانی جیهانە لەوانەش کۆشکی((عابدین)) و کۆشکی ((قوبە)) وە ((رأس التین)) وە ((المنتزه)) چەندانیتر..بۆمیراتگرتنی کوڕو کوڕەزاکانی لەدوای خۆی.

قوستنەوەی جولەکەی ماسۆنی ((دیزرائیلی)) سەرۆك وەزیرانی بەریتانیای ئەوکاتە ئەم هەلی دەستبەسەراگرتنی ماسۆنی جولەکە بەسەر کاروباری ئیسماعیل خدیوی وە بەپیاچونەوەیان بە کاروباری دارایی و ئابووری لە وولات، وەلەرێگای خۆیانەوە ئیسماعیل خدێویان ڕازیکرد بە پێویستیکردنی فرۆشتنی بەشەکەی خۆی لە بەشی ((قنات سویس)) بەرامبەر چوار ملیۆن جونەیهی ئیسترلینی..

((دیزرائیلی)) ئەو جولەکە ماسۆنیەبوو کەواخۆی پیشاندا بە تێکەڵبوونی بە ئایینی مەسیحی لەپێناو وەرگرتنی سەرۆك وەزیران بە پێی دەستووری بەریتانی، وە لەگەڵ فەرنسا ڕێکەوت کەکاریکات بۆئەوەی کە میسر بدات دەستەوە بە پەلاماردەرانی بەریتانی بەرامبەر ئەوەی ئینگلتەرا وازلە مەغریب بێنێت بۆ فەرەنسا.

دیزلی بەنهێنی پەیوندیکرد بە((ئال رۆتشیلد)) لەفەرەنسا وەقەرزی دەسکەوت لێیان بۆئەوەی ئیسماعیل خدێوی نوقم بکات لەقەرزەکانی کەلە ڕادە بەدەربوو، وە پیلانەکەش ئینگلتەرا دایرشت بەرێکەوتن لەگەڵ فەرەنسا لەسەر ئەو ەی کەمیسر نوقم بکەن لە قەرزارییەك کە بۆی نەدرێتەوە وەئەمەش ئەبێتە هۆیەك کە هێزەکانی بەریتانی بێتەپێشەوە بۆپەلاماردانی میسر، وە((ناتانیل))ی جولەکەی فەرەنسی لەخزمەکانی ((رۆتشیلد)) هەوڵیدا لەشێواندنی ئابووری و کاروباری دارایی لەمیسر ((کەوایکرد نازناوی (بارۆن)ی پێببەخشرێت لەسەر ئەوکارە شکۆدارییەی)).

وەبەمشێوەیەماسۆنی ڕۆڵێکی سەرەکی وگرنگی بینی لە داگیرکردنی میسر لەلایەن ئینگلیزەوە زیاتر لەحەفتا ساڵ سامنی ولاتەکەی دزی و وە بەوە هۆی دواکەوتنی شارستانی.

- هاورێکەم ووتی: بەڕاستی گومانم هەبوو لەڕۆڵی ماسۆنی لەوەی ڕویدا لەمیسر لە ڕوداوەکاریگەرەکانە کەوایلێهات داگیر بکرێت وە ئەورووپا دەستی بەسەردابگرێت وەدوابکەوێت لەشارستانیەتی، وەئێستاش دڵنیابووم لێی.

پ٨٠: ئایا ماسۆنی ڕۆڵی هەبوو لەلادانی ئیسماعیل خدێوی ؟ وەئامانجی چیبوو ئەوە؟

وەلام: بەڵێ ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە نوقم کردنی لە قەرزاری، هەتا ئینگلیز پەیوەندی کرد بە((سولتان عبدالحمید)) ی دووەمی عوسمانییەوە وەداوای لێکرد فەرمانێك دەرکات بە لادانی وەئەمەش ڕویدا لە حوزەیرانی ساڵی١٨٧٩ وە توفیق پاشای کوری دەسەلاتی میسری گرتەدەست.

****

پ٨١: ئایا کەتوفیق پاشا بوو بە فەرمان ڕەوای میسر لەدوای باوکی بووە سەرۆکی پایەداری گەورەی هەمیشەی ئەنجومەنی ماسۆنی لەمیسر؟

وەلام : بەڵێ تۆفیق پاشا ماسۆنی بوو وەسەرۆکی پایەداری گەورەی هەمیشەیی ئەنجومەنی ماسۆنی میسری بوو هەتا مردنی لە کانوونی دوەمی ساڵی ١٨٩٣.

****

پ٨٢: کێ سەرۆکایەتی ماسۆنی گرتە ئەستۆ لەمیسر دوای تۆفیق پاشا خدێوی ؟

وەلام: ئیدریس ڕاغب پاشا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ماسۆنی گرتە ئەستۆ لەدوای تۆفیق پاشا لە ٣ی کانونی دووەمی ساڵی ١٨٩٣.

****

پ٨٣: ڕۆڵی ماسۆنی چی بوو لەداگیرکردنی میسر ساڵی ١٨٨٢؟

وەلام: جولەکە پلەو پایەیەکی بەرزی هەبوو وەهەڵکوتانە سەرێکی بەزاتی هەبوو لە یاسای فەرمان ڕەوایی میسر لەڕێگای سەربازە سیخورەکانی زایۆنیزمی جیهانی لەماسۆنیە میسریەکان، وەپێش گەیشتنی هێزەکانی ئینگلیز بۆلێدانی ئەسکەندریە

ماسۆنیەکان کۆبوونەوە لە میسر بەسەرۆکایەتی ((محمد سلطان پاشا)) ی ماسۆنی یەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی میسری، وەژمارەیەك لەماسۆنیە میسریەکان کەخاوەن لاپەڕەی ڕەش بوون وەك ((محمد بەگ شواربی)) و ((عبدالشهید بطرس أفندی)) و ((عبدالسلام بەگ مویلجی)) وەچەندانیتر.

کۆبوونەوە بەنهێنی بۆدیاریکردنی پلانێك کەپێویستە جێبەجێبکرێت بۆ یارمەتی هێزەکانی بەریتانی بۆ داگیرکردنی میسر، وە ڕێنیشاندانی بۆ گونجاوترین ڕێگا کە ئەیانبات بۆچوونە ناو قاهیرە، وە شازادە ((علی یوسف خنفس)) یان ڕاسپارد کە هەستێ بە هاوڕێیەتی هێزەکانی بەریتانی وە دەورەی سوپای مسری بدات لە((کفر الدوار))، کەبوەهۆی کوشتنی دەیان هەزار لە سەربازەکانی میسر.. هەروەها شازادە((عبدالرحمن حسن)) ڕاسپێردرا بەگۆڕینی جێگاکانی پاسەوانی میسری لە ((تل الکبیر))، وەلەوێوە هێزەکانی غازی هاتنە پێشەوە بۆ قاهیرە.

((محمد سلطان)) باوکی ((هدی شعراوی)) یە کەزۆر کاریگەری تێکرد بیرو باوەڕەکانی باوکی،وەکەئێستا پێی ئەوترێ ((سەرۆکی بزوتنەوەی ئافرەتان لە میسر)). وەلە ئەنجامی ناپاکیەکانی ((محمد سلطان)) دژی سوپای میسری ماسۆنیەکان خەڵاتیان کرد هەتا وایلێهات لە هەموو دەوڵەمەندەکانی میسر دەوڵەمەندتربوو..

وە لەڕۆژی ١١ تەموزی ساڵی ١٨٨٢ بیناکانی ئەسکەندەریە وێران ئەکرا وەخەڵکەکەی ئەکوژرا بەگوللەی تۆپەکانی گەشتی گەلی دەریایی ئینگلیزی لەژێر هێرشێکی دڕندانەی کوێرانەی نامۆ بۆسەردانیشتوانی شارەکە.

عیلمانیەکان و ماسۆنیە خیانەت کارەکان ئامادەبوون لەلایەن خۆیانەوە ڕاوەستن لەگەڵ گەورەکانیان بۆپەلاماردانی میسر، وەیەکێك لەپیلانەکانیان کەدایانڕشتبوو بۆناپاکیکردنی سوپای میسری و شڵەژاندنی ئاسایش و یەکەکانی سوپای میسری

لەئەسکەندەریە، وەهەستان بە کردنەوەی ئاگر لە گەڕەکە شەعبیەکان لەناوشار، وە سەرسامکردنی گەرەك بەم ئاگرە وە کۆمەڵێکی تری ناپاك لە هۆزەکانی عەرەب کە پێیان ئەوترا ((منالەکانی عەلی)) هەستان بە سوتاندنی گەڕەکە بیانیەکان لەناوشارەکە.

وەسەرەڕای ئەم هەموو ناپاکیە یەکەکانی سوپای میسری سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە ((کفر الدوار)) هێزەکانی سوپای پەلاماردەری بەریتانیان ناچارکرد کە ئاراستەی خۆی بگۆڕێت بۆ ((التل الکبیر)).

تۆفیق پاشای خدێوی فەرمانێکی دەرکرد بەلادانی ((ئەحمەد عەرابی)) بەمەبەستی شلەژاندنی ڕیزەکانی سوپای میسری، بەلام گەلی میسر ئەزهەری پیرۆز پالپشتیانی ئەکرد وە دژی فەرمانەکە وەستانەوەو پالپشتی ((احمد عرابی)) بوون.

وەدەرئەنجامی ناپاکیەکانی ماسۆنیە میسریەکان دژی سوپای میسری لە ((کفر الدوار)) و ((التل الکبیر))، ئینگلیز توانیتی سوپای میسر بشکێنێت.

وەهێزەکانی ئینگلیز چوونە ناو قاهیرە وە((عرابی)) و سەربازەکانی خۆیاندا بەدەستەوە، بالیۆزی بەریتانیا((دافرین)) لەقوستەنتینیەوە ئامادەکرا بەتایبەتی بۆ ئەوەی بچێتە قاهیرە لە ڕۆژی سەرکەوتن کە((تۆفیق پاشا خدێوی)) ئاهەنگی بۆگێرا لەگەل سەرکردەی هێزەکانی بەریتانی ((سیمۆر)) لەئاهەنگێکدا بۆ خەلاتکردنی ماسۆنیە عیلمانیە میسریەکان کە ئەرکەکانیان بەجێهێنابوو وەك سەرۆکە زایۆنیزمیەکانیان وە ناپاکیان لە وولات و نیشتمانیان کردووە، وە محمد سلطان نازناوی ((سیر)) ی پێبەخشرا وەهەریەك لە ((الشواربی)) و ((السیوفی)) و ((المویلحی)) نازناوی پاشایان پێبەخشرا.. جگەلە دیاری و بەخشیی گەورە، وەخەلاتکردنی خدێوی بەسەر ٦٠ ئەفسەری ئینگلیز، وەبەم شێوەیە میسر داگیرکرا بەهۆی ماسۆن و هاوپەیمانەکانی ساڵی ١٨٨٢ زاینی.

داگیرکردنی میسر لەلایەن بەریتانیاوە ساڵی١٨٨٢ بەسەرتای پەیمانی نوێی جولەکەو

ماسۆنیەکان دادەنرێت وەخاڵ وەرچەرخانە بۆ چالاکی زایۆنی جیهانی لەمیسر..
وەپێشکەوتنێکی خێرایە بۆجولەکە بۆبلاوبەنەوەو گەشەسەندنی دارایی و ئابوری.

وەکۆچکردنی جولەکە بەرەو زیادبوون چوو لەدوای داگیرکردن بەشێوەیەکی ترسناك بۆپوتاندنەوەی میسر ی نێچیری بەنرخ، وەکۆچکردنی جولەکەی ئەورووپا بۆمیسر وە ژمارەیان لە ٦ هەزارەوە سالی ١٨٤٠ بازیدا بۆ٣٠ هەزار سالی١٨٨٢.

چالاکی ماسۆنی زیادیکرد لەمیسر بەزیادکرنێکی ترسناکانە وەجولەکە دڵنیابوو لەوەی ئێستا میسر پردێکی گونجاوە بۆ بازدان بۆ فەڵەستین، وەکەوتنەژێردەستی ئینگلیز ڕێ ئاسانکاریە بۆ گەیشتن بۆ فەرمان ڕەوای عوسمانی، وەلێك گەیشتن لەگەڵیا بەکرین یان بەکرێگرتن، وە هەردوو شاوارەی جولەکەی لە ئەسکەندەریە و لەقاهیرە ڕۆڵێکی گرنگ ئەبینن لە دامەزراندنی دەوڵتی ئیسرائیل.

ئەوەی شایانی باسە ئەوەی لەسالی ١٨٨١ کەپلەی مامۆستای وەرگرت ((لەئەنجومەنی گەورەی ماسۆنی نیشتیمانی میسری)) پیاوێکی ئەورووپی کە رەگەزو ناسنامەی نەزانراو بوو بە ((دیونیس موبولو)) ناسراوبوو وەبەردەوامبوو لەپۆستەکەی هەتا سالی ١٨٨٨، وەتوفیق خدێوی هەڵی بژارد بەجێگری دوای خۆی لەبەر کارە چاکەکانی بۆماسۆنیەت.

****

پ٨٤: ئیدریس ڕاغب بەگ کێیە کە بەرزکرایەوە و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ماسۆنی ئەکرد لە میسر وەمامۆستا بوو لەپلەی ٣٣؟

وەلام: ڕاغب بەگی باوك لەسالی ١٨٦٢ لەدایك بوو، دامەزرا بە دادوەری دادگا ئەهلیەکان .. وەباوکی پیاوێکی یۆنانی یان قوبرسی بوو وەناسنامەی نەناسراو بوو وەهیچکەسێك ناوی ڕاستەقینەکەی نازانێت، بەلام لەمیسر ناوی خۆی نابوو (ئیسماعیل

راغب) وە ئەیان ووت یان جولکەیە یان مەسیحی وەلەژێر ئەوناوە شاردرابوەوە، لەگەڵ جولەکە دەورێکی زۆریان گێرا لەسەردەمی ئیسماعیل پاشا پلەو پایەی بەرز کرایەوە وەبەشێوەیەك هەڵیخەڵەتاند کە پلەی پاشای پێبەخشی وە ئیسماعیل پاشا بەرزکرایەوە بۆ پۆستە بەرزەکان هەتا بووبە سەرۆکی ئەنجومەنی شورا لەسەردەمی ((ئیسماعیل)) هەتاگەیشتە ئەو دۆخەی بووبە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەسەردەمی ((تۆفیق پاشا)) دوای داگیرکردنی میسر لەلایەن ئینگلیزەوە.

بەپاڵپشتی جولکەو ماسۆنیەکان و کۆشك و هێزی داگیرکەر ((ئیسماعیل پاشا راغب)) سەروەتێکی بێشوماری کۆکردەوە لە کۆشك و زەوی وزارو شوینە بازرگانیەکان و... هیدیکە.

کاتێك کەمرد ((ئیدریس ڕاغب)) ی کوڕی سامنێکی بێشوماری بۆ مایەوە لە باوکی وە وەبەخشیتی لە خزمەتی چالاکی ماسۆنی لەمیسر، زۆر بەپەرۆشەوە بوو بۆ چالاکی زایۆنی، وەحەزویبرۆکەی بێهاوتاو نامۆی هەبوو وایلێکردبوو گیانی دابنێت بۆ سەرگەورە زایۆنیزمیەکانی، هەتا گەیشتە پلەیەکی سەرقاڵ کەوایلێکرد پۆستی ((مامۆستای گەورە)) بەدەست بهێنێت کە ئەوکاتە تەمەنی نزیکەی سی ساڵان بوو، وەلەوکاتەی کە ئەم پۆستەی وەرگرت یەکسەر هەستا بەدانەوەی قەرزی ((ئەنجومەنی ماسۆنی گەورەی نیشتیمانی میبسری)) وەخەزێنەکانی کردەوە بۆخزمەتی ئەنجومەن و چالاکیەکانی، وەتوفیق خدێوی دایمەزراند بە بەڕێوەبەری بەرێوەبرایەتی شاری قلیوبیە.

وە((راغب بەگ)) بەپەرۆش بوو بۆ ماسۆنیەت وەئەنجومەنێکی گەورەی کردەوە لەپلەی مامۆستایانی فێرکاران.

****

پ ۸٥: گرنگترین چالاکیەکانی ئیدریس راغب چین کە کاروباری ماسۆنی بەرزەوەکرد؟

وەلام: ئیدریس راغب ئەنجومەنێکی ماسۆنی نوێی دامەزراند بەناوی شاری ((بنها)) پایتەختی قلیوبیە ئەنجومەنی ((بنها)) یە وەلەبەهێزی چالاکیەکانی ژمارەی ئەنجومەنی ماسۆنی لەکاتی گرتنەدەستی سەرۆکایەتی ئەنجومەن لە دوای توفیق پاشا گەیشتە ٥٤ ئەنجومەنی ماسۆنی، وەگەیشتە نرخاندنی ماسۆنی جیهانی بۆدڵسۆزی کە دووئەنجومەن دامەزرێنێت یەکێکیان ((ئەنجومەنی ئیدریس)) وەئەویتر ((ئەنجومەنی راغب)) واتە دووئەنجومەن بەناوی ئەوەوە وەئەوەش روینەداوە لەهیچ کەسێکیتر لەوەوپێش.

وەلەسەر حسابی خۆی رۆژنامەیەکی دامەزراند بەزمانی ماسۆنیەوە، وەچالاکیە بەگومانیەکانی ئەوپیاوەی راکێشا بەدامەزراندنی ـــ لەدەرەوەی بواری ماسۆنی ـــ حیزبێکی سیاسی ناوینا ((حیزبی دەستووری)) وەلە گرنگترین بەندەکانی داوا دەکات بۆ جیاکردنەوەی چینایەتی وەرانەیەیت بەژیانی نوێنەرایەتی.

****

پ۸٦: ئەو پۆستانەی کە ئیدریس راغب گرتیە ئەستۆ لە ماسۆنی چی بوون؟

وەلام: ئیدریس راغب سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ماسۆنی گرتەئەستۆ وەکاری کردووە لە پۆستی مامۆستای گەورە دوای مردنی ((تۆفیق پاشا)) هەروەك باسمانکرد لەساڵی ۱۸۹۳ هەتا ساڵی ۱۹۲۲، واتە۲۹ساڵ سەرۆکی ئەنجومەنی ماسۆنی میسری بوو، وەلەسەردەمیدا کاروباری ئەنجومەنی ماسۆنی بەرزەوەبوو لەمیسر هەتا بووە هێزی نهێنی چاودێر لەسەر باسای فەرمانڕەوایی لەمیسر، بۆیە ماسۆنیەکان داوایانکرد پێی بوترێت ((سەری دەسەڵاتی ماسۆنی)) بەسەرۆکی ئەنجومەن لەوکاتەدا، وەئەمانە هەمووی بەنهێنی پوودەدات بەشاراوەیی وەهیچکەس لەمیسریەکان هیچیان لەبارەی ئەمەوە نەدەزانی.

((راغب بەگ)) لەوکەسانە نەبوو کەحەزەکەن لەژێر ڕووناکیەوە دەرکەون، بەڵکو وەك

شەمشەمە کوێرە ئەنتاریکی ئەگری دەکرد، وەکۆرەکانی هەمووی گومانساوی بوو لەنێوان پاستی و گوماندا خۆی دەشاردەوە.

لەدوای مردنی ((ئیدریس راغب)) حکومەتی میسری هەستا بە زیندوو راگرتنی ناوەکەی، وەیەکێ لە شەقامە زیندووەکانی ناوجەرگەی قاهیرەی بەناویەوە ناونا کەلقێکە لە شەقامی رەمسیس، وەهەتا ئێستاش ناوەبەناوی ((شەقامی ئیدریسراغب بەگ)).

****

پ٨٧: کێ سەرۆکایەتی ماسۆنی گرتە ئەستۆ لەمیسر دوای ئیدریس راغب پاشا؟

وەڵام: شازادە محمد علی کوری توفیق پاشا (کە پشتگیری سەردەمی فاروق پاشا بوو) سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ماسۆنی گرتەئەستۆ لەساڵی ١٩٢٢ بۆ ساڵی ١٩٢٨ز ، وەدەستی لەکار کێشایەوە، دوای ئەو ماسۆنیەکی تر هات بەناوی محمود فهمی قەتەری کەدووساڵ لە پۆستەکەی مایەوە، وەلەدوای ئەو ئەحمەد ماهر پاشا هات ساڵی١٩٤٥.

****

پ٨٨: ژمارەی ئەنجومەنەکانی ماسۆنی گەیشتە چەند لەمیسر؟

وەڵام: ژمارەی ئەنجومەنەکانی ماسۆنی لەمیسر ساڵی ١٩٥٧ گەیشتە نزیکەی ٦٨ ئەنجومەن، دینداریان ئەکرد بەدڵسۆزی بۆ ئەنجومەنی سەرەکی لە ئەسکەندەریە کە لە گەرەکی ١شەقامی طوسون بوو.

٣٢ئەنجومەنی لە ئەسکەندەریە بوو وە ١٨ ئەنجومەنی لە قاهیرە بوو وە ١٠ ی لە پۆرسەعید وە ٢ لە مەنصورە وە٢ لە ئیسماعیلیە وە یەکێك لە شاری (محلە الکبری) وە یەکێکیش لە فەیوم وە یەکێکیش لە ئەلمەنیا بوو.

وەبەناوبانگترینیان پەرستگای (جریسە) کەلە مەیدانی تەحریر بوو وەپەرستگای (کوکب الشرق) لە عەتبە،وەئەنجومەنی (لەنشیر) لەشەقامی شامبلیون بوو، وەئەنجومەنی بەسیونی لەسەرەتای شەقامی محمود لەقاهیرە.

وەهەموو ئەوئەنجومەنانەداخرا سالّی ١٩٦٤ دوای ئاشکراکردنی لەلایەن سەرۆك جمال عبدالناصر کە ماسۆنی پەیوەندی هەیە بە زایۆنیزم و ئیسرائیل.

****

پ٨٩: دوای میسر چی وولاّتێکی تر ماسۆنی تیایدا بلاّو بوەوەو دەستی بەسەرداگرت؟

وەلاّم: لبنان.

****

پ٩٠: کەی ماسۆنی چووە ناو لبنانەوە؟ وەچی کرد؟

وەلاّم: ماسۆنی لەسالّی ١٨٦٠ چووە ناو لبنانەوە لەچوارچێوەی خۆرهەلاّتی گەورەی فەرەنسی کە چەند ئەنجومەنی بۆدامەزراند. وەبەردەوام بوو لەکارکردن تا سالّی ١٩٦١.

خۆرهەلاّتی گەورەی فەرەنسی دووبارە گەڕایەوە وە دووئەنجومەنی دامەزراند سالّی ١٩٩٧.

بەلاّم لەسەرەتای سەدەی بیستەم ئەنجومەنی گەورەی ناوخۆیی دەرکەووت، وەدەسلاّتی بێگانەی تر چووە ناویەوە وە ئەنجومەنی دامەزراند لە لبنان وەکاریگەری کردەسەر هەموو ئەو ئەنجومەنانە بەشێوەیەکی خۆش گوزەرانی بەقازانجی ماسۆنی بەگشتی.

سەربەخۆیی لبنان بوە پالّنەری سەربەخۆیی ئەنجومەنەکانی ناوخۆیی. وەنەمانی ترس

وە ڕێنموونی چالاکییەکانی وە ئەرکەوت دەسەلاتەکانی ماسۆنی لبنانی بێلایەنە وەیەکسێن حزمەتی گەورەی لوبنانی. وە لبنان گەشەی سەند لەڕووی ماسۆنیەوە ئەرتەنجەی ئەندامەتی فیکری لە پیاوانی ڕاست و کۆمەڵ ئەوانەی کە چوونە ناو ئەنجومەنەکانەوە وە تۆمەکانیان کۆنووس کراون لە چەندین پێداچوونەوە، وەلەهەموو گەورەوەکتەنە وەکانی ئەنجومەنی ماسۆنی ڕانەوەستا لە لبنان. وەئەمڕۆ ماسۆنی سەنتەر مەسۆنیەکی چالاک و بەبەرەمەسە، وە هەر هەڵگری مەشخەڵی برایەتی و هاوکاریکردن و کرۆمەتی بۆ نەریتەکان کە مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەها ساڵ.

ئەمڕۆ ئەنجومەنەکانی فیشتیمانی و ئەنجومەنەکانی بیانی پەیوەندی برایەتی یان بەرێزییان ئەگێڕنەوە ئەتوانن خۆیاندا هەروەها کردنەوەی ماسۆنی لوبنان بۆ ماسۆنی جیهان بەشداریکردن بوو بۆ گەشە پێکردنی و دەوڵەمەند کردنی.

وە ئەوەی تێبینی کەوتەوە لە لبنان لە شەڕی ناوخۆیی و تیرۆرکردنی بەردەوام لە کەسایەتییە سیاسیەکان و کتێبەکان لەپشتی ماسۆنیەوەیە.

****

سعد زغلول

محمد علي باشا 1805-1848 م

محمد عبده

ئیسماعیل خدێوی

عبدالرحمانی کەواکبی

جەمالەدینی ئەفغانی

١٢

ماسۆنی و مەسیحی دەجال

ـ بەکورتی مەسیحی دەجال کێیە؟

ـ گرنگترین هێمای دەجال کە ئاشکرایە لە هێمای ماسۆنی.

ـ یەک چاو وە بەڵگەکانی لەماسۆنیەتدا.

ـ هەوڵی ماسۆنی بۆ ئاهەنگ گێرانی ڕۆژی ١١/١١/٢٠١١ لە ناوچەی هەرەم لە جیزە.

هاوڕێکەم هات بۆلام کە هەندێ پرسیاری پێبوو لەسەر پەیوەندی مەسیحی دەجال بە ماسۆنی جولەکەوە وە ووتی: لەم دواییەدا لەسەر دەجال خوێندمەوە کە لە سەر نیشانەکانی ڕۆژی دوایی بوو، ئایا پەیوەندی هەیە لەنێوان دەرچونی دەجال کۆتایی دنیا وە ئەوەی کەئێستا ماسۆنی ئەیکات لە وپیلانە وێرانکاریانە بۆ گشت جیهان، وەلەپێشدا ئەمانەوێت تیشکێك بخەیتە سەر کەسایەتی مەسیحی دەجال بەکورتی، وەپرسیارەکەش ئەمەیە:

پ٩١: مەسیحی دەجال کێیە بەکورتی؟

وەلأم: زۆرنوسراوە لەسەر نیشانە گەورەو بچوکەکانی ئاخرزەمان وەلەسەر مەسیحی دەجال بەباسکردنی لەنیشانە گەورەکان، وەلەپشت ئەوانەی کەڕوو ئەدات لە پیلان و شەڕە وێرانکاریەکان لەجیهان، بەکورتی هەندێ تیشك ئەکەمە سەری، وەکێ زیاتر ئەیەوێت بزانێ با سەیری ئەو سەرچاوانە بکات کەباسی لێوەدەکەن.

مەسیح ی دەجال کە ناونراوە مەسیح لەبەرئەوەی چاوێکی نیە، وەئەم ناوەش بەمشێوەیە پێکهاتووە لەناوی (فاعل) ـ بکەر ـ واتەسڕاوەتەوە بەپێچەوانەی مەسیحی کوری مریەم کە ناوی پێکهاتبوو لەناوی (الفاعل الماسح) واتە لابەر لەبەرئەوەی نەخۆشی لائەبرد لەسەر نەخۆشەکە وە نەخۆشەکە بەویستی خودا چاك ئەبوەوە.

وەووتراوە: لەبەرئەوەی (دجل) واتە داپۆشی وەك ئەڵێن (دجل الاء ناء بالذهب) واتە دەفرەکەی ڕوپۆشکرد بەئاڵتون وەلەبەرئەوەی ئەم دەجالە سەرزەوی دائەپۆشێ بە بێباوەڕی، وە گەشتێکی درێژ ئەکات بەماوەیەکی کەم، وە دەجال یەکێکە لەنیشانەکانی قیامەت وەپێغەمبەرمان ﴿ﷺ﴾ فەرمویەتی ((قیامەت هەڵناسێت هەتا ئەم

ده نیشانەیە ڕوونەدات :((دووکەڵ و دەجال و داببە و هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاواو... تاکۆتایی فەرمودەکە)).

هەروەك ئەیزانین نیشانەکانی دواڕۆژ هەیە بچوکە و هەیە گەورەیە وەنیشانەکان دەستی پێکرد بەهاتنی پێغەمبەرمان ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ وە لە نیشانەکانی گەورەش دەجالە وەپێغەمبەرمان ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ فەرمویەتی ((سێ شت ئەگەر ڕویدا باوەرهێنان سودی نابێت ئەگەر ئەو کەسە لەپێشدا باوەری نەهێنابێت ئەوانەش: هەڵهاتنی خۆر لە ڕۆژئاواوە وە دەجال وەداببە، ئەگەر خەڵکی لەو کاتەدا ئامادە بوبێتن بۆ هاتنی وەباوەریان پێهێنابێت ئەواباوەرەکەیان سودی نابێت کە دەجال هات وکەوتە ناو ئەوفیتنەیەی کە تێی دەکەوێت ، وەئەم فەرمودەیەش ئاماژەیە بۆ ئەو ئایەتەی کە خودا ئەفەرموێت:

﴿ يوم يأتي بعض ءايات ربك لا ينفع نفسا إيمانها لم تكن ءامنت من قبل أو كسبت في إيمانها خيرا قل انتظروا إنا منتظرون ﴾ [الأنعام، ١٥٨].

مەبەست لەم فەرمودەیەی خودا ﴿ بعض ءايات ربك ﴾ دەجالە وەئەمەش وەلامی ئەوکەسانەیە کەئەڵێن بۆچی دەجال ناوی نەهاتووە لەقورئاندا؟ بۆیە ئەڵێین: ناوی هاتووە تیایدا وەهەروەها پێغەمبەرمان ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ گەلەکەی ئاگادارکردووەتەوەو فەرمویەتی (بادر بالأعمال ستا) واتە دەستپێشخەری لە شەش شتدا کەن وەلەو شەشەدا ناوی دەجالیش هاتووە.

بوخاری ئەیگێرێتەوە لە ابن عمر(خوالێیان رازیبێت) ئەڵێت: پێغەمبەری خودا ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ فەرمویەتی من ئێوەم ئاگادارکردوەتەوە وەهیچ پێغەمبەرێك نیە گەلەکەی

خۆی ئاگادارنەکردبێتەوە، بەڵام قسەیەکتان پێئەڵێم کەهیچ پێغەمبەرێك ئەوقسەیەی بە گەلەکەی نەوتبێت : ئەو ـــ واتەدەجال ـ یەکچاوی هەیە، بەڵام خودا یەك چاو نیە.

****

پ٩٢: ئامازەت دابەوەی کە هەرەمی ماسۆنی یان سیگۆشەو دەجال لەسەرەوەی چاوێك هەیە ئایا پەیوەندی فیرعەونەکان چییە بە دەجال؟

وەڵام: پەیوەندیەکی بەڵگەدار هەیە لەنێوان هێماو شێوەکانی فیرعەونی وە مەسیحی دەجال وەماسۆنی جولەکەکراو.

وەپەیوەندی فیرعەونیەکان بە ماسۆنی و هێما لێکچووەکانی نێوانیان، فیرعەونیەکان لەپەرستکارەکانی دەجالن وەئەمەش ڕویدا لە چوارچێوەی یەککگرتنی پێشونانیاندا وەئەوانەی خۆیان ئەپاراست لەدەجال نەك تەنها پێغەمبەری خوا یوسف کاتێك کە لەمیسر جێگیر بوو ساڵانێکی درێژ ئەوو یە عقوب سەلامی خوایان لێبێت، وەهەروەها نەك لەپێغەمبەری خودا موسا سەلامی خوای لێبێت بەڵکو هەروەها لە پێشونانیانیش، وەدوای ئاگادارکردنەوەیان شەیتان بردیانی بۆئەوەی کە خۆی بپەرستن لەگەڵ خودایکی تر ، وە دەجالیان ناونا بەخوای یەك چاو کە هەموو شتێك ئەبینێت، وە هێمای یەك چاو لەسەر زۆربەی شوێنەوارو هەرەم و هەروەها سێگۆشەکانیان ئەبیندرێت.

****

پ٩٣: ئەمەوێ باسی یەك چاوو بەڵگەکانی لەناو ماسۆنی بکەیت بۆمان؟

وەڵام: هێمای یەك چاو تەنها بۆ کەنیسەکان و پەرسگاکانی جولەکە نیە بەڵکو لە

دروشمی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکی کەلەگەڵ هێمای هەرەمدا پێکەوە ئەبینرێن وەهەروەها لە دراوی یەك دۆلاری ئەمەریکی ئەبینرێت کە یەکچاو لە سەروی هەرەمێکەوەیە کە ماسۆنیەکان بڕوایان وایە کە ئەوچاوەیە کە هەموو شتێك ئەبینێت. وەهەروەها لەدروشمی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەستێرەی شەش تیشکی لەسەرە کە بریتیە لە یکتربڕینی دووهەرەم، وەهەموونەو هێمایانە هێمای ماسۆنیە، بەڵکو سەرسام دەبیت کە ئەو هێمایانە ئەبینیت لەکۆمپانیا گەورەکانی پرۆگرامەکانە وەك ئەدوب فۆتۆشۆپ و ئیڤادا، وەکۆمپانیاکانی خۆراك و کۆمپانیاکانی جگەرە، بەڵکو بە هێمای پەنجەکانیان کەوەك دروشاخ پیشانی ئەدەن کە بەبەرزکردنەوەی هەردوو پەنجەی ئوتەو دۆشاو مژە وە ئوقاندنی بڕلتوتەو باڵابەرزە وەمەبەست لەم هێمایە خوای ماسۆنیە، کەئەویش شەیتانە. وەهەموو ئەو هێمایانەئاماژەیە وەئامادەبوونە بۆ هاتنی مەسیحی دەجال، وەبەڵگەی دەسبەسەرلگرتنی ماسۆنی دەجالیە بەسەر هەموو کارەکانی لەجیهان.

دەستووری ماسۆنی ئاماژە بەوەئەکات کەماسۆنی بەمشێوەیەی هاوچەرخیانەی ئەوە درێژ بونەوەی سەردەمی کۆنە لە کتابی پیرۆز وەئەو جولەکانەی کە میسریان بەجێهێشت گەڵ موسا یەکەم دەوڵەتی ماسۆنیان پێکهێنا.

وەهەندێ قسە هەیە کە مەسیحی دەجال خۆی سەرۆکە، وەلەبەر ئەمە هێمای چاو لە هەموو دروشمەکانیدا هەیە، کەوا مەسیحی دەجال یەکچاوی هەیە. وە هەروەها ئاماژەشە بۆ حکومەتی ئەمەریکا، کەلەسەرکردەکانی ماسۆنی جولەکەن بەتایبەتی ئەندامانی کۆنگریسی ئەمەریکی. ماسۆن ئەڵێت: ئەوچاوە ((ئەوچاوەیە کەهەموشت ئەبینێت))، وەئاماژەدەکات بەو بیروبڕوایەی کەخودا ئەتوانێت توانایەك بەبینینی بدات

که قوڵایی دڵ و نەفسی مرۆڤیش ببینێت.

جگە لەوەی توێژەرەوەکان لەڕاستی دڵنیان لەسەرئەوەی کە ئەوچاوە چاوی خودانیە یان ئەندازیاری گەورەی ماسۆنی هەروەك بانگەشەی بۆدەکەن ، بەڵکو ئەوە لە ڕاستیدا هەر چاوی شەیتانە کەوا هەوڵەدەن لەچوارچێوەی چالاکیەکانیان دەسبەسەر هەموو جیهان بگرن وادەکات ((هەموو شت ببینن لەژێر زاڵبونیان بەسەر جیهان)).

((مایکلبینسۆن)) ی نووسەر لکتابەکەیدا (لەناو کۆمەڵە نهێنیەکان) ئەڵێت: هێمای چاو کە دەردەکەوێت لە لوتکەی سەر سێگۆشەکەی لەبان مۆری گەورەی وولاتە یەکگرتووەکان وەلەسەر دراوی کاغەزی یەك دۆلاری ئەمەریکا، وەئەو ووشانەی نووسراوە، ئامارەیە بۆ دەسبە سەراگرتنی ماسۆنیەکان بەسەر وولاتە یەکگرتووەکان وەلە سەر ویستی خۆیان بۆ دەسبەسەراگرتنی هەموجیهان، بەوبۆچونەی کە کێ دیزاینی خەتمەکەی دانا وەوێنەو ووشەی دانا پێشینەیەکی ماسۆنی هەیە.

وەچاوەکەو هەرەم درووشمە لە درووشمەکانی ماسۆنی، لەبان چاوەکە ڕاستەوخۆ بڕگەیەك ئەبینین نووسراوە (annuit coeptis) واتە گەورەی سەرکەوتو یان میسری گەورە یان ئەنگوستیلەی قیبتی وەلەزمانی فرەنسیدا بەواتای قیبتی گەورە.

لەژێر هەرەمەکەدا ڕاستەوخۆ نووسراوە(Novus ordo Seclorum) وەولتای پیتی (یاسای جیهانی نویێ).

وە لژێریشەوە نووسراوە (The Great Seal) واتە ئنگوستیلەی گەورە.

****

پ١٩: زانیمان لە ماوەی ڕابردوو بەدەرکەوتنی ئاشکرای ماسۆنی لەمیسر وە پێداگیری کردنیان لەگێرانی ئاهەنگێك لە بەردەم هەرەمی گەورە لەمیسر ڕۆژی ١١/١١/٢٠١١ زاینی، بۆچونی تۆ چییە؟

وەلام: بەڵێ ((ماسۆنی)) و ((کابالا)) ی جولەکە هەوڵیان دا بەگێرانی ئاهەنگێکی تایبەتی لە ناوچەی هەرەم ئێوارەی ڕۆژی هەینی ١١/١١/٢٠١١، بەوتنی هەندێ درووشمی ئاینی بەسەر هەرەمی خۆفۆی گەورە.

((دکتۆر ئەندرۆ فیتکیفتش)) یەکێك لە نێردراوە شوێنەوار پشکنێرەکان ئەڵێت، ئەدوا بۆیان دەربارەی بیروباوەڕەکانی ئەم نوێنەرانە وەگرنگی ڕۆژی ١١/١١، وەبەهیوابونی بۆ ئەو ئاهەنگەی بڕیاردراوە بگێردرێت لە هەرەمدا:

((بەشداربوانی ئاهەنگەکە هێزێکی خۆشەویستی ئەنێرن بچێتە لاشەی هەرەمی گەورە، بۆئەوەی تێکەڵبێت لەگەڵ هێزی خۆی دوبارە بڵاوکاتەوە بەهۆی ((کریستاڵی ئاڵتونی)) کەزەوی ئەپارێزێت)) کە بۆئەم مەبەستە درووستکراوە، وەژمارەیان ١١کریستاڵە، یەکێکیان سەردەمێکە دروستکراوە وەپارێزراوەلە میسر لە شوێنێکی پارێزراو، وەیەکێکیتریان دروستکراوە تایبەت بەئاهەنگی ١١/١١/٢٠١١ کە لەهیندستانە.

((فیتکیفیتش)) باسی فیکرەی ((کریستاڵی ئاڵتونی)) دەکات کە بریتیە لە دوو هەرەمی هەلاوگێڕ لەیەکتری بەشێوەی ئەستێرە، وەبڕیارە بکرێتە بان لوتکەی هەرەمی خۆفۆ، بۆدەسپێکردنی مەراسیمی ئاهەنگی ١١/١١/٢٠١١ لەکاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی هەمان ڕۆژ وەدوو پیاوو دوو ژن ڕانەوەستن لە چواردەوری هەرەمی خۆفۆ، وەلەکاتژمێری ١١ی

شەوی هەمان ڕۆژ چوار لەگەورەترین پیاوانی ماسۆنی ئەچنە ژووری نێژراوی پاشا خۆفۆ بۆ ووتنەوەی ووتاری تایبەتی وە دامەزراندنی ((کریستالەکە))، بەلآم زیاتر لەهەزار کەس دەستیان گرتووە بەبازنەیی بەچوار دەوری هەرەمدا.

وەئەندامانی تیردراوی هۆلەندی بەشداری ئەکەن لەگەوجێتی بێئاقلیانەی ((١١/١١)) کەکۆمەلێك سۆفی جوولەکەن پێیان ئەوترێ ((کابالا)) کە ناسراوە بە پەیوەندیەکی پتەو بەماسۆنی، وەبەبڕوای ئەو ئەوخراپە کاریەی ڕوئەدات لە جیهان ئەنجامێکی سروشتی دورکەوتنەوەیە لە خودا، وەئەم کۆمەلەیە هەوڵ ئەدات بۆ سەلماندن کەفێری هونەری جادوو کردن و چاوبەستن بوونە لەمیسری فیرعەونی، وەبڕوای وایە کە کۆتایی جیهان سالی داهاتوو دەبێت، وە مەسیحی دەجال دێتە سەرزەوی لە ماوەی ((١١/١١/٢٠١١ وەتاکۆتایی سالی ٢٠١٩))، وەئەو ماوەیەش تەنگ و چەلەمەیەکی زۆر ئەبیندرێت لەجیهاندا.

لەبەرئەوە ((کابالا)) پیلانێکی دانا بۆ دەسبەسەراگرتنی کاروباری جیهان لەم ماوەیەدا، وەئەوەش هەولدانی پێك گەیشتنە لەگەلّ ((فریشتەکانی خوارەوە))، لەڕێگای ((تیشکی هەرەمی گەورە))، کەبە دەروازەی هاتوچۆی خواوەند دائەندرێت، وە((کابالا)) وای دائەنێت ڕۆژی ((١١/١١)) هێزێکی نوێیە بۆ بێدار کردنەوەی جیهان.

بەلآم بەبەخشندەیی خودای گەورە ئەوە ڕوی نەدا کە ماسۆن ئەیویست، وەتاهەنگە کەیان هەلوەشایەوە دوای ئەوەی پیلانەکانیان ئاشکرابوو بۆ بەرپرسەکانی میسر وەسوپاس بۆ خودای بەهێزوو توانا.

****

پ٩٥: له هەموو ئەمانه واتێدەگەین کەماسۆنیەت درووستکراوی مەسیحی دەجاله وه ئاسانکاریه بۆ هاتنی؟

وەلام : بەڵێ، وایه، ئەمه دروستکراوێکی دەجالیه وەئاسنکاریه بۆهاتنی دەجال وەئەوەش دەستەو وولاتی دەجاله کەلەو نێوەندەدا فەرمان ڕوایی جیهان دەکات وەدەسنەگرێت بەسەریدا، واته ئەوان پیاوی ملکەچ وخزمەتکاری دەجالن وەخەڵکی ئەپەرستن بۆی وه خراپەکاری پیشەیانه.

****



درووشمی ماسۆنی وکۆمەڵەی نورانی وەیەک دۆلاری ئەمەریکی و پەیوەندی به ماسۆنی و مەسیحی دەجالەوه

یەک چاو هێمای دەجالە وەلە هێماکانی ماسۆنی جۆراوجۆردا هەیەبەڵگەی پەیوەندی
ماسۆنیە بەمەسیحی دەجال- وەحکومەتە نهێنیەکەیەتی کە ئێستا لەو نێوەندەدا
حوکمڕانی دەکات

١٣

گرنگترین کەسایەتیە ماسۆنیەکان

ـ گرینگترین کەسایەتی ماسۆنی عەرەبی لە خۆرهەلأتی ناوەڕاست.

ـ گرنگترین کەسایەتیە جیهانیەکان.

پ٩٦: هاورێکەم پێی ووتم : ئەمەوێ لێت کە باسی هەندێ لە کەسایەتییە گەورەکان بکەیت کە پەیوەندیان کرد بەماسۆنیەوە و کاریان لەگەڵیاکرد لە وڵاتەعەرەبییەکان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، لەگەڵ باسکردنی کورتەیەك لە ژیاننامەیان، وەهەروەها ناوی هەندێك لە کەسایەتیە گەورە جیهانیەکان لە ماسۆن؟

وەلام: کەسایەتیە ماسۆنیەکان زۆرن لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامی ، وەپۆستی گەورەیان داگیرکردووە لەووڵاتەکان هەرچەند زۆربەی ووڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان ئەنجومەنی ماسۆنیان لەووڵاتەکەیان هەڵوەشاندەوە ، بەلام ئەنجومەنیان بۆ یانەکان دامەزراند کە سەر بەماسۆنین وەك یانەی لوینزو ڕۆتاری ماسۆنی، وەك باسمان کرد.

وەگرنگترین کەسایەتی لەخۆر هەلاتی ناوەڕاستی ئیسلامی :

ـــ ئەبو عەلائی مەعەری: ناوی ئەحمەدی کوڕی عەبدولای کوری سلێمان تنوخی یە، وە لە (معرة نعمان) لەدایك بووە سالی ٩٧٢ وەلە سالی ١٠٦٠زاینی چاوی کوێربوو، وەبەدرێژایی ژیانی هەر لەماڵەوەبوو خواپەرستی ئەکرد وەناوی نرابوو بارمتەی گیراوەکان وە کوێروو ماڵ، سەردانی تەرابلوس و ئەنقیەی کردبوو وەلەناو راهبەکان هەڵەسا وەوانەی مەسیحی وجولەکەی خوێند وە گەشتی کرد بۆ بەغداد و وانەی خوێند لەسەر دەستی گەورەکانی وەگەرایەوە بۆ شارەکەی خۆی (معرة) سالی ١٩١٠زاینی وەلەماڵەکەی خۆی خواپەرستی ئەکرد.

قسەی زۆری لەسەر ئەکرا پێیان ئەوت کە کافر و گومرایە و پێیان ئەوت دەروێشە.

ـــ شازادە عبدل قادری جەزائیری :

لە قیطنة لە دایك بووە سالی ١٨٠٧ زاینی لەووڵاتی جەزائیر، هۆزەکان بەشازادەی خۆیان دایان تا سالی ١٨٣٢زاینی وە سوڵتان ی مەراکش پەسەندیکرد وەپیاچونەوەی

جەنگی کرد لەگەڵ فەرەنسا، وەرێکەوتنی کرد لە گەڵ مارشاڵ بیجۆ وەئیمارەتێکی بەرفراوانی لەبەردەستدابوو لەنێوان مەراکش و وەهران وە تیتەر و جەزائیری ڕۆژئاوایی.

مەراکیش و فەرەنسا لەگەڵیدا جەنگان وە وولاتەکەی خۆی بەجێهێشت ساڵی ١٨٤٨زاینی لەگەڵ خێزانەکەی وە چوون بۆ طۆلۆن، وەلەدوای ئەوەی لویس ناپلیۆن بوبە فەرمان ڕەوای فەرەنسا سەردانی کۆشکەکەی کرد وەئامادەبوو لە چونە سەرتەختی ناپلیۆنی سێیەم وەساڵی ١٨٥٢ چوو بۆ ئیستانە وەدیمەشقی کردە وولاتی خۆی ساڵی ١٨٥٦ زاینی، ئەو یەکەم ماسۆنی داُمەزرێنەر بوو کە ماسۆنیەکەی خۆی ئاشکرا کرد لە سوریا، وەلەساڵی ١٨٨٣زاینی مرد.

لێرەدا هەرکێیەك نکۆڵی لە ماسۆنیبونی ئەکات، بەلام بەڵگە لەسەر ماسۆنیەتی ئاشکرایە.

ـ شێخ یوسفی ئەسیر:

لەدایك بووی ١٨١٥زاینی لە(صیداء) دەرچووی ئەزهەرە لەگەڵ محمد علی گەورە دادەنیشت ماوەی مانەوەی لەمیسر، فەتوای (عکا)ی گرتەئەستۆ هەروەها داواکاری گشتی (جبل لبنان). لەچاپکراوەکانی: ((رائد الفرائد)) ، ((شرح أطواق الذهب)) ، ((ردالشم للسهم)) ، ((ارشاد الوری)) ، ((تخطئة جوف الفرا)) ، ((تشکیل الانجیل والتورات)) وەلەساڵی ١٨٨٩زاینی کۆچی دوایی کرد.

ـ میرزا باقر:

نازناوی ئیبراهیمە، لەراگەیاندنەکانی سەدەی نۆزدەیەمە وەئەویش وەك جەمالەدینی ئەفغانی و محمد عەبدە یە لەماسۆنیەتدا، وە خاوەنی کتابی ((ترتیب ایات القره ان))ە

ـ جماله دینی ئەفغانی و قوتابیەکەی محمد عەبدە:

لەدوایی بوونی ١٨٣٩زاینی، ئەفغانی ڕەسەنە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و فەرەنسی چاک زانیبوو، ماوەیەك لەمیصر نیشتەجێ بووە وەفوتابخانەیەکی جاکساری پێکهێنا وەکۆمەڵێك لەگەنجان دەوروبەریان داوە لە ئەوەی ئەو سەردەمە وەك عبداللە ئەدیم و مستەفا کامیل و محمد عەبدە وەجەمالەدین چووە ناو ماسۆنیەوە، وەلەپاریس ڕۆژنامەی (العروة الوثقى) ـ پشتو پەمای پتەو ـ ی دامەزراند سالی ١٨٨٤ وە شێخ محمد عەبدە و میرزامحمد باقر لەبەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە بوون.

ئەفغانی کۆچی کرد بۆلەندەن و پاریس سالی١٨٨٣ ــ ١٨٨٥زاینی هەروەها بۆ ڕوسیا سالی ١٨٨٦ ــ ١٨٨٩ وەڕۆیشت بۆ میونخ وەتاران وە بەسرە وە لەندەن ١٨٨٩ ــ ١٨٩٢ زاینی .

گۆڤاری (ضیاء الخافقین) دەرهێنا وەئامادەیکرد بۆهێرشکردنە سەر شای ئێران، بۆ تۆڵە سەندنەوەی کە لەئێران دەریکردبوو، لە (ئیستانە) جێگیر بوو وەتووشی شێرپەنجەی دەم بوو، وەپێی مرد وەنێژرا وەك گشت خەڵکانی تر سالی ١٨٩٧زاینی

ئەفغانی لەلێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ماسۆنی ئیسکتلەندی ووتی: ئەی کۆمەڵی ماسۆن، ئازارم ئەداتێ کەمن ئێستا ئەمزانیوە وەك ماسۆنیەك وەنە بۆهەموماسۆنیەك پێناسیەك کەوێنەیەك درووست بکات لە مێشکدا یان ئەوەسفێك کە بگونجێت لەگەڵ ئەوکەسەی کە ئەچێتە ناو ئەو تایفیە یەکەمجار کە ئارەزوومکرد کاربکەم لەبینایەی ئازادی ــ ماسۆنی ناونیشانێکی گەورەی ترسناك (سەربەستی، برایەتی، یەکسانی) مەبەستی سودی مرۆڤە وەهەوڵیدا بۆ ڕوخاندن و نهێشتنی تاوان وەپێکهێنانی جیهانیکی دادوەرانەی تەواو، وە بەدەست هێنانی من لەهەموو ئەم وەسفانەی ماسۆنی کۆششکردن بوو بۆ کارکردن وە ڕێزی خۆگرتن وەبەکەم تەماشاکردنی ژیان لەپێناو بەرگریکردنی گشت ستەمکارێك. وەبەم وەسفە ڕازیبووم بۆماسۆنی وەڕازینەبم پێی.

وە ئەفغانی ئەنجومەنێکی ماسۆنی نیشتیمانی دامەزراند سەربە ڕۆژهەلاتی فەرەنسی

بوو لە میسر ئەندامەکانی گەیشتە نزیکەی سێسەد ئەندام، بەڵام بەهۆی چالاکی سیاسی ئەفغانی تۆفیق خدێوی فەرمان ڕەوای میسر فەرمانیدا بەدەرکردنی لە میسر.

وەقوتابیەکانی شێخ جەمالەدینی ئەفغانی بەدوای شێخەکەیان کەوتن بۆچوونە ناو ماسۆنی، وەلەوانیش محمد عەبدە کە هەڵخەڵەتا بە دروشمەکەی (سەربەستی و برایەتی و یەکسانی) وەتانێستاش ڕاستی ماسۆنیان بۆدەرنەکەوتووە وەیان بۆیان دەرکەوتووە بەڵام ئەیانەوێ تەنها بەڕوکەشی وەریگرن.

– سەعد زەغلول پاشا:

لەشاری ((ئەبیانا)) لەدایك بووە سالی ١٨٦٠زاینی وەبڕوانامەی ئەزهەری بەدەست هێنا سالی١٨٧٨ وەشێخ جەمالەدینی ئەفغانی ناسی وەبووە یەکێك لە قوتابیەکانی، وەدوای ڕێبازە چاکسازی و ماسۆنیەکەی ئەکەوێت، لەچەند پۆستێك کاریکرد لەوانەش دادگا وەلورد کرۆمەر هەڵیبژارد بۆ وەزیری معارف ــ پەروەردە ــ سالی ١٩٠٧ هەروەها هەڵبژێردرا بە بریکاری کۆمەڵەی تەشریعی میسری.

لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم وەفدێکی پێکهێنا بۆ دانووسان لەگەڵ ئینگلیز دەربارەی سەربەخۆیی میسر لە ئیمبراتۆری بەریتانی وەپرشنگی شۆرشی ١٩١٩زاینی بەرپابوو.

پارتی وەفدی میسری پێکهێندرا وە سەرکەوت لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی سالی ١٩٢٤ی زاینی وە وەزارەتیان پێکهێنا وەهەروەها بووە سەرۆکی پەرلەمانی میسری، وەدەستی لە پۆستی سەرەك وەزیران کێشایەوە وەهەڵبژێردرا بە سەرۆکی پەرلەمان سالی ١٩٢٥زاینی.

لە سالی ١٩٢٧ زاینی، کۆچی دوایی کرد. وەکاری پەیوەندیکردن بە ماسۆنیەوە لەوکاتەدا کاری ڕۆشنبیران و گەورە سیاسیەکان بوو کەهەڵئەخەڵەتان بە درووشمە بریقەدارەکانیان.

وەلە گرینگترین ئەوکەسانە بوو کە داوای عیلمانی ئەکرد وەڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە جیبەجیکردنی سفوری لەمیسر وەهەوڵی زۆریدا لە سەرکەوتنی.

ـ داود عمون:

لەدایک بووی ١٨٦٩زاینیە دەرچووی هەردووقوتابخانەی (عینطورة) و (الحكمة) بە وە ماوەیەك خزمەتی وولاتی تونسی ڕۆژئاوای کردەوە بە پارێزەری کاریکرد لەمیسر وەگەڕایەوە بۆ بەیروت وەهەڵبژێردرا لە ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی (جبل لبنان) ساڵی ١٩١٤ زاینی وەلە ١٩٢٢زاینی کۆچی دوایی کرد.

ـ شێخ ئیبراهیمی یازجی:

لەدایك بووی ١٨٤٧زاینی لەدایك بووە لە بەیروت، شارەزای زمان و قەواعیدو ئەدەبی عەرەبی بوو، هەستا بەپوختکردنی دەستەوازەی کتابی پیرۆز ((وەرگێڕانی ئەبیانی یەسوعی)) ساڵی ١٨٧٢ ـ ١٨٨١زاینی، وەهەروەها شاعیر بوو.

لە پیشەسازیە پاشماوەکەی ساڵی ١٨٨٦زاینی بنکەی ناسراو بەپیتی ((سرکیس)) وە کۆچبکرد بۆ ئەورووپا وە جیگیربوو لەقاهیرە ساڵی ١٨٩٣، وەگۆڤاری (بەیان) ساڵی ١٨٩٧ وە گۆڤاری (الضیاء)ی دەرکرد.

لە(مطرية) لە میسر کۆچی دوایی کرد ساڵی ١٩٠٦زاینی وەتەرمەکەی گواسترایەوە لە قاهیرەوە بۆ بەیروت ساڵی ١٩١٣ی زاینی وەلەگۆڕستانی زەیتونە نێژرا، وەپەیکەرێکی بۆ دروستکرا لە دەروازەی کۆلانی(البلاط)، وەگواسترایەوە لەئاهەنگێکدا بۆ باخچەکانی زانکۆی بیناساز ((أونیسکو)) ساڵی ١٩٥٧.

ـ محمد رەزا شای پەهلەوی :

شای ئێرانی پێشوو باوەشی کرد بەماسۆنی وەبەڕەسمی بلاوی کردەوە لە ٢٦شوباتی ١٩٥١ لەئەنجومەنی وەزیرانی کەوەرگێراوە مامۆستایەتی گەورەی شکۆمەندی بۆ ئەنجومەنی گەورەی ئیمپراتۆریەتی ئێرانی .

وەلە ٢٥نیسانی ١٩٥٢ مەشخەلی لوتکەی شکۆداری پۆژهەلاتی گەورەی نمونەیی جیهانی پێبەخشرا.

ـ مستەفا کەمال ئەتاتورك:

ناوی مستەفا علی رەزایە لەسالی(١٨٨٠ ـــ ١٩٣٨) لەسالی ١٩٢٣ بو بەسەرۆکی تورکیا هەتاکو کۆچی دوایی کرد.

ڕاگیری ماسۆنی خۆرهەلاتی ناوەڕاست حەنا ئەبو ڕاشد ئەلێت : کودەتای تورکی سالی ١٩١٨ کە برای گەورە کەمال ئەتاتورك هاستا پێی وە گرنگترین ئەوانەی کەپێی هەستا پالەوانی تورکیای ئەمر:

١ ـــ هەلوەشاندنەوەی یاسای خەلافەت ـ بەدواهاتن ـ
٢ ـــ هەلوەشاندنەوەی دادگا شەرعیەکان.
٣ ـــ هەلوەشاندنەوەی ئیمتیازە بیانیەکان.
٤ ـــ هەلوەشاندنەوەی هەلبژاردنی بۆماوە.
٥ ـــ هەلوەشاندنەوەی یاسای پاشایەتی.
٦ ـــ پوچەلکردنەوەی وەزارەتی ئەقاف.
٧ ـــ پوچەلکردنەوەی ئاینی وولات.
٨ ـــ هەلوەشانەوەی لەقەب و شورەت.
٩ ـــ دروستکردنی تورکیایەکی نوێ .

هەروەها حەنا ئەبوڕاشد دەربارەی ئەلێت : کاتێك ئەتاتورك ئەنجومەنی ماسۆنی ڕاگرت

ماوەیێک وەکەڕلندییەوە بەڕێز و بەقەدرەوە لەدوای جێگیربوون و چاکسازیکردنی، هەرکێبەک لاسایی ئەتاتورک بکاتەوە لەپیاوانی ماسۆنی پێشوو وە دلەماتوو ئەوا لاسایی هنری هەشتەم پاشای ئینگلتەرا وە ڕۆزنبرج و لوثەر و هیتلەرو موسولینی ئەکاتەوە.

وەئەڵێت : هینری هەشتەم پاشای ئینگلتەرا کەنیسەی لە دەوڵەت جیاکردەوە، وە ئەتاتورک ئەو مادەیەی کە ئاینی دەوڵەت ئیسلامە هەڵی وەشاندەوە !

وە ڕۆزنبرج ووتی: حکومەت گوێنادات بە ڕینگەڕینگی پیاوانی کەنیسەو قەشەکان، لەبەرئەوەی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری گەلی ئەڵمانی گەیشتوەتە هەرە کۆتایی وە ئەتاتورکیش هەمان شتی ڕاگەیاند.

وە لوثەر: سەردەمەکەی چاکسازی ئاین بوو وە بەهەمان شێوەبوو سەردەمی ئەتاتورک کەسەدەی سەربەستی و یەکسانی بوو! !

وەعامر عەلی : قورئانی پیرۆزی وەرگێڕا بۆ زمانی ئینگلیزی وە ئەتا تورک وەری گێڕا بۆزمانی تورکی.

وە هیتلەر : هەموپارتەکانی یەککرد لەپارتی نازی وەتێکەڵی حکومەتی کرد، وەهەمانشتیکرد ئەتاتورک لەگەڵ جیایی نێوان دوژمنکاروو بەرگریکار.

وە موسولینی : پێش هیتلەر کەوت، کە لەئیتاڵیا هیچ پارتێک نەما جگە لەپارتی فاشیستی فەرمانڕەوا وەبەهەمانشێوە بوو پارتی ئەتاتورک.

وه هەروەها لە کەسایەتییەکانی ماسۆن:

ـ سەرۆکی تونسی حەبیب بورقیبە.

ـ سەرۆك ئەحمەد سوکارنو.

ـ شازادە بەشیر.

ـ مارون نەقاش ئەستێرەی شانۆی عەرەبی.

ـ بێجگەلە هونەرمەندان و ئەکتەرە گەورەکان لەجیهانی عەرەبی وەك: زەکی تلێمات، محمود مليجی، محسن سەرحان، وەعبدول حمید حەمدی ، وەزۆرێکی تر.

****

پ٩٧: لە گرنگترین کەسایەتی ماسۆنی لەسەر ئاستی جیهان کێن؟

وەلآم: ئەوانە بەڕۆیشتنی ڕۆژگار زۆربونە وەلەوکەسایەتیانەش:

بەرزترین ئەندامەکانی لەسەرئاستی جیهان:

ـ ئەدیبی ئەڵمانی جوتە.

ـ مۆسیقاژەنی نەمساوی موزار.

ـ سیاسەت مەداری ئیتالی غاریبالدی (دامەزرێنەری ئیتالیای نوێ).

ـ پاشا جۆرجی شەشەم پاشای بەریتانیا.

ـــ پاشا ئەدواردی حەتەم پاشای بەریتانیا.

ـــ پاشائەدواردی هەشتەم پاشای بەریتانیا.

ـــ ژمارەیەکی زۆر لەشازادەکانی خێزانی شاهانەی بەریتانی لەزیندوان و مردوانی.

ـــ وینستۆن تیشەرشل سەرەك وەزیرانی بەریتانی لە جەنگی جیهانی دووەم.

ـــ سەرۆکی ئەمەریکی پێشوو جورج بۆشی باوك.

ـــ سەرۆکی ئەمەریکی پێشوو بنیامین فرانکلین.

ـــ سەرۆکی ئەمەریکی پێشوو جیرالد فورد.

ـــ سەرۆکی ئەمەریکی پێشوو فرانکلین رۆزفلت.

ـــ سەرۆکی ئەمەریکی پێشوو ثیودۆر رۆزفلت.

ـــ سەرۆکی ئەمەریکی پێشوو هاری ترومان(تاوانباری جەنگ کە فەرمانیدا بە هاویشتنی بۆمبی ئەوەوی بۆسەر هیرۆشیماو ناجازاکی).

ـــ سەرۆکی ئەمەریکی پێشوو جۆرج واشنتن.

ـــ نوسەری ئەمەریکی مارك توینی.

ـــ شاعیری روسی بوشکین.

ـــ فەیلەسوفی فەرەنسی ڤۆلتێر.

ـــ ئەدیبی ئیسکتلەندی ئوسکار وایلد.

ـ ئەکتەری ئەمریکی پیتەر سیلەرز.

ـ ئەکتەری ئەمەریکی بوب هوپ.

ـ ئەکتەری ئەمریکی کلارک غیبل.

ـ سیمۆن بولیڤار ئازادکەری ئەمریکای باشوور لەداگیرکەری ئیسپانی.

ـ ئەلێکساندەرفلێمنگ داهێنەری پەنسلین.

ـ شارلز هلتۆن (خاوەن ئوتێلەکانی هلتۆن).

ـ ئارسەر دویل نووسەر(شارلۆک هۆمز).

ـ ئەلێکساندەر پۆشکین (شاعیری ڕوسی کۆچکردوو).

ـ فرانسیس ئەسکوت کی(نووسەری سروودی نیشتیمانی ئەمەریکی).

ـ جۆن سمیس (ئاوازدانەری سروودی ئەمەریکی).

ـ جاکۆ موکازلۆفا(عاشقی ئیتالی).

ـ توماس لیبتۆن (چای لیبتۆن).

ـ فریدریکی دووەم پاشای بروسیا.

ـ بیرلسکونی سەرەک وەزیرانی ئیتالیا.

ـ ئیکیرو هاتو یاما سەرۆک وەزیرانی یابان.

ـ موتسارد (موتزارت) مۆسیقاری جیهانی.

ـ شازادە ئەدوارد دوق كنت.

ـ یوهان سابستیان باخ مۆسیقا ژەنی ئەڵمانی.

ـ بیتهۆڤن میوزیك ژەنی بەناوبنگی نەمساوی.

ـ كلارك جیبل ئەكتەری جیهانی.

ـ لوویل تۆماس (دۆزەرەوەی لۆرانسی عەرەب).

ـ رۆتشیڵدی ئەمەریكی.

ـ ئارسەر كۆناندوێل سەركردەی سەربازی ئەمەریكی.

ـ بد فۆردی ئەمەریكی.

ـ بنیامین فرانكلین زانای ئەمەریكی.

ـ مارك توین (نوسەری ئەمەریكی).

ـ ئیدی میرفی (ئەكتەری جیهانی).

ـ والتر سكوت ئەدیبی جیهانی.

ـ ئوسكار وایلد ئەدیبی جیهانی.

ـ فرانسس میسمر دامەزرێنەری خەواندنی موگناتیسی.

ـ لوی ئەرمسترۆنگ ژەنیاری جاز.

ـ فریدریك بارسولدی دیزاینەری پەیكەری ئازادی.

ـ ڤایکاونت بینیت سەرۆك وەزیرانی کەنەدا.

ـ ڕۆبەرت بیرنز شایری نیشتیمانی ئیسکیتلەندا.

ـ ئەندریە سیترۆن بەڕیوەبەری ئۆتۆمبێلی سیتروین.

ـ بوب دول کاندیدی سەرۆکایەتی ئەمەریکی پێشوو.

ـ ئیدوین دیرك بەڕێوەبەری پیشەسازی نەوت.

ـ ئونری جۆن دونانت دامەزرینەری خاچی سوور.

ـ بینجامین فرانکلین یەکێك لە واژۆکەرانی دەستوری ئەمە ریکی .

ـ کینگ جیلیت .

ـ ئەگناس جۆزیف گیوتن .

ـ ئیدگار هۆڤەر بەرێوەبەری نوسینگەی لیکۆڵینەوەکانی فیدراڵی.

ـ دیڤید سارنوف.

ـ ملڤین جۆنز (دامەزرینەری یانەی لیونز).

ـ جیمس نیزمیت داهێنەری تۆپی سەبەتە.

*****

**

١٤

گەڕاوەکانی ناو ماسۆنی

- باسی هەندێك لەوانەی کە پەیوەندیان کردووە بە ئەنجومەنەکانی ماسۆنی لە زانایانی ئایینی و ڕووناکبیرانی عەرەب و لێی دەرچوون دوای ئەوەی ڕاستییان بۆدەرکەوت.

- باسی هەندێك لەزانایانی ئاینی چونەتە ناوماسۆنی وەڕاستیەکەیان بۆدەر کەوتووەو وازیان لێی نەهێناوە.

پ٩٨: ئایا هەیە چوبێتەناو ماسۆنیەوە یان لقەکانی وەك ڕۆتاری وەڕاستیەکانیان زا نیبێت و وازیهێنابێت؟

وەڵام: بەڵێ زۆر لە سیاسەتمەدارەکان و زانا ئاینیەکان هەڵخەڵەتان لەناو ماسۆنی و لقەکانی پەیوەندیان پێوەکرد، بەڵام کەبینیتیان وەڕاستیەکەیان بۆ ئاشکرا بوو وازیان لێهێناو وە نهێنیەکانیان ئاشکراکرد.

****

پ٩٩: ئایا ئەتوانیت باسی هەندێك لەوکەسانەمان بۆ بکەی، وەچییان گێڕاوەتەوە لەماسۆنی؟

وەڵام: ماسۆنی بەدروشمە بریقەدارەکانیەوە وەك برایەتی و یەکسانی و سەربەستی زۆربەی خەڵکی و زانایان و سیاسیاسەت مەداران و گەورەکەسایەتیەکانیان بە گشتی وە لەکەسانی هونەرمەند لەخشتەبرد، وەچالاکیە خێرخوازی و سیاسیەکانیان ئەگێڕایەوە بۆ چالاکیەکانی ئەنجومەنی ماسۆنی لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و جیهانی، بەڵام زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکان لەشەستەکاندا ڕاستی ئەنجومەنی ماسۆنیان بۆدەرکەوت وە بریاریان دەرکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەیان بۆنمونە لەمیسر ساڵی ١٩٦٤زاینی.

وە بەناوبانگترین لەوانەی کە چوونە ناو ماسۆنیەوە وەڕاستیەکەیان بۆدەرکەوت و کشانەوە لێی باسی(یوسف الحاج) دەکەین، کەبەرزەوەبوو لە پلەکانی ماسۆنی هەتا گەیشتە پلەی ٣٣ وەئەوەش پلەی مامۆستای بەئەزمونی گەورەیە، وەسەرۆکی یەکەم بوولەپلەی کورسی شاهانە وە پلەی خاچی پەمەیی بەدەست هێنا، وەنێردراوی مەرگ بوو بۆسەر ڕۆژهەڵات سوریا و فەڵەستین و عێراق وەئەندامی کۆنگرەی پیرانی دادوەران بوو لەپلەی ٣٠، وەلە فەرمانبەرانی ئەنجومەنی گەورەی میسری، وەسەرۆکی ئەنجومەنی

بەپرووت بوو ژمارە ۲٦۱کە ناونرا پەناوییەوە بۆپێگرتن لێی.

ئەو بیاوەی کە گەپلەنە بەرزترین پلەکانی ماسۆنی لەماسۆنیدا وەگیشتە راستیەکەی وەکلیاپەوەلێی وە نهێنیەکانی دەرخست وەکتابێکی دەرکرد تیایدا پاکبوونەوەی خۆی بلاو کردەوە لەماسۆنی وەنهێنیەکانی تیایدا ئاشکراکرد وە کتابەکەی بەناوی ((گەڕاوە لەناو تاریکی ماسۆنی)).

یوسف الحاج لەکتابەکەی ئەڵێت:

ئەو ئامانجەی کە هەرجولەکەیەك رێکی دەخات لەسەر رووی زەوی ئەوە ئامانجێکی تایبەتە بەهیچ شێوەیەك پەیوەستنیە بە ئامانجەکانی ئاینی و نیشتمانی و کۆمەلایەتی خەلکی، وەهەڵناسێت بێجگە لە داگیر کردنتان بەهەموو واتای داگیرکاری لە زەبوونی و ریسوایی و ستەم و دورخستنەوە، وەئیسرائیل لەسەرروی هەموانەوەیە، وە هەروانەبێت هەتا سەر.

وەهەروەها ئەڵێت: هەرچەند زیاتر جولەکە لەگەڵتان نەرمی بنوێنێت وەهەرچەند بەکۆڵ ئالۆنتان بۆ بێنن وە لەبەر دەستاندا هەڵبڕێژن، هێشتا هاتنیان بۆ ناو وولاتەکەتان ترسناکە بۆسەر هەموو گەلەکەمان بەگشتی.

وەووتی: لەدوای ئەوەی زانیتیان ـ جولەکەی ماسۆن ـــ کە کاریگەرە هێما لایان بۆ سەر دڵی مرۆڤ ماسۆنی گشتی ئەو رێگایەی گرتەبەر کە هێمایە بۆ مێژوی جولەکە، کەئەوهێمایانەن کە زۆر رونن، وەئەم ماسۆنیەن کە زۆرترین هێما بەکار ئەهێنن.

وەلەزانایانی ئاینی کەچوونەتە.ماسۆنیەوە وەلێی دەرچوونە دوای ئەوەی راستیە کەیان بۆئاشکرا بووە، (شێخ محمد ئەبو زەهرە) زانای ئەزهەری میسری، وەلە ووتارێکی رۆژنامەدا بلاویکردەوە ساڵی ۱۹٦٤ لەدوای هەڵوەشاندنەوەی ماسۆنی لەمیسر.

ڕۆژنامەنوسەکە لێی پرسی: چۆن پەیوەندیت کرد بەماسۆنیەوە؟ وە بۆچی؟

شێخ ئەبو زەهرە ووتی: ڕۆژێك لەڕۆژان یەکێ لەقوتابیەکانم لێمی پرسی: ماسۆنی چیە؟ وەئامانجەکانی چین؟ یەکسەر بە قوتابیەکەم ووت : لەڕاستیدا من هیچی لێنازانم، بەلام هەوڵ ئەدەم کە بەدوداچونی بۆبکەم بۆئەوەی وڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، وەلەوکاتەدا هەندێك ماسۆنیم ئەناسی، وەدەسمکرد بەهەوڵدان لەگەڵیان بۆزانینی ماسۆنی، وەئامانجەکانی، وەلەهەموو جارێکدا ڕوبەڕوی دوو ئاڵۆزی ئەبوومەوە، یان نەزانینم لەچۆنیەتی پرسیارکردنم دەربارەی ماسۆنی وەهیچم دەست نەئەکەوت ، وەیان لەبەر ئەوەی بەئاگاداریەوە کەپرسیارم ئەکرد هیچم دەستنەئەکەوت.

وەلەکۆتایدا خۆم لەبەردەم ڕێگایەك بینیەوە وەئەوەش پەیوەندیکردنم بە ماسۆنیەوە ئەگەر بمەوێت شتێکم دەست بکەوێت دەربارەی ماسۆنی، وەپەیوەندیم پێیانەوەکرد و دامە دەست خودا.

ڕۆژنامەنوسەکە لێی پرسی: دوای ئەوە چیت زانی دەربارەی ماسۆنی؟

ووتی: زانیم کە جولەکە چەوساوە بوون لە ئەوروپا ئەوانەی کە ماسۆنیان دامەزراند وەکۆمەڵەیەکی نهێنیان لێپێکهێنا بۆپارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیەکانیان وەبۆئەوەی دەرچن لەچەوساندنەوە، وەلەڕواڵەتدا پەیڕەوی مەسیحیان ئەکرد بەلام لەژێرەوە هەر جولەکە بوون. وەلەپێناو ئەمەدا وە بۆئەوەی یەکتری بناسن بۆکۆمەڵەکەیان هێمایان دانا وەجوڵەی دەستی دیاریکراو بۆسلاو کردنیان لەیکتری.

وەبەم شێوەیە ماسۆنی کاریکرد لە ژێرەوە وەدەورەی خۆیدا بە شاراوەو نهێنی.

هەروەها ئەگەر کۆمەڵەکە بیەوێت هەنێك لە بیرمەندان و ئەدیبان و سیاسەت مەداران لە دەرەوەی جولەکە بۆئەوەی سۆزیان بجولێت بۆئەوەی لەتەنیشتیان بن درووشمی برایەتی و سەربەستی و یەکسانیان کردە درووشمی خۆیان.

وەبەمە توانیتیان بلاو ببنەوە لەجیهادا وە لقیان هەیە لە چەندەها وولاتانی جیهان.

لەدوای ئەمە جولەکە دەرکەوتەوە جارێکیتر، هەروەها ئەوانەی باوەریان بە مەسیحی هێنابوو لێیان گەڕایەوە بۆناو جولەکە جارێکی تر.

ڕۆژنامەنووسەکە پرسیتی لێی: مەراسیمی پەیوەندی کردنت بەماسۆنیەوە چۆن بوو؟

ووتی: ناو و پیشە و ئایینم تۆمارکرا.

ڕۆژنامە نووسەکە پێی ووت: بەلام ئێمە ئەزانین ئەندامان مەراسیمی وەرگتنیان بۆدەکرێت یەکەم جار لە ژورێکی ڕەشدا، ئایا هیچ دەربارەی ئەو ژووره ئەزانیت؟

ووتی: پێمیان ئەووتوە بچمە ناو ئەوژورە، بەلام کەوتە بەرچاوم هەیکەلێك کەوتە بەر چاوم داندرابوو لەبەردەم دەرگای ئەنجومەنەکە، وەپێمیانووت: کەمی یەکێکە لەئەندامەکان وەبخشیویەتی لەدوای مردنی بۆئەوەی بخرێتە ئەنجومەنەوە، بەلگەی دلسۆزی بۆ ماسۆنی هەتا لەدوای مردنیشی، وەهەستم کرد هەنێ شت هەیە کە هەموو ئەندامەکان نازانن، بەلکو مانەوەم لە یەك ژووردا دیاریکرابوو.

ڕۆژنامە نووسەکە پێی ووت: ئایا گومانت بۆ درووست بوو لە نیازەکانی ماسۆنی؟

وەلامی دایەوە: گومانم بۆدروست بوو لە یەکەم ڕۆژەوە، وە تێبینیم کرد کە چەند باڵێکی نهێنی هەن لە ڕووی بیروباوەڕو کەسەکانەوە.

ڕۆژنامە نووسەکە پێی ووت: ئایا لەماوەی ساڵێکدا توانیت تەنها ئەوەندە بزانیت؟

شێخ وەلامی دایەوە: نەمتوانی لەمەزیاتر بزانم، وەبە گەوجیم دانا کە بەردەوامبم تیایدا وەوازم لەماسۆنی هێنا ساڵی ١٩٥١.

****

پ١٠٠: ئایا لە زانایان یان سیاسەتمەدارەیە پەیوەندی بەماسۆنیەوە کردبێت وە ڕاستیەکەی بۆ ئاشکرا بووبێت و وازی لێی نەهێنابێت؟

وەلام: بەڵێ دوو پیاو هەن لەزاناو سیاسەت مەدار چونە ناو ماسۆنیەوە وەئەنجومەنێکی ماسۆنیان دامەزراند وەڕاستی ماسۆنیان بۆ دەرکەوت وە نووسیان لەدەربارەی، بەلام وازیان لێنەهێنا وەئەوانەش شێخ جەمالەدینی ئەفغانی وەقوتابیەکەی شێخ محمد عەبدە یە.

لەلێکۆڵینەوەکەی لەسەر ماسۆنی ئیسکتلەندی ئەفغانی ووتی: ئێمە کە کۆمەلانێکین لەماسۆن من بەداخەوەم لەبەر ئەوەی کەوەك ماسۆنیەك نەمتوانیوە پێناسەی ماسۆنی بکەم کە وێنەکەی لە مێشکدا دروستبکات، یان وەسفێك ڕێکبێت لەگەڵ ئەو تایەفەیەدا، پەکەم شت کە ئارەزوومکرد کاریکەم لە بینایەی ئازادیخوازان ـ ماسۆنی ـ ناونیشانێکی گەورەی ترسناك بوو: ((سەربەستی،برایەتی، یەکسانی)) ئامانجی سوودی مرۆڤ بوو.

بەمشێوەیە ڕوونیکردەوە ئەفغانی کە بە درووشمی ماسۆنی هەڵخەڵەتا. وەئەمەش لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بوو لە سەردەمی گەشەکردنی ماسۆنی، وە ئەوەی ئەفغانی کە ووتی:

لەڕاستی دوورتر نابینم لەم قسانە لە ماسۆنی بەئەم شێوەیەی، وەئەریتەکەی نەك تەنها هەر سەردەمی کۆنە بەڵکو ئێستاش هەر لەبێشکەدایە، وەلەبەر ئەوە قسە ئەکەم وە سوورئەبم ڕۆلەکانیان بوەستن لەلێواری هێماکان کە زۆربەمان نە لێی تێئەگەین وەنە ئەشزانین مەبەست چییە لە دانانی وەئەشخنکێ لەبێشکەدا.

سەرەڕای قسەکانی ئەفغانی لەسەر ماسۆنی بەلام هەر مایەوە لەماسۆنیدا بەڵکو ئەنجومەنێکی نیشتیمانی نوێەمی دامەزراندبۆ شکۆمەندی فەرەنسیەکان وەژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە ٣٠٠ ئەندام، وەتۆفیق خدێوی فەرمان ڕەوای میسری ئەوکاتە

بریارێکی دەرکرد بەدەرکردنی ئەفغانی لەوڵات سالی ١٨٧٩زاینی بەهۆی سیاسیەوە،

بەلام شێخ محمد عەبدە شوین کەوتەی شێخی خۆی (ئەفغانی) کەوت وەچووە ناو ماسۆنی، وەلەگەلیا چووە ناو ئەنجومەنی ماسۆنی بەریتانی وە جێی هێشت و چووە ئەنجومەنی شکۆداری فەرەنسی، وەکۆششی کرد لەگەلْ ئەفغانی بۆ دامەزراندنی پارتی نیشتیمانی ئازاد کەوا رویەروی ئەنجومەنی ماسۆنی بووەوە،

وەلەولتەی چونە ناو ماسۆنی وە وازی لێهێنا دوای ئەوەی راستیە کەی بۆ دەرکەوت دکتۆر جۆرج حەنا بوو.

****

نووسەری ئەمەریکی (گی کینی)

و کتێبەکەی (ئەفسانەی ماسۆنی)

یەکێك لەئەندامەکانی ماسۆنی جیهانی، نووسەری ئەمەریکی ((گی کینی)) هەستا بە نووسینی کتێبێك بەناونیشانی ((ئەفسانەی ماسۆنی))، بۆلابردنی دەمامك لەسەر هەندێ نهێنی ڕێکخراوە پەنهانیەکان کە زۆرکەسی سەرسام کردووە.

وەئەمەش لەتیشك خستنە سەر زۆرێك لە بۆچوونەکانە دەربارەی سرووشتی ڕێکخراوی بیناسازە ئازادیخوازەکان دێت، کەناسراون بە((ماسۆنی)) وەزۆربەی پڕوپاگەندەکان دەربارەی نهێنیەکانی وەتوانینی فەرمان ڕەوایی کردنی بەسەرجیهاندالەپشت خورافیات، هەروەها لەسروشی نهێنی پارێز کەدەورەی داوە.

وەدەربارەی هۆکاری پەیوەندیکردنی بەماسۆنیەوە، کینی ئاماژەیدا لەچاو پێکەوتنێکیدا لەگەڵ گۆڤاری ((تایم)) ی ئەمەریکی، کەوا ئەو گرنگی ئەدا بە ماسۆنی لە حەفتاکانەوە وەچەندین کتێبی خوێندووەتەوە دەربارەی ماسۆنی، بۆیە زیاتر سەرسام بوو پێی، وەلە ساڵی ٢٠٠٠زاینی بڕیاریدا کەوا تاقیبکاتەوە وە بچێتە ناو ڕێکخراوێکی بەناوبانگەوە.

کینی ڕونیکردەوە کە هۆی ئارەزوو نەکردنی ماسۆنیەکان لە بانگێژکردنی خەڵکی بۆناو ماسۆنی ئەوەیە ((نایانەوێ خەڵك ناچاربکەن بۆپەیوەندیکردنیان بەبێ ئارەزووی خۆیان، ئەوان ئەیانەوێ ئەوانەی پەیوەندیان پێوەدەکەن بەئارەزووی تایبەتی خۆیانەوە بێت)).

وەدەربارەی مەرجەکانی پەیوەندیکردن بە ماسۆنیەوە، کینی باسی دەکات کە پێویستە لەسەر ئەو کەسە پێش هەمووشتێك لەڕەگەزی نێربێت، وەفۆرمی داواکرنی پەیوەنیکردن پڕبکاتەوە، کەپێك هاتووە لە پرسیار وەك ((ئایا بڕوات بەبوونی باڵادەس هەیە؟))

ئاشکرایە کە ڕێکخراوەکە شوێن کەوتەی ئاینێکی دیاریکراوەوە نیە، لەبەر ئەوەی کە ئەو ڕێگایەی کەپێشکەوت پێی ئامەنگی چونە ناو ماسۆنیەوە پێویستە کەماسۆنی باوەڕێکی هەبێت دیاریکراو نەبێت بەخودا.

جگە لەمانە،بەگوێرەی کینی، پرسیار ئەکرێت لەوکەسەی کە ئارەزومەندە بۆپەیوەنیکردنی بەڕێکخراوەکە، ئایا سزادراوە بەتاوانێکی گەورە، کەئەمە گرنگترین پرسیارە کە مرۆڤ ئەتوانێت لێی دەربچێت یان دەرنەچێت بۆ وەرگرتنی، وەزیاتریش لەمە پێویستە ببێتە ((ماسۆنی دواڕۆژ)) توانای هەبێت بەسەر کەموو کورتی دارایەکەی وەمشە خۆرنەبێت لەو ئەنجومەنەی کە پەیوەندی پێوەدەکات.

کینی درێژەی پەیوەندیکردنەکەی بە ڕێکخراوەکە ڕوونکردەوەو ووتی: ((کاتێك لایان ئامادەبووم منیان کردە ژورێکی ئامادەکاری، کە هەندێ جل و بەرگی تێدابوو پێویست بوو لەبەری بکەم، وەپاشان پارچەیەك پەڕۆیان دامێ کە چاومی پێببەستمەوە، وە((پابەندبوونم)) یان سوێندخوارادنم ئەنجام ئەدرێت لەلای ئەوشوێنی کە قوربانی لێدەکرێت لە ناوەڕاستی ژووری ئەنجومەنەکە، کە سادەیە تەنها مێزێکە ئینجیل یان هەرکتێبێکی پیرۆزی لەسەرە کە ئەو کەسە بڕوای پێبێت)).

((کینی)) درێژەی پێدا:((گرت ئەدەن بەدەوری ژوورەکە بۆ ناساندنی بەرپرسە سەرەکیەکان، وەلەدوای ئەوە سەرۆکی ئەنجومەن ئەبینی لەبەرامبەرت شەبقەیەکی درێژی لەسەرە، ئەم نەریتانە ئەگەڕێتەوەبۆ سەرەتای سەدەی نۆزدیەم)).

بە بەدوادا چوونی ((کینی)) لەدوای ئاهەنگی پەیوەندیکردن کەئەمەش جێبەجێ دەکرێت بەسەر هەموو پلەکانی ماسۆنی، سەرۆکی ئەنجومەنەکە ووتارێکت بۆئەدات دەربارەی مێژووی کۆمەڵەکەو هێماکانی، کەئەڵێی پیت بەپیت لەبەریکردووە، وەئەوهێماو نەریتانە نەگۆڕدراوە نزیکەی دووسەد ساڵ ئەبێت)).

وە((کینی)) ووتی: هەندێك لە نهێنییەکان ئاشکرا نابن، وەك ئەو ڕێگایانەی کەماسۆنیەکان یەکتری پێئەناسنەوە، کە لەڕێگای تەوقەکردنەوە بێت وەیان هەندێ وشە کەلە ئاهەنگەکەدا ئەوترێت، لەبەرئەوەی ڕێکخراوەکە نایەوێت کەسێك بچێتە ناو کۆڕو کۆبونەوەکانیان کەپەیوەندی نەبێت بەو دانیشتنانەوە.

دەربارەی ئەو قسانەی کە گوایە ماسۆنیەکان لەپاشماوەی ((سوارچاکی هەیکەلن))، یەکێ لەبەناوبانگترین جموجۆڵەکانی نهێنیی مەسیحی بەکە دامەزرا لەکاتی شەڕەکانی خاچ پەرستەکان، وەلەبەرئەوەی هەوڵ ئەدەن بۆ دانانی یاسایەکی جیهانی نوێ، کینی بۆی دەرکەوت کە زۆرترین ئەوەی کەما سۆنی ڕوبەڕوی بوەوە ئەوڕاستیەیە کە ئەنجومەنکان دەستیانکرد بەخۆ گونجاندن بۆبەردەوام بوون بەژمارەیەکی کەمتر لەئەندامەکان وەبەسەرچاوەیکی کەمتر.

وەنووسەری ئەمەریکی دووپاتی کردەوە کە ژمارەی پەیوەندیکەران بۆڕێکخراوەکان لە پاشەکشێدایە، وەئاشکرایە کەماسۆنی لەئێستادا خۆرەی لێداوە، داوادەکات پێویستە ئەم بابەتە چارە سەربکرێت.

١٥

پلان گێڕیی نورانییەکان و ماسۆن

- ئادەم وایز هاوپت پلان و پرۆتۆ کۆلات دادەنێت بۆ دەسبەسەراگرتنی بەسەر جیهان.

- ئاشکراکردنی پلانەکانی نورانیەکان دوای بەسەرچونی کات سالی ١٧٨٥.

- دەسبەسەراگرتنی نورانیەکان بەسەر حکومەتەکانی جیهان و گەورە بەرپرسەکانی ولاتەکان.

پ١٠١: زانیمان ڕێکخراوی نورانیی کە ئادەم وایز هاوپت دایمەزراند لەسەر داراکانی ئالوگۆڕکارەکانی دراووی جولەکە بەسەرۆکایەتی ڕۆتشیلدی جولەکە، ئایا کەی ئادەم وایز هاوپت پەیوەندیکرد بە ئالوگۆڕکارەکانی دراووی جولەکەکان؟ وەکێ پلانی دانا بۆدەستبەسەرگرتن بەسەر جیهاندا؟

وەڵام: ئادەم وایز هاوپت مەسیحیەکی کاسۆلیکی بوو، وەبووبە پرۆفیسۆرێکی پسپۆڕلەئاینی مەسیحی وەهەستا بەوانە ووتنەوە لەزانکۆی ئینگلستۆك وەپاشان لەئاینی مەسیحی هەڵگەڕایەوە، وەپەیوەندی کرد بە کۆمەڵەی پلان گێڕانی جولەکە بەسەر جیهاندا ساڵی ١٧٧٠ کە ئالوگۆڕکرەکانی دراو سەرۆکایەتی ئەکەن بۆ تۆڵە سەندنەوە لەمەسیحی وە لەجیهان هەمووی، وە سەرلەنوێ کۆمەڵەی هێزی شاراوەیان ژیاندەوە وەئەم کارەشیان هەمووی سپارد بە ئادەم وایز هاوپت، وەئەوەش ئەو بنچینەیەیە کەپرۆتۆکۆلاتی فەرمان ڕەواکانی زایۆنیزم پێی هەڵسان.

ئادەم وایز هاوپت کۆتایی هێنا بە کارەکانی و پرۆتۆکۆلەکانی لەیەکی ئایاری ساڵی ١٧٧٦ وەکۆمەڵەی نورانیەکانی پێك هێنا.

****

پ١٠٢: بەلام مێژووی ئایار ڕۆژی یاسایە لە ئەمەریکا، ئایا پەیوەنداره بەو مێژووەوە؟

وەڵام: بەڵێ یەکی ئایاری ساڵی ١٧٧٦ڕۆژێکە لەو ڕۆژانەی ئاهەنگی بۆ ئەگێڕرێت وەك نەتەوە شیوعیەکان، وەئەوەش ڕۆژی یاسایە بەپێی ئەوەی سەندیکای پارێزەرانی ئەمەریکی کەڕای گەیاند.

پ١٠٣: پیلانی ئادەم وایز هاوپت یان پیلانی نورانیەکان چییە؟

وەڵام: پیلانەکەیا چڕدەکرێتەوە بۆ لەناوبردنی هەموو حکومەتەکانی جیهان وهەموو

ئاینەکانی سەرزەوی، ئادەم وایز هاویت گەلانی دابەشکرد بۆ چەند بەش و کۆمەڵەیەک بۆئەوەی کوشتار ڕوبدات لەناویاندا، وە بە ووشەی (ڕان) ـ مێگەل ـــ ناوی گەلانی برد، وەئەم ڕانە ئەبێ لە شەڕوو کوشتاردا بێت هەمووکات، وەکۆمەڵەی نورانیەکان هەڵئەستن بە گواستنەوەی ململانێ و شەڕ لەهەمەوو سەرانسەری جیهان.

ئابینن یاخی بووەکانی وولاتە ئەفریقیە هەژارەکان دەستیان داوەتەچەك وە وولاتەکانی بۆنموونە ئاسیاو ئەمەریکای لاتینی، ولات هەیە کەهیچ سەرمایەیەکی نیە وەك سۆماڵ بۆنموونە، وەئەبینین چەك بەدەست چەندەها دەستەو کۆمەڵەی گەلانی ئاکۆك خۆیانی پێئەکوژن لەناو یەکدا، ئەو چەك و تەقەمەنیەیان لەکوێ بوو کە ئەوان خۆراکی ژیانیان دەست ناکەوێ پێی بژین؟ ئەوە هەمووی پارەو سامانی پیلان گێڕانی نورانیە جولەکەکانە.

وەبەندە سەرەکیەکان لە پیلانی وایز هاویت داواشەکات لە نورانیەکان و لایەنگرانی هەستن بەمانەی خوارەوە:

ـــ بەکارهێنانی بەرتیلی دارایی یان ڕەگەز بۆدەس بەسەراگرتن بەسەر گەورە پیاوانی وولاتە جۆراو جۆرەکان یان لە بواری ئابوری و کارکردن، هەڕەشەی کوشتن لەهەر یەکێك بیەوێت پیلانەکانیان ئاشکرا بکات، دەست وەردان لە پلانەکانی فێرکاری لە گشت وولاتان وەئاراستەکردنیان بەرەو حکومەتێکی جیهانی، وەهەڵوەشاندنەوەی خوێندنی ئاین بۆ قوتابیان وە گۆڕینی بۆ بابەتی ڕەووشتی گشتی.

وەبڵاوکردنەوەی بەخشین بەقووتابیان بۆ شوشتنی مێشکی ئەوە سەرکەوتووەکان لەقوتابیانی جیهان، سێ خوێندنگای تایبەت هەیە کە سەر بە نوورانیەکانە کەلە کۆرۆنز تاون دان ((Cordonstown)) وەلە ئیسکیتلەندا، وەلە سەلیدم ((Saledm)) لە ئەڵمانیا، وەئانا فریتا ((Annavrighta)) لەیونان، وەخوێندنگای دیکە هەن بەلام نهێنین، وە ئەم خوێندنگایانەش مندالانی هەڵبژاردەی نورانیەکان و لایەنگرانیان تیایدا

ئەخوێنن.

وە دەرچووی ئەم خوێندنگایانە سەرۆکایەتی وڵاتی گەورە و پۆستی گەورە ئەگرێتە ئەستۆ.

ـ وەلە پیلانەکانی هاوبت دەستبەسەراگرتنی میدیا جۆراو جۆرەکانە.

هەروەها دەستبەسەراگتنی وەزارەتە شکۆمەندارێەکان وەك پۆلیس و سوپا لەوڵاتانی جیهانی سێیەم، بۆسەرکوتکردنی هەر جموجۆڵێك یان شۆڕشێکی ئازادکردن کەئاتولتی بەسەریا زاڵبن ئەوا پۆلیس هەڵئەستێت لەو وڵاتانە بە دەست بەسەرگرتنیان و سەرکوت کردنیان.

****

پ١٠٤: بۆچی پیلانەکە ڕانەگیرا لەکاتی خۆی؟

وەڵام: لەساڵی ١٧٨٥ حکومەتی بافاریا هەستا بەئاگادارکردنەوەی کۆمەڵی نورانیەکان لەدوای ئەوەی کە بەڵگەنامەی تاوانبارکرنی کۆمەڵەکە کەوتە دەستی پۆلیس، وەپیلانگێڕیەکەی بۆسەر ئەورووپا ئاشکرابوو وەهەموو ئەنجومەنەکانی پۆژمەلاتی گەورە داخرا.

وەلەساڵی ١٧٨٦، حکومەتی بافاریا ((ئەڵمانیا)) هەستا بە بڵاو کردنەوەی درێژەی گشت پیلانەکان لە پەرتوکێك بەناو نیشانی ((نووسراوە بنچینەییەکانی ڕێبازوو هۆزەکانی نورانیەکان)). وەکۆپیەك لە تەواوی پیلانەکەی نارد بۆ گشت سەرۆکی کەنیسەکان و حکومەتەکان لە ئەورووپا.

بەڵام دەسەڵاتی نورانیەکان کەهێزی داراییەکەیان لە خێزانی ڕۆتشیلدەوە زۆر گەورەبوو بە پلەیەك کە ئەو ئاگادارکردنەوەیە لەترسناکیەکانی پیلانەکەوەیە، بە تیری

بچووك تەماشایان نەكرد وەفەرمانەكانی وایز هاوبتی دەركرد بۆنورانیەكان كە بچنەناو كۆمەڵی ماسۆنیەوە، وەبگۆرێن بۆ ماسۆنی هێمای شین.

وەكۆمەڵەیەكی نهێنی تایبەتیان پێكهێنا وەرێگایان پێیان نەدا بە پەیوەندیكردنیان بە كۆمەڵەی نورانیەكان تەنها بە ماسۆنیەكان نەبێت ئەوانەی كە دەركەوت كە باوەرِیان بە یەك حكومەتی جیهانی هەیە، وەئەوان وازیان هێنا لە ئاینەكەیان وە بروابونیان بەخودا، وە نورانیە ماسۆنیەكان كردارە پیلانگێرِیەكەیان شاردەوە بەدرووشمی بریقەدار، وە درووشمی سەربەستی و برایەتی و یەكسانیان هەڵبژارد كە بووە درووشمی شۆرِشی فەرەنسی كە ماسۆنیەكان ماندەروو جێبەجێكەری بوون.

****

١٦

پرسیاری هەمە جۆر دەربارەی ماسۆنی

پ١٠٥: گرنگترین ئامانجەکانی ماسۆنی بەجولەکەبووی جیهانی چین؟

وەلآم: دامەزراندنی دەولەتی ئیسرائیل لەسەرخاکی فەلەستین کەپێی ئەلێن خاکی بەلێندراو، وەلەچوارچێوەی ئەو دەولەتە فەرمان رەوایی جیهان ئەکەن هەروەك لە سەردەمی پێغەمبەر پاشا سلێمان کوری داود سەلامی خوایان لێبێت، وەلەپێناو ئەوەدا ئەوان هەولەدەن بۆ دروستکردنەوەی هەیکەل سلێمان لەشوێنی مزگەوتی ئەقسا.

****

پ١٠٦: لەسەر بەلگەنامەی پاشایەتی لای ماسۆن چی نەخشێنرابوو؟

وەلآم: بەلگەنامەی پاشایەتی لای ماسۆن میلوانکەیەکە ناوی دوولنزە نەوەکەی بەنی ئیسرائیلی (دوانزە کورەکەی پێغەمبەر یاعقوب) تیا نەخشێنراوە.

****

پ١٠٧: پلەکانی شاهانەی ماسۆنی بەرامبەر بەچین؟

وەلآم: بەرامبەر بە ناوی پالەوانەکانی دیلەکانی بابلی.

****

پ١٠٨: ناوی زربابل چینە گەیەنێت لەماسۆنیدا؟

وەلآم: ناوی یەکێکە لە پالەوانەکانی دیلەکانی بابلی.

پ١٠٩: بنچینەی ماسۆنی چییە؟

وەڵام: بنچینەی ماسۆنی کۆمەڵەی هێزی شاراوەیە کە هیرۆدس پاشای دووەم دایمەزراند ساڵی ٤٣ی زاینی.

****

پ١١٠: کەی ئەنجومەنی گەورە دامەزرا لەبەریتانیا؟

وەڵام: ساڵی ١٧١٧ زایینی.

****

پ١١١: هێمای یەهوذا واتای چی ئەگەیەنێت لای ماسۆن؟

وەڵام: واتا مامۆستای گەورە.

****

پ١١٢: ژمارەی دامەزرێنەری هێزی نهێنی چەندبوو ساڵی ٤٣ زاینی؟

وەڵام: نۆ پیاو بوون.

****

پ١١٣: کێ بوو یارگری کۆمەڵەی هێزی شاراوە لەدامەزراندنیدا؟

وەلآم: موناب لامی.

****

پ١١٤: کێ یەکەم کەس بوو ماسۆنی هێنایە عێراقەوە؟

وەلآم: یوسف الحاج.

****

پ١١٥: کەی ماسۆنی دەرکەوت لە میسر؟

وەلآم: سالّی ١٧٩٨ زاینی.

****

پ١١٦: کێ بەرپرسی یەکەمی ماسۆنی بوو لە میسر سالّی ١٨٧٣؟

وەلآم: ئیسماعیل خدیوی پاشای میسر.

****

پ١١٧: کێ دامەزرێنەری ئەنجومەنی ئیزیس بوو لەمیسر سالّی ١٧٩٨؟

وەلآم : جەنەرالّی فەرەنسی کلیبەر.

****

پ١١٨: کەی ئەنجومەنی ماسۆنی هەلّوەشێنرایەوە لە میسر؟

وەلآم: سالّی ١٩٦٤.

پ١١٩: کێ دامەزرێنەری ڕێکخراوی ڕیفۆرمی ماسۆنییە؟

وەڵام: مارتن لوثر.

****

پ١٢٠: کەی فەرمانی پاپۆی دەرچوو لەئەنجومەنی باڵای پیرۆز لەڤاتیکان کەماسۆنی و ڕۆتاری ئیدانە ئەکات؟

وەڵام: ساڵی ١٩٥٠.

****

پ١٢١: کێ یەکەم کەس بوو هەستا بەدامەزراندنی ئەنجومەنی ماسۆنی لە شاری فلورەنسا بە ئاشکرا و بەفەرمی ساڵی ١٧٣٣؟

وەڵام: شازادە مید میلنجەر.

****

پ١٢٢: کام مانگ مانگی غەمناکییە لای جولەکە و ماسۆن؟

وەڵام: مانگی ئاب وەهۆیەکەشی ئەوەیە لەو مانگەدابوو کە بەسەرکردایتی تیتس ی کوری پاشای ڕۆمانی هەیکەلی قودسیی تێکدا.

****

پ١٢٣: کێ دامەزرێنەری ماسۆنی نوێیە؟

وەڵام: ئادەم وایز هاوپت، وە هەروەها دامەزرێنەری کۆمەڵەی نورانیەکانە هەروەك

باسمانکرد لە ئەڵمانیا (بافاریا)،

****

پ١٢٤: جەژنی ساڵانەی ماسۆنی چییە؟

وەڵام: جەژنی ساڵانەیان لە ٢٤ی حوزەیرانە کەئەکەوێتە ڕێەوتی جەژنی ماریۆ حەنا، کە جەژنی دامەزراندنی ماسۆنیە کەلە ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٧١٧ دامەزرا.

****

پ١٢٥: ناوی یەکەم ئەنجومەنی ماسۆنی چی بوو لەلەندەن ساڵی ١٧١٧؟

وەڵام: ئەنجومەنی ئۆرشەلیم.

****

پ١٢٦: ماسۆنی گەلی عرەب و گەلانیتر جگە لە جولەکە بەچی ناویان ئەبات؟

وەڵام: جگە لە جولەکە گەلانیتر بە ((ڕان)) ناودەبات وە عەرەبیش بە ((گورگ)) ناودەبات.

****

پ١٢٧: بەرزترین ئامانجی ماسۆنی لەدوای دەسبەسەراگرتنی بەسەر جیهاندا چییە؟

وەڵام: بەرترین ئامانجی لابردنی بیرو باوەڕی ئاینیە لەناو گەلاندا وە ناچارکردنیان بۆ شوێن کەوتنی مەسیحی دەجالی چاوەڕوانکراو کە بانگەشەی خودایی ئەکات، وەئەوان گەلان ڕادێنن بۆ پەرستنی دەجال.

پ١٢٨: ئەوسزایە چییە کەماسۆن دەریئەکات بۆسەر ماسۆنێك کەلە بڕیارەکانیان دەربچێت؟

وەڵام: مردن.

****

پ١٢٩: کەی کۆمەڵی هێزی نهێنی ماسۆنی دامەزرا؟

وەڵام: لە ٢٦ی حوزەیرانی ساڵی٤٢ زاینی.

****

پ١٣٠: بۆچی ئەوانەی داوای بەرزبوونەوەی پلە ئەکەن بۆپلەی باڵا لە ناو ماسۆنی پێڵاوەکانیان دائەکەنن لە ژووری بەڵێن نامەی پاشایەتی؟

وەڵام: هاوشێوەکردنی پێغەمبەر مووسا سەلامی خوای لێبێت کاتێك کەخودا فەرمانی پێدا کە نەعلەکانی داکەنێت لە (وادی المقدس) وەماسۆنی جولەکە مەسیحی دەجال ئەپەرستن، وە ژووری پەیمانی پاشایەتی وەك وادی المقدس دائەنێن.

****

پ١٣١: واتای هێمای ((جاکی)) چییە لای ماسۆن؟

وەڵام: واتای مامۆستا.

****

پ١٣٢: شێوەی بڕواو هێمای ماسۆنی چین؟

وەڵام: ماسۆنی جولەکە هێماو بیروو باوەڕەکانیان لە ئاینی فیرعەونیێ کۆنەوە وەرگرتووە وەگرنگترین ئەو هێمایانە چاوی حورسە کەئەمەش چاوی دەجالە.

****

پ١٣٣: بەشەکانی ماسۆنی جیهانی چین؟

وەڵام: ماسۆنی جیهانی سێ بەش یان سێ کۆمەڵن وەئەوانەش: ماسۆنی گشتی، ماسۆنی پاشایەتی، ماسۆنی گەردوونی.

****

پ١٣٤: کەی کۆیلە کردنی بابلی دەستی پێکرد؟

وەڵام: لەدوای شاکاندنی جولکەو وێرانکردنی وولاتەکەیان بەدەستی پاشای بابلی((نەبوخوز نەسر)) وەبردیانی بۆ بابل ساڵی ٥٨٦ی پێش زاینی.

****

پ١٣٥: نازناوی ئەندام چیە لە ماسۆنیدا؟

وەڵام: هاوڕێ یان برا.

****

پ١٣٦: کەی پاشا هێردووسی دووەم دامەزرێنەری هێزی نهێنی مرد؟

وەڵام: ساڵی ٤٤ زاینی.

پ١٢٧: ئەی کۆمەڵەی ماسۆنی بەچی ناونەبرێت لای ماسۆنی؟

وەڵام: بەنی ئەونزێت هێز.

****

پ١٢٨: کێ یەکەم سەرۆکی هەیکەلی ماسۆنی بوو لە ئۆرشەلیم دوای دامەزراندنی هێزی نهێنی؟

وەڵام: حیرام ئابیود.

****

پ١٢٩: حیرام ئابیود لەکوێ کوژرا؟

وەڵام: لە شاری سیدون لە لوبنان.

****

پ١٣٠: شێوەی ڕێکخستنی ماسۆنی لەڕوی ئەندازەییەوە چۆنە؟

وەڵام: شێوەیەکی هەرەمی یە.

****

پ١٣١: کێ فەرمانیدا بە وێنەکێشانی ئەستێرە وە دانانی لە سنگی هەیکەلی هێزی نهێنی؟

وەڵام: حیرام ئابیود.

"سوپاس بۆخودای گشت جیهان"

کۆتایی

سوپاسی بێپایانم بۆ بەڕێزان:

- مامۆستا موحەممەد محێدین کە پێداچوونەوەی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ.
- مامۆستا هیوا ڕەفعەت کە ئەرکی ئەخشەسازیی بەرگی گرتە ئەستۆ.

نهێنی و ڕاستییەکانی

ماسۆنیەت

لە پرسیار و وەڵامدا

نووسینی: منصور عبدالحکیم
وەرگێڕانی: ئەمین پەروێزی

- ماسۆنی لە کۆنترین ڕێکخراوە نهێنییەکانە لە جیهان کە نهێنی دەورەی داوە، و ئەمەش جیهانی نهێنی و پیلانە جیهانییەکانە بە تێپەربوونی مێژوو، کۆن و نوێ، واتای وشەی ماسۆنی: بیناسازە ئازادیخوازەکان (Free masons).

ئەمەش بریتییە لە ڕێکخراوێکی برایەتی جیهانی کە بەنهێنی و ناڕوونی وەسف ئەکرێت، بەتایبەتی لە هێماکانی لە سەرەتاکانی دامەزراندنییەوە کە وایلێکرد ببێتە شوێنی زۆربەی هەواڵەکان، لەبەر ئەمەش هەندێك ماسۆنی تاوانبار ئەکەن کە دژایەتی ئایین ئەکەن و لەپشت جەنگە جیهانی و شۆڕشە جیهانییەکانەوەن وەك شۆڕشی فەرەنسی و ڕوسی و ئینگلیز و شۆڕشەکانی تر کە ڕێڕەوەکانی مێژوویان گۆڕی...

هەروەها ڕێکخراوێکی ڕامیاری و ئابووری بەهێزە، و ئامانجەسەرەکی دەستبەسەراگرتنی جیهانە لە ڕێی زاڵبوونی بەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئابووریی جیهانی و ئاڵۆزی ئانەوە لە ڕیزەکانی کەنیسەی کاسۆلیکی و دەربارەی کاسۆلیکی نوێ ئەوا هۆزەکانی وەك هۆزی (شهود یهوه) کە هۆزێکی مەسیحییە و هۆزی (مۆرمۆن)ی مەسیحی و باڵە ڕامیارییەکان وەك شیوعی و سۆشیالستی و شۆڕشی فەرەنسی و بزوتنەوەی مستەفا کەمال ئەتاتورك ئەو باڵانە هەمووی لە ماسۆنی لقی لێبووەتەوە. بابەتی باڵەکان کە ڕێگە ئەدات بە کرداری نادروستی ڕەگەزی لە نێوان گەورەکانی ناو کەنیسە دروستکراوی ماسۆنییە..

لەسەر شێوازی ماسۆنی و دامەزراندنی و گرنگترین هێماکانی و مەرجەکانی بەئەندامبوون و پەیوەندیکردن پێیانەوە ئاهەنگی تەرخانکردن و بەرزکردنەوەیان لە ٣٣ پلەکەیاندا هەروەها دەستووری ماسۆنی ئەخوێنیتەوە کە لە ساڵی ١٧٢٣ زایینی، جیمس ئەندرسۆن نووسیویەتی.

دەربارەی کەسایەتییە گرنگەکانی ماسۆنی لە جیهانی عەرەبی و جیهانی ڕۆژئاوای کۆن و نوێ ئەخوێنیتەوە، وەك: ئەبی عەلائی مەعەری و شازادە عەبدول قادری جەزائیری و جەمالەدینی ئەفغانی و قوتابییەکەی موحەممەد عەبدە و سەعد زەغلول و موحەممەد ڕەزا پەهلەوی و کەمال ئەتاتورك و کەسانی دی، ئەخوێنیتەوە.

مێژووی ماسۆنی لە میسرو وڵاتانی عەرەبی و چۆن دامەزران و کەی هەڵوەشانەوە، هەروەها لقەکان و برایانی ماسۆنی ئەخوێنیتەوە وەك ڕۆتاری و لیونز، و تاوانی پەیوەندیکردن بەم ڕێکخراوانەوە لە ڕووی ئایینی ئیسلامەوە.

زۆر لە زانیاریی گرنگت دەست ئەکەوێت دەربارەی ماسۆنی لەم پەرتووکە، لە نووسەرێکی بەتوانا لەم بوارەدا.